چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (۲۱) دووشەممە ۲۰۰۵/۳/۲۸

بکوژانی (۱۲) پۆلیسەکەی خانەقین.. گیران

□ هاوینی پار، بەپیلانی دوژمنکارانەی نەخشە بۆکێشراو، (۱۲) پۆلیسی لاوی کورد لەخانەقیندا، کوژران. ئەم ڕووداوە سەرانسەری کوردستانی هەژاند. لەوساوە، دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و ڕێکخستنەکانی خانەقین، سەرقاڵی دۆزینەوەی یەکە یەکەی تاوانبارانن. سەرەنجام، بە بەرنامەیەکی هاوبەشی پۆلیسی خانەقین و پۆلیسە باشەکانی بەعقوبە کە دۆستی کوردن و لەگەڵ پۆلیسی خانەقینیشدا هاوکارن، بەهەموو لایەکیان توانییان پیلان و پیلانگێران ئاشکرابکەن. کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
یەکەم: کۆنە بەعسیەک و تیرۆریستێکی ئیسلامی خەڵکی خانەقین بەناوی (ئاراس سەعید و ئەیاد برایم خورشید) نەخشەکێشی ڕاستەقینەی تاوانەکەن و خەڵکی خانەقینیش.
دووەم: یەکێکیان بەناوی (ئوسامە) کوژراوە.
سێهەم: دووکەسی دیکەشیان گیراوە.
چوارەم: سەرجەم هەشت کەس بوون.
سێیان گیراوون. یەکیان کوژراوە.
باقیەکەیان هەڵهاتوون.■

- مەترسیەکانی سەر چارەنوسمان ماون
- بکوژانی پۆلە شەهیدەکەی خانەقین گیران

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (۲)
۱- کەرکوک و کاردانەوەی هاوبەشی.. (مەلا بەختیار)
۲- میسرو هەنگاوێک بەرەو ڕیفۆرمی.. (کامیل مەحمود)
۳- دەیانپات بوونەوەی کۆنگرەی عەرەب (سەرکەوت عەبدوڵڵا)

ڕۆڵ و پێگەی کوردەکان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێرانی ئیسلامیدا
کاروان کوردستانی
کوردستان سەرانسەر - ل (۵)

فەرید ئەسەسەرد و زەمینەو گرفتەکانی بەردەم دیموکراسی
ڕەخنەو دیالۆگ - ل (۸-۹)

ئیسلامی‌ساسی لەقۆناغی دیالۆگدا
بابەکر دڕەیی
تەعریب و ئیسلامگەرا - ل (۱۲)

هەواڵ و مەترسی

□ **تاقمی موقتەداو کوردستانیەتی کەرکوک**
بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەکەون، دوای هەڵبژاردن و سەرکەوتنی کورد لەکورکدا، جەبهەی تورکمانی و تاقمەکەی موقتەدا سەدر، زۆرتر لەیەک نزیک کەوتونەتەوەو هەردوولاشیان، زۆربەی قسەوباسەکانیان لەسەر دوژمنایەتی کردنی بەرنامەو بڕیاری کوردستانیەتی کەرکوک و تێکدانی مادەی (۵۸)ە، لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقدا. بڕیاریشیان داوە لەمەودوا جموجوڵی هاوبەشیان ناوبەناو دژی فیدراڵ و مادەیی (۵۸) لەکەرکوک و دەوروبەریدا هەبێ.■

□ **سوریا.. لە نەورۆزدا (٤٠) کورد دەگرێت**
سێ شەممەی ڕابردوو، حکومەتی سوریا، بۆ پێشگرتن لەگێڕانی جەژنێکی پڕ شکۆی نەورۆز لەکوردستانی سوریادا (٤٠) کوردی چالاکی دەستگیر کردووە. لەوانە (۷)یان کچن و خەڵکی حەڵەبن. لەلایەکی دیکەوە، (ئەنوەر بوونی) کە پارێزەرێکی کوردی چالاکە لەبەرگری لێکردنی مافی مرۆڤ، داوای لەدەسەڵاتداران کرد کە لێکۆڵینەوەی فراوان لەسەر ڕووداوەکانی حەڵەب و قامیشلۆی پاربکەن کە تیایدا دەیان کورد بوونە قوربانی شۆڤێنیەتی عەرەبی تەعریبەکانی کوردستانی سوریا.

□ **(۳) ئەنسار الاسلام دەیانویست عەلاوی تیرۆربکەن**
لەشاری شتوتگاردی ئەڵمانیا، سێ تیرۆریستی (ئەنسار الاسلام) بەتۆمەتی تیرۆرکردنی (دکتۆر ئەیاد عەلاوی)، ماوە تەواوبووی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستگیرکراون و، بڕیاریشە لەسەر تۆمەتی هەوڵی جێبەجێکردنی تیرۆرکردنی عەلاوی لە دیسەمبەری ساڵی پاردا کەسەردانی ئەڵمانیای کردبوو دادگایی بکرێن، شایانی باسیشە پار تۆڕێکی تیرۆریستی لە سویدو ئەڵمانیاو ڕۆژئاوا گیران کە هاوکاری ئەلقاعیدە بوون.■

(p.k.k) ئامادەن چەک دابنێن

□ بەپێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، هێزەکانی (p.k.k) لەناو بازنەیەکی سیاسی - عەسکەری داخراودان. سەرەنجامی لێکدانەوەی دۆخی خۆیان، گەیشتونەتە ئەو باوەڕە کە بەم شێوەیە سەرناکەوون و خەباتی چەکداریش لەم سەردەمەدا ناتوانێ ئامانجە ستراتیژیەکانیان بەدی بهێنێ. بۆیە، ئێستا گەیشتونەتە ئەو باوەڕە کە ئەگەر ئەمریکا گفتوگۆیان لەگەڵ بکاو دەستەبەریان بداتێ وەکو هێزێکی سیاسی ڕەسمی لەتورکیادا هەڵبسوڕێن، تەنانەت ئامادەن دەست لەخەباتی چەکداریش هەڵبگرن. بەڵام کێشەی گەورەیان ئەوەیە نە تورکیا لەچەکدارەکانیان دەبورێ و نەلێبوردنی گشتییان بۆ دەردەکاو نەئەمریکاش ئامادەیە هەتا ئێستا، وەکو هێزێکی سیاسی گفتوگۆی ڕەسمییان لەگەڵدا ئەنجام بدا.
لەلایەکی دیکەشەوە، سەرکردایەتی (p.k.k) پێیان وایە ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەسەر سەرۆکی حزبەکەیان (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بڵاودەکرێتەوە، بەشی زۆری دروستکراوی دەزگای میتی تورکیا.■

قەزافی دەدرێتە دادگا

□ وا چاوەڕوان دەکرێت لەم مانگەدا، یان مانگی ئایندە، (عەقید موعەمەر قەزافی) سەرۆکی لیبیا، لەسەر تۆمەت و سەرنگونکردنی (ئیمام موسا سەدر) ساڵی ۱۹۷۸و پیلانگێران دژی تیرۆرکردنی میر عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیزی جێنشینی سعودیە، بدرێتە دادگا.
لەسعودیە (۱۳) تاوانبار لەسەر پیلانەکە لەسەر میری ناوبراو دەستگیرکراوون. (۸) سعودی و (۵) لیبین. گرنگترینیان عەقیدێکی ئیستیخباراتی لیبیایە بەناوی (موحەمەد ئیسماعیل)ەوە.
ئەمە جگەلەوەی (عەبدولڕەحمان عەموودی) لەئەمریکادا گیراوەو دانی بەوەشدا ناوە کە لەناو تۆڕی پیلانەکەدایە، پارەیەکی زۆریشی پێگیراوە. هەروەها بەوانەش پارەگیراوە کەلە سعودیە دەستگیرکراوون.■

تورکیا.. ڕەنگە بخرێتە خانەی دۆستایەتی وڵاتانی تیرۆریستی و یەکێتی ئۆروپاش لەدەست بدا

ڕۆژنامەی (السفیر) ۲۰۰۵/۳/۹

□ تورکیا.. لەسەر ئەو سیاسەتە هەڵەیەی لە سوریاو لوبنان و لەبەرامبەر ئێراندا، گرتویەتیە بەر، کەوتۆتە بەر فشاری ئەمریکاو ئۆروپا. هەواڵنێری ڕۆژنامەی (میللیەتی تورکی لە واشینتۆنەوە، لەزاری بەرپرسێکی ئەمریکاوە، باسی گاڵتە پێکردنی ئاخاوتنی (عبداللە گول) دەکاو گوتویەتی: ئەنقەرە لە دیمەشق و حیزب اللە نزیکەو مەترسی ئەوەش هەیە تورکیا بخرێتە ڕیزی ئێران و سوریاو سۆدان. نوسەری بەناوبانگی تورکیاش (محەمەد ئالتان) گوتویەتی: تورکیا قومار بە ڕۆڵ و ئامادەگی خۆیەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاو تەنها تورکیاو سوریاو ئێران لە کۆنگرەی (لەندن)دا بانگهێشت نەکران کە (۲۵) دەوڵەت ئامادەی بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین. چاودێران دەڵێن: حاڵ وا بروا ڕەنگە تورکیا نەک ڕۆژهەڵات، بەڵکو یەکێتی ئۆروپاش لەدەست بدا.■

(جیش انصار السنە) و (قاعدە الجهاد)، لەهەڵبژاردنی تاڵەبانی زۆر نیگەرانن

□ لەو ماوەیەدا، (جیش انصار السنە)و (قاعدە الجهاد فی بلاد الرافدین) گورزی کوشندەیان بەرکەوتووەو تیرۆریستێکی زۆریان گیراوەوکوژراوە.
ئێستا.. نەخشەیان هەیە لەکوردستانیشدا تیرۆر ئەنجام بدەن و دەشیانەوێ لەرێگەی عەرەبانەی دەستگێڕەوە، یان تراکتۆری نەوت فرۆشتنەوە، یان هەر کەرەسەیەکی گونجاوی تر، تەقینەوە ئەنجام بدەن..لەوساشەوە (مام جەلال) کاندیدی سەرۆک کۆماری عێراقە، زۆر نیگەرانن و پێیان وایە (تاڵەبانی) (کەسایەتیەکی بەئەزموون و زۆر بەتوانایە لەهەموو بوارەکان، بەتایبەتی لەبواری سەرکوتکردنی تیرۆریستان و شەڕەوە). زۆرجاریش بیر لەوە دەکەنەوە کەسانی سەربەخۆیان بخزێننە ناو ئەو حیمایانەی بەرپرسانی حیزبەکان، لەکاتی سەردانیان بۆکۆبونەوەکان و لەگەرمەی پێشوازیکردندا، هەتا بتوانن بەرامبەر (تاڵەبانی) خۆیان بتەقێننەوە.■

کۆمەڵی ئیسلامی.. هەست بەسەرکەوتن، مقۆمقۆی هەڵبژاردنی میر

□ کۆمەڵی ئیسلامی.. دوای هەڵبژاردنەکان و ئەو ئەنجامە باشەی هێنایان، باری ئاڵۆزی ناوخۆییان ئاسودەتر بووەو متمانەی زیاتریان بەخۆیان پەیداکردووە. کێشەی گەورەیان گیرانی (میر)ی کۆمەڵە. بۆ ئەم مەبەستەش، پێشنیازی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییان (کۆنەبزوتنەوەی ڕاپەڕین) بۆ هەڵبژاردنەوەی (میر) لەلایەن (مەلا سەلمان هەولێری)یەوە بەهەڕەشە پاشەکشە بەو پێشنیازە کراوە.
لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵی ئیسلامی، ئەوەی کە زۆر نیگەرانی کردوون مەسەلەی شەریعەتی ئیسلامە. ئەمان لەناوخۆیاندا سوورن لەسەرئەوەی هەموو سەرچاوەکانی یاسا بکرێتە شەریعەتی ئیسلام، دەشزانن ئەمە ناچێتەسەر. ناشیانەوێ لەسەر ئەم مەسەلە عەقیدەییەش کێشە سیاسیەکانیان لێبئاڵۆزێ. بەتایبەتی دەزانن لەپەرلەمانی کوردستانداو لەئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ئەوان و یەکگرتووی ئیسلامیش، پێکەوە لاوازن.■

بزوتنەوەی ئیسلامی.. پروپاگەندەکردن، چارەسەری کێشەو پێشوازیکردنیان لەئێران

□ بزوتنەوەی ئیسلامی، دوای ڕۆیشتنی وەفدێکیان بۆ دەرەوەی وڵات و بەستنەوەی پەیوەندیان بەسعودیەو لایەنی دیکە، بەتایبەتی لەئێراندا پێشوازی گەرمیان لەلایەن بەرپرسانی دەزگا ئەمنیەکانەوە لێکراوە، هەتاڕادەیەک کاریگەری لەسەر بشێوی ڕیزەکانیان بەچاکە داناوەو ناکۆکیەکانیان خاوبۆتەوە. بۆیە، ماوەیەکە، لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە کەوتونەتە پروپاگەندەی فراوان بۆگێڕانەوەی سەنگی بزوتنەوەو هەیبەتی ڕابەری گشتییان. بەتایبەتی دەستکەوتی (مادی)یشیان لەوسەردانانەدا هەبووەو ڕیزەکانی خۆیان کەمێک ڕازیکردووە. هەربۆیە لەئاستی عێراقیشدا، لەگەڵ حیزبی ئیسلامی عێراقیدا، خۆیان زیاتر نزیک خستۆتەوەو پروپاگەندەیان بۆدەکەن.■

پێکهاتەیەکی هەڵە، ئاراستەیەکی هەڵە

□ ئاڵوگۆڕەکانی چارەکە سەدەی ڕابردوو، بەردەوام دیاردەی سیاسی پێچەوانەی پرۆسەی دیموکراسی سەرانسەری ناوچەکەی لێ کەوتۆتەوە. سەرکەوتنی ستراتیژیەتی شیعە لە ئێراندا، جەنگی عێراق - ئێران، جەنگی کوەیت - عێراق، سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئیسلامی و پاشان تاڵیبان لە ئەفغانستان.. تاد، ئەم ڕووداوە سیاسی و مەزهەبییانە، لەنەبوونی پێشینەیەکی دیموکراسی لە سەرانسەری ئەو ڕووبەرەی پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، کاریگەریەکی قوڵی لەسەر کۆمەڵی وڵاتانی ناوچەکە دانا. بەتایبەت ئەم ڕووداوانە هاو زەمانی ڕووخانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات سەریان هەڵهێنا کە ئەمەش هەم بۆ دیموکراسی و هەم بۆ بزووتنەوەی چەپیش زیانی زۆر هەبوو. ئەو کاریگەرییە تەنانەت پێچەوانەی ڕەوتی سەدەیک لەمەوبەری بزووتنەوەی سیاسی نیشتمانی چینایەتی ئەو ناوچانەش بوو.
ئەو ڕووداوانە، یەکێک لە کاریگەرییە هەرە زیانبەخشەکانی، بوژانەوەی ئەندێشەی ئایینی و مەزهەبی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، کەلە بنەچەدا تەواوی هێزە سیاسی و چەپەکانی سەدەی ڕابردوو، کەم تەرخەم بوون لە دژایەتی کردنی وەکو یەکێک لە ئەرکە هەرە چارەنووسسازەکانی دیموکراسی و چەپیش. ئەوەتا سەرەنجامەکەشی دەبینین، کە چۆن چۆنی سەلەفییەتی چەشناوچەشن، لە توندڕەویانەوە، بۆ نەرم ڕەویان، سەری دوژمنایەتی دیموکراسییان بەرز کردۆتەوە. هەر لایەشیان بەجۆرێک کەوتۆتە دژایەتی ئازادی و سکۆلاریزم، توندڕەوەکانیان، جەستەو ئەقڵی ئازادی تیرۆر دەکەن، نەرم ڕەوەکانیشیان ئەقڵ تیرۆر دەکەن و جەستەش دەکەنە کۆیلەی کۆیلایەتی خۆیان.
لەژێر کاریگەری ئەو ڕووداوانەی پێچەوانەی دیموکراسی چارەکە سەدەی ڕابردوودا، ئەفغانستان، پاکستان، هندستان، لوبنان، فەلەستین، جەزائیر، هەروا وڵاتانی ئاسیای مەرکەزی (تورکمانستان، قرغیزستان، شیشان) جگەلە وڵاتانی دیکەی عەرەبی، بەتایبەت عێراق، تێکڕا پێکهاتەو ئاراستەی سیاسیان لە هەڵەوە بۆ هەڵە گۆڕاوە. هەموو ئەو وڵاتانە گەر لەگەڵ چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاو هەشتاکانیش بەراوورد بکرێن، دەردەکەوێت هەڵەکان چۆن لەدەهەکانی ڕابردوودا کراون و سەرەنجامیش ئاراستە سیاسییەکانیش چەند بەرەو هەڵەو هەڵدێر پاڵیان پێوە نراوە. لێرەدا تەنها نمونەی عێراق تاووتوێ دەکەین.
عێراق.. هەتا ناوەڕاستی هەشتاکانیش، لەمەیدانی سیاسەتدا پێوانەکانی بەکارهاتووی بەزۆری لەسەر بنچینەی نیشتمانی و چینایەتی و کوردایەتی بەکار دەهاتوو بەس. کەچی کەمتەرخەمیەکانی تەواوی هێزە سیاسییەکانی سەدەی ڕابردوو بەرامبەر ئیسلامگەراو هەژموونی مەزهەب، وایان کرد کاریگەرییەکانی سیاسی دەوروبەر لەچارەکە سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەت هی ئێران و ئەفغانستان، وایان کرد عێراق و کوردستانیش وردە وردە بەجۆرێکی دیکە هێزەکانی ڕیزبەند بکرێنەوە.
هێزە ئیسلامگەراکانی پەراوێزی ڕووداوەکانیش کە هیچ جۆرە بەشدارییەکی خەبات و قوربانییان نەبوو، بەناوی جۆراوجۆرەوە، شیعەگەرا، سوننیگەرا، مەسیحی گەرا، خەریکە تەریقەتەکانیش دەبوژێننەوە. ئاکام وای لێهات کە نەخشەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی سەیرو سەمەرە سەریان هەڵدا. عەرەب، کورد، شیعە، سوننە، تورکمان چێتیش دەبینرێت. ئەمما جگەلە فەیلی گەرایی ئەو پێکهێنراوانە، یان ئەو دروستکراوانەی سیاسەتی ناوخۆیی و ناوچەیی پەسەندکران. لەدوای ڕاپەرینی (۱۹۹۱)یشەوە چەسپێندران، پاش ڕووخانی سەدامیش خرانە چوارچێوەی یاسایی و حوکمڕانیشەوە. ئیدی کارەساتەکە لێرە بەدواوە کرایە پرۆسیسی بونیاتنانەوەو لەسەرئەو پێکهاتانەیش عێراق بونیاتدەنرێتەوە، ئەم پێکهاتنەوە هەڵەیە کە ئاراستەی هەڵەشی لێکەوتۆتەوە، سەیرەکە لەوەدایە هەموویان باسی دیموکراسیش دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەدیموکراسی زۆر کاریگەرە، کەچی بەناچاریش نابێ هیچ مافێکی دیموکراسی نەسەلمێنن. شیعەگەرا بیانزانیبا زۆرینەی دەنگی شیعە ناهێنن، هەروەکو سوننەیان دەکرد، سوننەش کە دەزانن بەشداری نەکردنیان لەسەنگی سیاسی خستۆتە ناو ئەو دۆخەی بەهەڵە پێکهاتەکەی بەتایفەو مەزهەب خولقێندراوە، دەستێوەردانی عەرەبیش ڕەچاو دەکا لەبەرژەوەندییان. هاتونەتەوە مەیدان و پێش دادەگرن لەسەر داخوازی و پۆستی گەورەش. هەلپەرستانیش لەم نێوەندەدا سەربزێوی دەکەن.. ئەم ڕاستیانە دەریدەخەن کەوا هێشتا کێشمەکێشی زۆرتر بەڕێوەیە، بەتایبەتی بەرامبەر داخوازیەکانی گەلی کوردستان، کە داخوازی بنچینەیی دیموکراتین. دوور نییە ئێستا یان لەئایندەیەکی نزیکدا، ئەگەر کورد وریاتر نەبێ، یەکگرتوو نەبێ، سورتر نەبێ لەسەر مافەکانی، هەروا لەسەر ئەو پۆستانەی بۆ چەسپاندنی مافەکانی لەدەستوورو لەبودجەو لەدوورخستنەوەی مەترسیەکان لەسەر چارەنوسی، هەنگینێ بەدووری نازانین زۆربەی هێزە مەزهەبیەکان لەگەڵیانیشدا هەژمونگەری ئیقلیمیش کاسەی کێشەکانیان بەسەر کوردستاندا بشکێننەوە، ئەگەر لەم هەلومەرجەشدا بۆ پۆستەکان و بنچینەکانی دەستوورو کەرکوک و ناوچەکانی تەعریبکراویش کاسەکەمان بەسەردا بشکێنن، هەڵبەتە چەشنە دەبن و سەرەتای هاوکێشەیەکی مەترسیداریش، پێچەوانەی ماف و خواست و خەونەکانمان، دەست پێدەکات.■

ÇAWDÊR

Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (21) 28-3-2005
THE OBSERVER

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە نوری؛ ئیبراهیم حسێن

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com
سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ - ٣١٢٧١٢٠
نرخی: (۲٥٠) دینارە

ئابووری شەشەم
شەریک شعور

نەکەوی

لەم بەهارە پڕ عوتڵەیەدا ئەوەڵین ئیحتیمال بۆ لێکدانەوەی مانشێتەکەی ئەمجارەمان ئەڵێ ئەم نەکەوییە گۆرانییە زەوقنەکەی کابرایە، کە بەدەم شان هەڵتەکاندنەوە ئەفەرموێ هەی کەوی عەمرم کەوی سوک بڕۆ با نەکەوی. شارەزاکانی بواری پەروەردەو خوێندنی باڵاش ئەڵێن ڕەنگبێ ئەمە نەسیحەتی دایکێکی ترسنۆک بێت بۆ کوڕە تەلەبەکەی و بڵێ بەقوربانی ئەو چاوانەت بم دوای ئەو مانگرتن و شتانە نەکەوی با لە دەرس و دەورەکانتا نەکەوی. لەوانەشە وریاکردنەوەی زەلامێکی دنیادیدە بێت و بە پیاوەتی بە ناسیاوێکی خۆی بڵێ کوڕی خۆم ئەوەندە بەرز مەفڕە با نەکەویت و ملت بشکێ. خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی وەزارەتەکانی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوەشەوە لەم مانشێتە بڕوانین ئەڵێین هەبێ و نەبێ ئەمە ئامۆژگاری لۆرییەکی سکانیایەو عەرزی ئۆپلێکی دوای خۆی ئەکات کە ئاگات لە خۆت بێ با نەکەویتە چاڵێکەوە. ئیحتیمالیش زۆرە زمانحاڵی فەرهاد بێ و ئاراستەی برا بچکۆڵەکەی بکات و بڵێ دەستم بە دامێنت وریای خۆت بە نەکەویتە داوی عیشقی هیچ شیرین و لەیلاو زلێخایەکەوە. بە دووریشی مەزانن ئەم نەکەوییە پاڕانەوە بێت. پاڕانەوەی باوکێک لە کوڕەکەی و بڵێ ڕۆڵە لە ڕاهی خوا بۆ مەنیفێست کرین ئەوەندە مەچۆرە بەغا با نەکەویتە کەمینی تیرۆریستەکانەوە. ڕێشی تێئەچێت بەیاننامەی کۆمەڵەی سەیرانبازانی کوردستان بێت و بە ئەندامە هەرزەکارەکەی بڵێت لەسەر سەقفی کۆستەر هەڵمەپەڕە با نەکەوی. ئەخیر ئیحتیمالیش ئەوەیە ئیشارەتی هەڤاڵێک بێ بۆ هەڤاڵێکی متمانە پێکراوی خۆی و بڵێ برای باش ئەوەندە لەگەڵ فلانیا مەگەڕێ با نەکەویتە تەکەتولەکەیانەوەو دانیشن بەخێر.■

ئەحمەد زەکی.. ماڵئاوا

□ نیوەڕۆی دوێنێ هونەرمەندی گەورەی میسری (ئەحمەد زەکی) لەدوای گێرمەو کێشەی نەخۆشی شێرپەنجە، لەنەخۆشخانەی (دار الفواد) لەقاهیرە، ماڵئاوایی کردو گیانی بەخاک سپارد.

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو، ماوەیەک لەمەوبەر لە فیلمێکدا بەناوی (حلیم) ڕۆڵی کەسایەتی گۆرانیبێژی میسری (عەبدولحەلیم حافز)ی دەبینی و ٪۸٠ی تەواو کردبوو، هەربۆیە وەسیەتی کردبوو کەچۆن دەیخەنە ناو تابوتەکەو لەنەخۆشخانەکە دەیبەنە دەرێ، وێنەی بگیرێ. دیارە ئەمەش پراوپڕی ژیانی (عەبدولحەلیم حافز)ە.
پێش ئەوەی بمرێ بە دوو مانگ ئەوکۆمپانیایەی کە فیلمەکەی لەئەستۆ گرتبوو، لەسەر شەرەفی ئەو ئاهەنگێکی گەورەی سازدابوو. شایەنی باسە ئەحمەد زەکی خاوەنی چەندین فیلم و شانۆنامەی مێژوویی کە ڕۆڵی سەرەکی و پاڵەوانی پێدرابوو. هەروەها یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ڕاستەوخۆ وەک کەسایەتییەکە ڕۆڵی بینیوەو بێ ئەوەی هیچ خۆی تێک بدات. هەروەها لەمێژووی میسریشدا توانیویەتی کەسایەتی جەمال عەبدولناسرو ئەنوەر سادات وەک خۆی بەنەمری بهێڵێتەوە.■

ئا: هاوبیر

جوانیەکانی مەرگ

خوێندنەوەی حەمە هاشم

□ ڕەنگیێکی زەیتونی تۆخ، کەوا پێدەچێت خزمایەتی لەگەڵ سەوزەدا هەبێ، بەشێوەیەکی فلات، زۆربەی پانتایی فۆرمەکەمان بۆ دادەپۆشێ و چەند هێڵ و ڕەنگێکی دیکە گەمارۆی دەدەن، ئەم بەرهەمە هونەرییەی شێوەکار (نەرمین مستەفا) لەو پانتاییە (بەرینا)نەوە سەرنجمان پەلکێش دەکات و ڕامان دەهێنێ لەسەر بینینی، ئاستە جیاوازەکانی ڕەنگ، ئەم بەرهەمە کە بەرواڵەت کارێکی ئەبستراکتییە، پێکهاتەیەکە لەهێڵ و ڕەنگ و بۆشایی، کە لەنێوانیاندا، بۆشایی باڵادەستییەکی فراوانی بۆ خۆی خەملاندووە... جگە لەوەی کە لە تەکنیکەکەیدا هەندێ کەرەستەی وەکو کاغەز بەکارهاتووە و لکێنراوە بەفۆرمەکەوە، بۆئەوەی بەها تەکنیکەیمان بۆ دەربکەوێت وەک کایەیەکی ئیستاتیکی، ئەو ڕەنگە کایی و ڕەش و نیمچە سەوزانەی کە پێکهاتەی کوتلەیەکمان نیشان دەدەن لەسەرەوە مایەی تێڕوانین و نزیکبوونەوەیە، لەشێوە دەربڕین خوازەکان دەربڕینی کۆمەڵێ نیگەرانی وەکو مردن، مردنی مرۆڤێک کە دەستەکانی شۆڕبوونەتەوە بەنێو قووڵایی ئەو ڕەنگە زەیتونیەی کە بەچڕی فۆرمەکەی داپۆشیوە، شۆڕبوونەوەی دەستەکان وەک ئەوەی هیچ هێزێک نەتوانێت ئافەریدەکانی ڕابردوومان بۆ بگەڕێنێتەوە بۆ ووجود لەدوا ساتەکانی مەرگی مرۆڤێکدا.
ئەم بەرهەمە هونەرییەی هونەرمەند

(نەرمین مستەفا) قەوارەکەی ١م × ١م دەبێت و بەڕەنگی ڕۆنی لەسەر (کانڤاس) بەرهەم هاتووە.■

بوزا.. پەیکەرێکی قورسی بەجێهێڵراو.. دواتر بۆ خودایەکی پەرستراو

□ پتر لە (١٥٠٠) ساڵ بەر لەئێستا ئاینزای (بوزی) گەیشتە شاری (شەنگهای)، بەڵام وەرگرتنی ئەو ئاینزایە لەسەر دەستی مژدەبەخش و پەیامبەرەکانەوە نەبوو بۆ ئەو پێگە جوگرافییە، دانیشتوانی (شەنگهای) دەڵێن: باوەشکردنمان بە ئایینی بوزاییدا، ئاکامی هێنانی پەیکەرێکی گەورە بوو لەلایەن کەسانێکەوە کە بەشارەکەماندا چەندین جار وەک گەشتیارو کۆچەری تێپەڕیوون.. کەشتیەکی گەورە کە پەیکەرەکەی تیا بووەو کێشەکەی دوو تەن بووە، لەشاری (شەنگهای) دای بەزاندووەو کەسێک نەبووە گەشتەکەی پێ تەواو بکات و بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شارەدا بەجێ هێڵراوە. دواتر دانیشتوانی شارەکە جێگەیەکی تایبەتییان بۆ دروست کردووەو دواتر بۆتە پەرستگا.
بەم شێوەیە ئاینزای بوزایی، هاتۆتە ئەو شارە، ڕێکەوتێک بوو کاریگەری و پاڵنەری گەورە بوو بۆ باوەشکردنی خەڵکانێکی زۆری وڵاتی (چین) بەئاینی بوزیدا، ئەو ئایینەی کە بنەماکانی لەسەر پاکژی زیهنی و تێرامان و هاوکاری کردنی هەژاران و مرۆڤەکان دامەزراوە.
پەرستگاکەی شاری (شەنگهای) لەشەقامێکی سادەو ئاساییدایە، دیوارەکانی بەڕەنگی زەرد کەرەنگێکی خۆشەویستە لای بوزییەکان، ڕوکەشکراوە. گۆرەپانی ناوەوەی پەرستگاکە کۆمەڵێکی زۆری جام و قاپی مسی لێ دانراوە کە بۆ سوتاندنی بغورد بەکاردەهێنرێت. هەر یەکێک لەشوێنکەوتوانی ئەو ئایینە، دەچنە ژوورەوە پێویستە بغورد بسوتێنێت، تا ڕۆحی لەگەڵ دوکەڵی ئەو بغوردەدا بە بوزا بگات. چەند چرکە ساتێک و دەنگی دەفێکی گەورەی لەمس دروستکراو دەبیسترێت، ئەوەش کاتی نوێژە، کاهینەکان و لەسەرووی هەموویشیانەوە کاهینی گەورە پێشیان دەکەوێت بۆ بەجێهێنانی ئەو سروتە. ورتە ورتی لەبەرخۆوە جێی قسەکرد دەگرێتەوەو مۆسیقاش لەسەرووی هەموو بیستراوەکانەوە بەرگوێ دەکەوێت.



لەدەوری پەرستگاکە، کۆمەڵێک پەیکەری تر دەبینرێت کە تیایاندایە شمشێری پێیەو تیاشیاندا هەیە ئامێری مۆسیقی. بوزاییەکان، باوەڕیان وایەکە شمشێر بە دەستەکان (بوزا) دەپارێزن و موزیک بەدەستەکانیش لەکاتی تەنیاییدا، موزیکی بۆ دەژەنن. ئاڵتونێکی زۆریش لەپەرستگاکەدا دەبینرێت، کەمەزەندە دەکرێت بەچەند تەنێک، بەڵام کەس ناتوانێت دەستیان بۆ بەرێت.■

ڕەمکان

حەشارگەکانی ئوسامە لەتۆرابۆرا، دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری

□ چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بەریتانی لەزاری بەرپرسێکی حکومەتی ئەفغانستانەوە ڕایگەیاند کەدەسەڵاتداران نیازیان وایە حەشارگەکانی تیرۆریستی جیهانی (ئوسامە بن لادن)، لەزنجیرە

شاخی (تۆرابۆرا)، بکەنە ناوچەیەکی گەشتیاری. ئەویش دوای برەوپێدان و گونجاندنی بۆ ئەو مەبەستە، بەرپرسەکە دەڵێت: ئەو ئەشکەوتانەی کە ببوە حەشارگەی بن لادن و پاشماوەی تانک و فڕۆکەسوتاوەکانی سەردەمی داگیرکاری شورەوی لێیە، دەکرێ ببێتە ناوچەیەکی باش بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لەتەواوی جیهانەوە. بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، چونکە خەڵکێکی زۆر تاسەی بینینی ئەو جێگەیەیان هەیە. بەڵام لە ئێستادا حکومەتی ئەفغانی توانای ئابووری جێ بەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی نییە، بۆیە بەناچاری دەبێت پەنا بۆ کەرتی تایبەت بەرین. بەم دواییانەش سیان لە پیاوانی بازرگانی و خاوەن سەرمایەی ژاپۆنی سەردانی ئەو جێگەیەیان کردووە بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ئەو پرۆژەیە. پرۆژەکەش چەند یەکەیەکی بەرفراوانی نیشتەجێ بوون و تونێلی گەورە لەخۆ دەگرێت.■

میترا

لەفەرەنسای لانکی دیموکراسیدا خوێندکار لەخوێندنگە دەردەکرێن

□ هەشت (۸) خوێندکار لەخوێندنگەی جیاواز لەفەرەنسادا، لەبەرئەوەی لەتۆڕی ئینتەرنێتی (Bloogh) دا، ڕەخنەی نابەجێیان لەمامۆستاکانیان گرتوە، بەیەک جاری لەخوێندنگە دەرکران. ئەم خوێندکارانە لەهەرە خوێندکارە زیرەکەکانیش بوون. مامۆستاکانیان لەبڵاوکردنەوەی ڕەخنەکان سەریان سوڕما بوو، چونکە پێیان وابو ئەو خوێندکارانە گلەییەکیان نیە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتنەی بەرامبەریان دەکرێ.
هەندێک کەسوکاری دەرکراوەکان، ڕەخنەیان لەسزاکە هەبوە گەرچی پێشیان وابوە ئەمانە هەڵەی گەورەیان کردوە، پسپۆڕانی پەروەردەش پێیان وایە کە ئەم کارە دەری دەخا کەوا دیالۆگ و پەیوەندی بەردەوام لەناو خوێندکارو مامۆستادا نییە.■

الحیاة ۲۰۰۵/۳/۲۵

قەڵای کەرکوک لەنێوان شوێنەواری مێژوویی و مەترسی ڕووخاندا

ابراهیم

□ قەڵای کەرکوک، قەڵایەکی دێرینی شارستانیە بە پێوانەی جوگرافیای کۆنی کەرکوک کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەکەوە، وەک هەموو قەڵاکانی کوردستان. مەبەست لەدروستکردنی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و حوکم گرتنە دەست بووە لە ناوچەکەدا.
ڕووبەری قەڵاکە لەڕووبەری زۆربەی قەڵاکانی کوردستان گەورە ترە، لە تەعریب کردنی کەرکوک و بەچڕی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە گورزی کاریگەر بەر قەڵای کەرکوک کەوت، ژمارەیەکی زۆر ماڵی تیا دەژیا، تامیری عێراق ماڵەکانی دەرکردو قەڵاکە بوە مۆڵگەی سەربازی.
بەبەراووردی دوێنێ و ئەمڕۆ بۆ قەڵاکە سیمای جوانی قەڵاکە، دارو درەختەکانی دەوروبەری، ماڵەکان، فولکە جوان و سەوزەکانی پێشی، هیچیان نەمان. مرۆڤ کە بەراووردی ئەمڕۆی قەڵاکە لەگەڵ سەردەمانی پێشوودا دەکات، خەم دایدەگرێ، دڕندەیی سیستەمی فەرمانڕەوا بەرامبەر ئەو شوێنەوارە، پسپۆڕانی بواری ئارکۆلۆژیا بچنە دیدەنی قەڵاکە، چ دەبیستن، شوێنەوارێک کەهەموو بستە دیوارو تەلارێکی چمکێکی مێژووی مرۆڤایەتییە بەگشتی و مرۆڤی کوردە بەتایبەتی. ئەمڕۆ وێرانەیەکە داروخان و هەرەس چاوەڕوانی دەکات.
ڕژێمی بەعس چی کرد، کردی. ئەو نەک هەر دوژمنی گەلی عێراق بوو، بەڵکو دێوەزمەی شوێنەوارو پەیڤە جوانەکانی ژیان و تێکرای خۆشیەکانی بوو، بەڵام خۆ ئێستا بەعس نەماوە، ئەوەی کەرکوکی دیبێت، دڵی بۆ کەرکوک لێبدا، دەبێت کە بە ئیمام قاسم و شەقامی حەسیرەکەدا بڕوات، چاو لە بێنازی و پەشێوی و تەپینی زۆر لای قەڵاکە بپۆشێ، ئەگینا ئازارێکی دەروونی سەخت لەگەڵ ڕوانین بۆ قەڵاکەدا، گوزەر بەبیری مرۆڤدا دەکات. ئەرکی حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێم... کورد، کوردستانی بوونی کەرکوکە، هەڵمەتی بوژاندنەوەو پاراستنی قەڵاکە دەست پێبکاتەوە. چیتر پاشماوەی تەعریب و ڕووخان هەڕەشە لەو قەڵا سەرکەشە نەکات.■

فەرید ئەسەسەرد و زەمینەو گرفتەکانی بەردەم دیموکراسی

• لەدایک بووی ١٩٥٦ی هەولێر. •بەکالۆریۆسی ئاداب/سایکۆلۆژی. •ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بەشۆڕشەوە کرد.
• لەدەزگای ڕاگەیاندندا کاری کردووەو لە ساڵی ١٩٨٧دا بووە بە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن.
• ١٩٨١-١٩٨٢ لێپرسراوی خانەی بڵاوکردنەوە بووە لەنێوزەنگ. •١٩٨٢- ١٩٨٣ ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە بووە.
• ١٩٨٣-١٩٨٧ لێپرسراوی بەشی عەرەبی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بووە.
• ١٩٨٧-١٩٨٨ لێپرسراوی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووە.
• لەسەردەمی شۆڕشدا زۆربەی نوسینەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کۆمەڵە، ڕێبازی نوێ، الشرارە، گزنگ، پێروو، نوسەری کوردستان، کەلتور بڵاوکراوەتەوە.. *بەرهەمەکانی لەسەردەمی شۆڕشدا:
١.جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان١٩٨٢. ٢.گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا ١٩٨٦.
٣.شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا ١٩٨٧.
• ١٩٨٨ یەکەم نوێنەری ڕاگەیاندنی ی.ن.ک لەدەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە ڕاژان.
• سەرنوسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، تا ئێستا ئەم گۆڤارە ٤٥ ژمارەی لێ دەرچووە.
• ١٩٩٣-١٩٩٥ جێگری سەرنوسەری گۆڤاری (ڕوانگەی جیهان) کەمەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ی.ن.ک لەهەولێر دەری دەکرد.
• ساڵی ٢٠٠١ لەکۆنگرەی دووەمی ی.ن.ک بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.
• ٢٠٠١-٢٠٠٣ نەقیبی ڕۆژنامەنوسان بووە لەیەکێتی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان.
• دیارترین بەرهەمەکانی: ١.کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی ١٩٩٨. ٢.المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية ٢٠٠٤.

چاودێر: کاک فەرید، ئەم دانیشتنەمان لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە، عێراق یەکەمین جارە دەرگای دیموکراسی تیا دەکرێتەوە، هەموو حیزبەکان، لەچەپەوە بۆ ڕاست، بەشدارییان تیا کرد، سەرەنجامەکان دەرکەوتن، دژەکانی دیموکراسی و ئەوانەی کە هەڵبژاردنیشیان قبوڵ نەکرد دەرکەوتن، ئێستا هەموو یەکچاو بووینەتەوە بۆ ئەم یانزە مانگە، تۆ پێت وایە ئەم پرۆسیسە بەم هەموو کێشەو بێشەیەوبەوهەموو دەسیسەیە، لەو چوارچێوە ئیقلیمییە نا دیموکراتییە، ئەتوانێت بناغەیەک بۆ ژیانێکی تازەی سیاسی لەعێراقدا دابنێت؟

فەرید ئەسەسەرد: من پێموایە لەم ڕووەوە یەک ڕێسای گشتی هەیە، باس لەوە دەکات کە هەموو گواستنەوەیەک بەرەو دیموکراسی گواستنەوەیەکی دژوارو سەختە، ئەمە عێراقیش دەگرێتەوە، کرۆکی مەسەلەکە لایەنە سیاسییەکە نییە، بەڵکو لایەنە کۆمەڵایەتیەکەیە، چونکە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات دەشێ زۆر جار لەسەر ئاستی سەرخان بڕێک دیموکراسی هەبێت، لەکاتێکدا ئاستی ژێر خان، هێشتا ژێرخانێکی دیموکرات نیە. ئەگەر ڕوونی بکەمەوە مەبەستم ئەوەیە بڵێم کەدیموکراسی پرۆسەیەکە سەرتاسەری کۆمەڵ دەگرێتەوە، دیموکراسی لە خێزانەوە دەست پێ دەکات. کاتێک خێزان خێزانێکی دیموکرات بوو، دەشێ بەدیدێکی گەورەتر سەیری بکەیت: شار، خێڵ، وڵات، گەل، هەمووی. من پێموایە یەکێک لەگیروگرفتەکانمان لە ڕۆژهەڵاتدا ئەوەیە، کە دیموکراسی لەسەرەوە دەست پێ دەکات، نەک لەخوارەوە، لەڕۆژئاوا دیموکراسی بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەی کرد، بەشێوەیەک کەلەخوارەوە دەستی پێکرد تا گەیشتە سەرەوە، لەڕۆژئاوا وردە وردە پرۆسەیەکی ئاسایی و تەندروستی دروستکرد، لای ئێمە پرۆسەکە پرۆسەیەکی نا ئاساییە، وەکو گەشەکردنی ڕۆژهەڵات وایەکە گەشەکردنێکی نا ئاساییە، پەیدابوون و گەشەکردنی دیموکراسی لای ئێمە پەیدابوون و گەشەکردنێکی نا ئاساییە، بەهۆی ئەمەوە ئەو پرسیارەی کە تۆ ئێستا لەمنت کرد، بەپرسیارێکی پڕ گومانی دەزانم. لەڕاستیدا وایە. ڕەنگە دیموکراسی لەهەندێ شوێن بەئەنجام نەگات، یاخود ڕەنگە ماوەیەکی دوورودرێژی پێ بچێ، یاخود تەگەرەیەکی زۆری بێتە پێش بەڵام دیسان لەهەمان کاتدا یەک ڕێسای گشتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەدەشێ وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی خێرا گەشە بکا یاخود ئەو وڵاتانەی کەبڕێکی دیاریکراوی دیموکراسییان تێدا هەیە، دیموکراسییەکەیان لەماوەیەکی کەمدا گەشەکردنێکی زۆر بەخۆوە ببینێ.مومکینە ئەمە لەعێراقیش ڕوو بدات.

چاودێر: گفتوگۆکەمان هەر خۆی لەسەرئەوەیە کە لەوڵاتێکی پڕ لەکێشەدا، جێ بەجێکردنی دیموکراسی لەڕۆژهەڵاتدا گرانە، ئینجا ئێمە لەم چاوپێکەوتنەدا، جەخت بکەینە سەرکێشەکان، کێشە بەکێشە قسەی لەسەر دەکەین و لەبەرامبەریشدا چی بکرێت بۆئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، قسە لەسەر ئەوانە دەکەین، یەکەیەکە پرسیارەکانمان ورد دەکەینەوە، ئەویش ئەوەیە لەبنەچەوە گرنگترین کێشە، پێکهاتەی عێراق خۆیەتی، ئەم پێکهاتەیەی عێراق لەدوای جەنگی یەکەم دامەزراوە پێکهاتەیەکی سەقەت بووە بەزۆرەملی دامەزراوەو ڕۆژگار دەریخست کە ئەم پێکهاتەیە قبوڵ ناکرێت. قبوڵ نەکرا بەحکومەتی مەلەکی، بەئینگلیزو دوایی بەهەموو حکومەتە کۆمارییەکان، ئێستا پێتوایە ئەم پێکهاتەیە لەناو ئەم پرۆسیسەی، کەپێی دەڵێن دیموکراتی قبوڵ بکرێت؟

کاک فەرید: من دیسان دەچمەوە سەر دوو تیۆری، یەکێکیان هی ئەوروپیەکانەو، ئەویتریان هی ئەمریکیەکانە، کە باس لەپەیدابونی دیموکراسی لەوڵاتانی دواکەوتوو دەکەن، ئەوروپیەکان تەرکیز دەکەنە سەر مەسەلەی ئابوری، ئەمان دەڵێن، ئێمە لە ئابوورییەوە دەست پێ دەکەین، هەر ئەمەشە کەهانی داون جەخت لەسەر گۆڕینی ژێرخانی ئابووری بکەن و تا ئێستا شەریکایەتیی ستراتیجیی ئابوورییان لەگەڵ چەندین ووڵات دا هەیە، کە بەپێی پێوانەکان بەوڵاتی دیموکرات ناناسرێن وەکو سوریا. ئەمریکیەکان تەرکیز دەکەنە سەر سیاسەت، ئەمان دەڵێن ئێمە تەرکیز دەکەینە سەر سیاسەت و دەتوانین لەسیاسەتەوە ژێرخانی ئابووری بگۆڕین، جیاوازی لەنێوان هەردووکیاندا چییە؟ جیاوازییەکە لەوەدا نییە کە بەچ ئەنجامێک دەگات چونکە هەردووکی بەرەو دیموکراسی دەچێت، بەڵام ئەوەی ئەوروپیەکان ماوەیەکی زۆرو پشویەکی درێژی دەوێت ، ئەمریکییەکان ئەمەیان ناوێت،

> **شۆڕشی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە ئاستێک کەئاینەکان ناتوانن لەگەڵیدا بگونجێن، لەبەر ئەوە مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە هەوڵدەدەن شۆڕشی تەکنەلۆژیاو وڵاتە پێشکەوتوەکان لەناو بەرن، ململانێیەکی جیهانی لەنێوان شۆڕشی تەکنەلۆژیاو ئایین بەگشتی هەیە، ئەو ململانێیە دەبێ بەسەرکەوتنی لایەکیان کۆتایی پێ بێت، من بۆچوونم وایە کە تەکنەلۆژیا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت بەسەر ئاییندا**

دەیانەوێت زوو بەمەسەلەکە بگەن، بۆیە لەسیاسەتەوە دەست پێ دەکەن و لەسەرەوە دێنە خوارێ، ئەوروپیەکان دەیانەوێت لە خوارەوە بچن بۆ سەرێ، من پێموایە ئەمە کێشەی عێراقیشە، دیموکراسی لەعێراقدا لەسەرەوە دەستی پێکرد، لەئەحزاب و ڕاگەیاندن و سەتەلایت و ئازادییەکی فراوانەوە دەستی پێکرد.

چاودێر: ببورە، با بڵێین، لەوەڵامەکەتەوە چڕتر ببینەوە لەقسەکان، ئەویش ئەوەیە پێکهاتەی عێراق، کورد، عەرەب، تورکمان، کلدۆئاشووری، شیعەو سوننە، ئەم پێکهاتەیە ئەشێ جارێکی تر لە قاڵب بدرێتەوە بەناوی دیموکراتییەوە لەناو پرۆسەی دیموکراتی؟

فەرید ئەسەسەرد:مومکینە، من پێموایە فاکتەرێکی زۆریش هەن، یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکان، ئەوەیە کەپەیدا بوونی دیموکراسی لەعێراقدا گونجاوە لەگەڵ ڕەوتی پەیدا بوونی دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی لەسەرانسەری جیهان و بەتەرکیز لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، من پێموایە دیموکراسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەبێ ڕێنمایی و بەبێ یارمەتیی ڕۆژئاوا نایەتە دی، لەبەر ئەوە من دڵنیام کە لەعیراقدا دیموکراسی مومکینە گەشەکردن بەخۆیەوە ببینێت بەحوکمی ئەوەی کە

دەوڵەتێکی وەکو ئەمریکاو ئەوروپیەکانیش پشتیوانیی لێ دەکەن.

چاودێر: واتە دیموکراتی لەئەوروپا لەناو وڵاتان خۆی قوڵپیدا، پێویستی ڕووخاندن و نەهێشتنی سیستمی فیودالی هاتە پێشەوە، پەیوەندی تازەی دنیای سەرمایەداری زەرورەتەکەی هاتە پێشەوەو لەناوخۆی قوڵپی داو زەرورەتی مێژوویی سەریخست، بەڵام لەوڵاتی ئێمە هەر لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە داگیرکراین، کۆلۆنیالیزم هەر لەوڵاتانی

> **یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکان، ئەوەیە کەپەیدا بوونی دیموکراسی لەعێراقدا گونجاوە لەگەڵ ڕەوتی پەیدا بوونی دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی لەسەرانسەری جیهان و بەتەرکیز لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، من پێموایە دیموکراسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەبێ ڕێنمایی و بەبێ یارمەتیی ڕۆژئاوا نایەتە دی**

خۆی دیموکراتی جێبەجێکرد، لەوڵاتەکانی ئێمە ستەمی جێ بەجێکرد، دیموکراسی لەلای ئێمە تێک و پێک چوو، واتە پرۆسەیەک تێک و پێک چوو، ئێستا خۆ لەناو وڵاتانی ئێمە قوڵپی نەداوە، فەندەمێنتالیزم قوڵپ ئەدا، تۆ پێت وایە ڕۆژئاوا بتوانێت ئەم جارەیان، دوای سەدەیەک لەداگیرکاری کەجاران داگیرکاری بۆ دەهێنان، ئێستا دیموکراتیمان بۆ بهێنێت، ئەو زەمینەیە هەیە، دیموکراسی بهێنێت و بیچەسپێنێت؟

فەرید ئەسەسەرد: زەمینەکە هەیە، چونکە شارستانێتی کۆمەڵێک بنەماو ڕێسای هەیە، کە لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگوێزرێنەوە. بەتایبەتی کاتێک کە شارستانێتی هێزێکی لەپشتەوە بێت، ئەوسا لەشوێنە بەهێزەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنە بێ هێزەکان، ئەمە ڕێسایەکی گشتییە، پێموایە هەر دەبێ بێتە دی، جگە لەوە ئێمە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە ناتوانین بڵێین بنەمای دیموکراتی لەسەدا سەد نیە، خەریکە بنچینەی کۆمەڵی مەدەنی تێدا پەیدا دەبێت، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کە سەرمایەداری یەک یاسای گشتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە گەشەکردنەکەی ناڕێکە، مومکینە لە وڵاتێکدا شوێنێک زۆر گەشە بکات و شوێنێکی کەش هەر بەدواکەوتوویی بمێنێتەوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا شوێنە دواکەوتوەکان بەشوێنە گەشەکردووەکانەوە دەبەسترێنەوەو شوێنە گەشەکردووەکان دەبنە ڕابەری شوێنە دواکەوتووەکان، ئەمە ئەگەر لەناوخۆی یەک وڵاتدا وابێت دیارە لەنێو وڵاتانی جیهانیش وایە، جیهانی پێشکەوتوو دەبێتە ڕابەر بۆ جیهانی دواکەوتوو.



چاودێر: واتە تۆ پێت وایە، بەڵێ دیموکراتی دەکرێت لەڕۆژئاواوە بێت بۆ ڕۆژهەڵات و لەعێراقیش تاقی بکرێتەوەو سەربکەوێت، جا ئێستا با بێینە سەر کێشە ناوخۆییەکانی کە ڕێگرن لەبەردەم بەدیهێنانی دیموکراسی ئەگەر چی ڕۆژئاوا وەکو تۆ دەڵێیت دەتوانێت ئەو پەیامە بهێنێت بۆ ئێمە، کێشەکانی، پێکهاتەکان کە ووتت دەکرێ، ئەو پێکهاتەیە بخرێتەوە قاڵب بەجۆرێکی تر، با بێینە سەر کێشەی دینی، کێشەی مەزهەبی، باشە خۆ کێشەی دینی و کێشەی مەزهەبی کێشەیەکە لەکوێی ڕۆژئاوا پێی چارەسەر کراوە لەکوێی ئەم دنیایە پێی چارەسەرکراوە، لەکوێی ئەم دنیایە بەچەک کێشەی دینی چارەسەر دەکرێت، تا ڕۆژئاوا بتوانێت لەعێراق چارەسەری بکات، ئاخر ئەوە مەزهەب، ئەوە شیعە هەڵدەچێ ئەوە سوننە بۆ یەکەمین جارە ئەبێ بەئۆپۆزیسیۆن و هێزی خۆی دەدۆزێتەوەو مەزهەبەکانی تر، ئەوە تیرۆریستەکان، ئەمە کێشەیەکی ئێجگار گەورە نییە؟

فەرید ئەسەسەرد: کێشەیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام



> **ئیسلام بەهەموو مەزهەبەکانیەوە توانای ئەوەی تێدا نەبوو کە ریفۆرمی ئایینی بەخۆیەوە ببینێت، ئیسلام زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە پەیدا بووە، هیچ بزووتنەوەیەکی ریفۆرمی دینیی بەخۆیەوە نەبینیوە، پێشم وانیە لەمەودوا بەخۆیەوەی ببینێت**

> **هەموو گۆڕانکاریەکان لەزەمانی سایکس بیکۆوە، تا پێکهێنانی ئەو قەوارە سیاسیانەی کە لەناوچەکەدا هەن هەمووی هی ئەوروپیەکانن، سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆنە، بنەماکەی دەچێتەوە سەر سایکس بیکۆ، ئەمە بەریتانیاو فەرەنسا دایان هێنا، ئێستاش هەر لەسەری دەڕۆین، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم سیستمە هەڵوەشێتەوە، ئەلتەرناتیڤی ئەمریکیەکان پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە**

کەرکوک و.. کاردانەوەی هاوبەشی عەرەب و شیعە و شۆڤێنی

مەلا بەختیار

□کەرکوک.. ئەوەتەی دەوڵەتی داسەپێنراوی عێراق بەسەر کوردستاندا دامەزرێندراوە، کەرکوک و چەندین ناوچەی دیکەی کوردستان بونەتە مەیدانی ململانێیەکی چارەنوسسازی نەتەوەیی و سیاسی. بەدرێژایی ئەو سەدەیە (جگەلە سەدەکانی داگیرکاری قەڵەمرەوەکانی ئیسلامی) هەر حکومەتێک حوکمی عێراقی گرتبێتە دەست، پاشایەتی بوو بێت، یان کۆماری، یاخود ناسیۆنالیستی؛ عەسکەری یان مەدەنی بوو بێت، ئەو حکومەتانە دوو رووی نادیموکراتی دراوی شۆڤێنیەتی عەرەب بوون. شۆڤێنیەتیش لەعێراقدا، مەگەر لەسەردەمی سەدامدا دژی تورکمان و کلدۆ ئاشووریش بەکارهاتبێ، ئەویش زۆر کەمتر لە کورد. بەڵکو، لەوەوبەر، بەدرێژایی سەدان ساڵ، تورکمانەکانی عێراق خۆیان دەستکێشی تورکخوازە عوسمانیەکان بوون لە تورکماندنی کوردستان. کلدۆئاشووریش چەوساندنەوەی ئایینیان لەسەر بووە زیاتر لە چەوساندنەوەی نەژادی. ئەمە جگەلەوەی لە کوردستاندا، تەنها کورد نیشتمانی هەبووە. تورکمان و باقی کەمینەکان، رووداوەکانی داگیرکاری، یان ئاڵوگۆری سیاسی گواستونیەتیەوە کوردستان. یان کۆچی پێ کردونەتە کوردستان. مێژوو شایەتە کە کورد لەکوردستاندا، ئەوەی لەسەدەی رابردوودا بەسەریدا هێنراوە، تەنهاو تەنها زوخاوی شۆڤێنیەتی عەرەب و تورک و فاس و تۆتالیتاریەتی ئیسلامی بووە. تەنانەت تورکمان کە پێنج سەدە قەڵەمرەوی عوسمانی هەبوو، ئەوانیش دەسەڵاتی شۆڤێنیەتی خۆیان و تۆتالیتاریەتی ئیسلامیان سەپاندۆتە سەر کوردستان. واتا:

باشوری کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی، جیاواز لەهەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، کاتێک سەدەکانی ناوەراست لە رۆژئاوادا کۆتایی دێ، سیستەمی سەدەکانی ناوەراستی عەرەبی ئیسلامی کە تێک دەشکێ، سیستەمێکی شۆڤێنی دیکەی تورکی - ئیسلامی جێگەی دەگرێتەوە. چوار سەدەش دەسەڵاتی شۆڤێنی خۆی دەسەپێنێ. بەمەش، سیاسەتی جیاوازی دوو نەژادی و نەژاد پەرستی لەهەموو بارێکەوە، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتوری، سایکۆلۆژی، زمان و زمانەوانیش دەسەپێنرێتە سەر باشووری کوردستان. ئەمە لەکاتێکدا زۆر کەمتر لە رۆژئاوا، کوردستان وابووە. لەکوردستانی رۆژهەڵات و باکوریشدا، وانەبووە. ئەمەش لە هەموو بارێکەوە، کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزو خەتەرناک بووە. ماوەکەش کەمی خایاندووە. هەزار ساڵ شۆڤێنیەتی عەرەبی و چوار سەد ساڵیش شۆڤێنیەتی تورکی - عەرەب.

سەپاندنی سیاسەتی شۆڤێنی دوو فاقی نەژادی لە باشوری کوردستاندا، نمونەی لە جیهاندا کەمە. بەدەیان ساڵی دیکەش، ئاسەواری نالەباری کاریگەری ئەم شۆڤێنیەتە دوو فاقییە، چ لەناو عەرەب و تورک و.. چ لەناو گەلی کوردستانیش، هەر دەمێنێ. ئەوەتانێ.. بەهەزار گیرمەو کێشە، لە هەلومەرجێکی سەراپا جیاواز لەگەڵ رابردوو، لیستی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لەهەڵبژاردنەکاندا، دەتوانێ لەیاسای عێراقدا مادەی (٥٨) جێ بکاتەوە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک. کەجێی مادەکەشی کردۆتەوە هەتا ئێستا، دوای چەندین مانگ، حکومەتی کاتی عێراق تەنانەت تاکە خێزانێکی عەرەبی تەعریبی لە کەرکوک نەناردۆتەوە شوێنی خۆیان. لەمەش خراپتر، دوای دەستخەرۆی بەڵێنی سەر زارەکی و دروشمی برایەتی و رۆمانسیەتی دۆستایەتی بکرێ. کاتی هاتووە وردو درشتی داخوازیەکانی گەلەکەمان، لەچوارچێوەی رێکەوتنامەی رەسمی و، لەدوو توێی بەند بەبەندی یاسایی و، لەناوەخنی دەستووریدا، بچەسپێندرێ. ئێمە گەلێکی مارانگازی دەستی چەندین حکومەتین. هیچ حکومەتێک لەمێژوودا راستی لەگەڵ نەکردووین. هیچ حکومەتێک لایەنی کەمی بەڵێنەکانی بەرامبەرمان نەهێناوەتە دی. تەنانەت (جگەلە حیزبی شیوعی عێراق) سەرجەم مەزهەبی و نەتەوەیی ناتەندروستن بۆ ئەوەی هەر هێزێکی سیاسی دژە دیموکراتی، تۆکمە دەسەڵاتی عێراق بکەوێتە دەست و ئۆرگانەکانی حوکم کۆنترۆڵ بکات، مایەی مەترسییە لە بەڵێنەکانی ئێستای هەڵبگەرێتەوە. بەتایبەتی بەشی زۆری ئەو بەڵێنانە، لەژێر فشاری گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکاندا، لەلایەن زۆربەی لایەنە عەرەبی و ئیسلامگەراکانەوە قبوڵ کراوە. نەک بەدڵخواز پەسەندیان کردبێت، یان خۆیان لەبنەچەدا دیموکرات بووبن.

ئەگەر بێتو تەعریب و تەعریبچیەکان لەکوردستاندا

> **(شێخ ئەحمەد اللامی) کە نوێنەری تاقمەکەی موقتەدا سەدرە، لەسەر خۆپیشاندانەکە دەڵێت: لەرۆژئاوادا عەرەب بە (٥) ساڵ شوناس نامە وەردەگرێت، بەڵام لەکەرکوک دەبێت برۆن.. ئەم شێخە شیعەیە، باسی نمونەیەکی دیموکراسی دەکا کە شۆڤێنیەت و رقی نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵەکانی ئۆروپادا، ریشەکێش کراوون. لەوێدا، لە دیموکراسی دڵنیان. لەوێدا، هیچ حیزبێک ناتوانێ لەدەستووری دیموکراتی هەڵبگەرێتەوە. لەوێدا، ئایین و مەزهەب لەدەسەڵات یەکاڵا کراونەتەوە**

هەڵبژاردن و ئەو سەرکەوتنەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی وەدەستی هێناوە، یەک مانگ زیاترە گفتوگۆ لەسەر قبوڵ کردن و قبوڵ نەکردنی مادەی (٥٨) هاتۆتەوە ئارا. دیسان چۆنیەتی جێبەجێکردنی مادەکە خراوەتە گیروگازی ناکۆکی ناو حیزبەکانەوە.

ئەم حیزبە سیاسیانەی هەڵوێستیان بەرامبەر تەعریب ئاوایە، بێگومان کاریگەری بیری شۆڤێنیەتی عەرەبی و تۆتالیتاریەتی ئیسلامی وای لێکردوون، دوای ئەو هەموو رووداوە، دوای ئەو هەموو کارەسات و ستەملێکردنەی کوردو، دوای ئەو هەموو گۆرانکارییە جیهانی و ناوخۆییە تازە تازە ئاوا بیر بکەنەوە، ئیتر ئەمە دەیسەلمێنێ کەپێکهاتەی ئەو حیزبانە چەند زاخاو دراوە بەو بیروباوەرە شۆڤێنی و، چەندیش هێشتا دیموکراتیان بەچەمکە فراوانەکەی قبوڵ نییە.

کورد.. هەڵەیەکی گەورەیە، جارێکی دیکە حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن کە گەیشتونەتە سەر دەسەڵات، دەسەڵاتی ستەمکار بوون بەرامبەر گەلەکەمان. بۆیە، هەرگیزاو هەرگیز ناکرێ ئەم هەلە سیاسییە لە هیچ رێکەوتنامەو گفتوگۆیەکدا، لەدەست بدەین. ئەمەش لەبەر چەندین هۆ:

یەکەم: ناکرێ لەدیموکراسیەت و جێبەجێ کردنی دیموکراسی هێزە سیاسیەکانی عێراق دڵنیا بین.

دووەم: دەوڵەتە ئیقلیمیەکان.. دژی دیموکراتین.

سێهەم: رۆژهەڵاتی ناوەراست (بەکوردستانیشەوە) نوقمی کلتوری ئیسلام و ئیسلامگەراکانن، دەتوانن دژی دیموکراتی کاریگەربن.

چوارەم: لە رۆژهەڵاتدا.. پێشینەیەکی دیموکراتی نییەو سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەریش نەبینراوە. ئەو مەسەلانە تێکرا.. ژینگەیەکی سیاسی، ئایینی، نەنێردرێنەوە شوێنی پێشوویان و کوردە ئاوارەکانی نەگێردرێنەوە زێدی خۆیان، بێگومان ئەم تەعریبانە، لەناوچەیەکی زۆری کوردستاندا، بەتایبەتی لە کەرکوک و دەوروبەریدا، هەروا لەدەوروبەری موسڵیشدا، ئەو شوێنە تەعریب کراوانە هەمیشە لەبارن لە هەلومەرجێکی سیاسی گونجاو بۆیان، ببنە بنکەی شۆرشی چەواشەو بکەونەوە وێزەی کورد. بەتایبەتی ئەمانە بەدەم چەورکردنی تەعریب چەشە کراوون، بۆیە بەئاسانی دەست لە جوانی و دەستکەوت و سامانی کوردستان هەڵناگرن. هەتا بۆیان بکرێ خۆیان دەگرن، هەتا رادەی تیرۆرو تاوان و تالانیش، درێغی ناکەن.

ئەوەتانێ.. کاتێک لەبەغدا لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی شیعە دەگەنە ئەنجام بۆ جێ بەجێکردنی مادەی (٥٨) کەچی تەعریب شۆڤێنیەکان و تورکمانە تۆرانیەکان، لەناو مزگەوتەوە بەبریاری تاقمی (موقتەدا سەدر) دەرژێنە ناو شەقامەکان دژی کوردستانیەتی کەرکوک... لەکەرکوکدا. دروشمەکانیان رق و کینەی پەنگ خواردوویان بەرجەستە دەکات (کلا کلا فیدرالیە - کلا کلا امریکا، نانا فیدراڵیەت - نانا ئەمریکا) هەروا (نانا بۆ دابەشکردنی عێراق) ئەم دروشمانە، کاتێک لەخۆپیشاندانی عەرەب و تورکمان و شیعەی تۆتالیتارەوە دەبیستین، هەقی خۆمانە زۆر بترسین. مەترسیەکان لەئایندەدا زۆر زیاتریش دەبن!!

(شێخ ئەحمەد اللامی) کە نوێنەری تاقمەکەی موقتەدا سەدرە، لەسەر خۆپیشاندانەکە دەڵێت: لەرۆژئاوادا عەرەب بە (٥) ساڵ شوناس نامە وەردەگرێت، بەڵام لەکەرکوک دەبێت برۆن.

ئەم شێخە شیعەیە، باسی نمونەیەکی دیموکراسی دەکا کە شۆڤێنیەت و رقی نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵەکانی ئۆروپادا، ریشەکێش کراوون. لەوێدا، لە دیموکراسی دڵنیان. لەوێدا، هیچ حیزبێک ناتوانێ لەدەستووری دیموکراتی هەڵبگەرێتەوە. لەوێدا، ئایین و مەزهەب لەدەسەڵات یەکاڵا کراونەتەوە. هەر لەرۆژئاواشدا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهاندا، هەر هێرشێکی شۆڤێنی لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە کرابێتە سەر پۆڵۆنیا، فەرەنسا، یوگوسلافیا و چکسلوفاکیا.. دەست بەجێ دوای تەواو بوونی جەنگ، زیاتر لە (٦) ملیۆن ئەڵمانی کە بۆ بەئەڵمانی کردنی ئەو ناوچانە سەپێنرابوون، دەرکران و نەتەوە یەکگرتوەکانیش پشتیوانی دەرکردنی کردن. هەروا، شۆڤێنیەکانی فەرەنسا لەجەزائیر و شۆڤێنیەکانی ئیتاڵی لە لیبیا و حەبەشەو.. تاد، هەر ئێستاش، هەموو موسڵمانەکانی جیهان، بەعەرەب و تورکمانیشەوە، پشتیوانی دەرکردنی جولەکەکانن لەمستەوتەناتی فەلەستین. کەهەقیشە دەربکرێن. بەڵام کاتێک باس دێتە سەر کوردستان و تەعریب، هەرچی شێخ و مەلای شۆڤێنی هەیە، لێمان دەبنە تێکۆشەرو خۆیان نوقمی کۆنەپەرستین، کەچی نمونەش بەدیموکراتیەتی رۆژئاوا بۆ تەعریبی نادیموکراسی و نامرۆڤایەتی دێننەوە.

ئەو رووداوانە.. دەری دەخەن کە پاشماوەکانی تەعریب چەند جێگەی مەترسین. چەندیش گرنگە هەتا هەلومەرجەکە لەبارە، تەعریب ریشەکێش بکرێت. هەر سەرکردەیەک، هەر حیزبێک، هەر کەسێک.. گەورە بێت یان گچکە، بەبایەخی نەهێشتنی تەعریب تێ نەگەیشتبێ و بۆ ریشەکێش کردنی تەعریب لەهەموو بارێکەوە: سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، روناکبیری و ئابووری تێنەکۆشێت، بیەوێ و نەیەوێ خیانەت لەکوردستان دەکات و گیانی ئازادی و رزگاریخوازی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجەش.. لەگۆری تاک و گۆرستانی بەکۆمەڵدا، رادەچڵەکێنێ!■

میسر و هەنگاوێک بەرەو ریفۆرمی سیاسی

کامیل مەحمود

□ کۆتایی مانگی رابردوو سەرۆکی میسر حوسنی موبارەک لەژێر فشاری جەماوەریی و لایەنە سیاسیەکانی ئەو وڵاتەدا رازی بوو بەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەنێوان چەند کاندیدێکدا و کۆتایی هێنان بەپرۆسەی راپرسی بەڵێ و نەخێر بۆ سەرۆکی هەتا هەتایی وڵات و ئاکامی لەسەدا نەوەدو نۆی راپرسیەکان!.

ئەم هەنگاوەی موبارەک ئەگەرچی بەو ئالیەتەی خۆی و پارتی نیشتیمانی فەرمانڕەوا بیری لێ دەکەنەوە، هەنگاوێکی رووکەشانەی گومانا وییە. بەڵام هەرچۆن بێت تێپەڕاندنی حاڵەتێکی سیاسی نادیموکراسییە کەهەمیشە ئاکامەکەی رێژەی نەگۆڕو بەڵێ بووە بۆ سەرۆکی کاریزمی و بێ بەرامبەری وڵات، دەکرێت لەژێر فشاری تری سایسی و جەماوەریدا پەرەی پێ بدرێت و کاندیدەکان لەبارودۆخێکی ئازادو یەکساندا خۆیان بناسێنن و بانگەشە بۆ خۆیان و پرۆژەکانیان بکەن، نەک وەک ئەم قۆناغە کەتەواوی دەزگاو دامەزراوە رەسمییەکانی دەوڵەت و دەیان کەناڵی پێشکەوتووی رەسمی و نارەسمی وڵات کار لەسەر بەکاریزماکردن و زەعامەتی بێ بەرامبەرو نموونەیی موبارەک و لاوازکردنی کەسایەتییە سیاسییەکانی تر دەکەن.

هەڵبژادرن بۆ خۆی ئالیەتێکی دیموکراسیانەی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتە بەو مەرجانەی دیموکراسیەت دەیخوازێت، لەدەرەوەی ئەم مەرجانە پرۆسەکە دەبێتە کردەیەکی رووکەشانەو پەیوەندی بەدیموکراسیەتەوە نامێنێت و ئامانجەکەشی نایەتە دی و بگرە بەناوەرۆکێکی دکتاتۆرانەوە خۆی نمایش دەکات.

وەک وتمان خودی رازیبوونەکەی موبارەک لەسەر کێبەرکێی هەڵبژاردن و دانانی کاندیدیتر لەبەرامبەریدا وەچەرخانێکی پۆزەتیڤانەیەو تێپەڕاندنی سەردەمی راپرسی و بەپشتاوپشتکردنی دەسەڵاتە، وەک ئەوەی سەرۆک موبارەک بۆ دوای خۆی جەمالی کوڕی بۆ پێگەی سەرۆکایەتی ئامادە دەکرد.

میسر وڵاتێکی پێشەنگی دنیای عەرەبە لەرووی سیاسیی و مێژووییەوە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبیدا پەراوێزێک لەئازادی سیاسی و کاری رێکخراوەیی تیادایە، بەڵام ئەو پەراوێزەش مەحکومە بەرەچاوکردنی یاسای باری نائاسایی وڵات و رەمزیەتی سەرۆک تەنانەت پێشەنگیەتی مێژوویی پارتی نیشتیمانی فەرمانڕەوا، کەپارتی سەرۆک کۆمارە.

فشاری دەرەوەو ناوەوەی سەر سەرۆک موبارەک و دەسەڵاتەکەی، ناچاری کردن بەرازیبوون بەگۆڕینی مادەی ٧٦ی دەستووری میسری کەزەمانەتی دەستوری بوو بۆ مانەوەی سەرۆکی ئێستا لەپۆستەکەیدا لەرێگای ریفراندۆمەوە.

کێشەکە لەوەدا نییە پرۆسەی دانان و دیاریکردنی سەرۆک بەهەڵبژاردن بێت یان بەریفراندۆمی بەڵێ و نەخێر، گرنگ ئەوەیە ئەو ئالیەتانە دیموکراسین یان خاڵی کراونەتەوە لەناوەرۆکە دیموکراسییەکەی خۆیان. چونکە لەهەندێ وڵاتی عەرەبیدا سیناریۆی هەڵبژاردن ساز دەکرێت و هەمیشە ئاکامەکەی رێژەی نەگۆڕو سەرکردەی تاقانەو رەمزە بەرێژەی لەسەدا نەوەدو نۆ، ریفراندۆمەکانیش بەوەی میسریشەوە هەر هەمان ئاکامیان بەدەستەوە داوە، چونکە دیموکراسیەت دەبێت بەنەفەسێکی دیموکراسیانەوە پیادەو پراکتیزە بکرێت نەک بەنیازێکی دکتاتۆرانەو چەواشەکارانەو لەژێر فشاری باری ناچاریدا.

میسر هەنگاوێکی ناوە کەهەنگاوێکی سیاسی نەوعییەو هەڵبژاردنیش ساز دەکرێت، بەڵام ئەو هەڵبژاردنەی سەرۆک هەر بەسەرۆکی رەمزو سەرکردەی نموونە دەمێنێیەوە!، چونکە زیاتر لە ٢٤ ساڵە راگەیاندنی جۆراوجۆری تاک لایەنەی دەسەڵات بانگەشەی بەرائەت و گەورەیی و تایبەتمەندی کاریزمی بۆ دەکەن و دەزگاو دامەزراوە رەسمییەکانی دەوڵەتیش ناوی موبارەک لەقوتابخانەو کتێبخانەو نەخۆشخانەو شەقام و گۆڕەپانەکانی میسر دەنێن و بەمەلاین وێنەی سەرۆکیان لەهەموو جێگایەکدا بڵاوکردووەتەوەو پیرۆزییان بەکەسایەتی سەرۆک داوە.

هەمووئەوانە بۆ مانەوەی هەتا هەتایی سەرۆک کراوە کەئەم حاڵەتە لەزۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای عەرەبدا پیادە دەکرێت و کلتوری وێنەو پەیکەر بووەتە مۆرک و تایبەتمەندی ئەو جۆرە سەرۆک و رژێمە هەتا هەتاییانە.

ئێستایش دەوڵەت و پارتی نیشتیمانی فەرمانڕەوایی میسریش هەموو ئامادەباشیەکیان بۆ ریفراندۆم لەسەر خولی نوێی سەرۆکایەتی موبارەک کردووە کە لەمانگی سێبتەمبەری ئایندەدا دەبێت ئەنجام بدرێت، بەڵام وا دیارە چاکسازییەکە لەوێدایە کەئەو ریفراندۆمە دەگۆڕێت بەهەڵبژاردن، کەلایەنە سیاسییە میسرییەکانی سەر گۆڕەپانەکە بەو کتوپڕییە خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە و ئەگەر بەکاندیدەکانیان بەشداری بکەن، ئاکامەکەی بۆ سەرۆک موبارەک لەسەدا نەوەد کەمتر نابێت!، بۆیە پێدەچێت ململانێکە دیسان هەر تاک لایەنە بێت.

جگە لەوەش شەقامی میسری و هێزە سایسییەکانی ئەو وڵاتە چاوەڕێی چاکسازییەکی لەوە زیاتریان دەکرد کەسەرەتاکەی لەهەڵگرتنی باری نائاسایی وڵات و دەستەبەرکردنی ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەرییەوە دەست پێ بکات تا دەگاتە ئازادکردنی زیندانە سیاسیەکان و دواجار کاراکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی رێکخراوەکانی پەیوەست بەمافەکانی مرۆڤ.

دیموکراسیەت بەتەنها هەڵبژاردن نییە، بەتایبەتی هەڵبژاردنێک خاڵی کرابێتەوە لەناوەرۆکی دیموکراسیانەی خۆی و هیچ گۆڕانێک لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا دروست نەکات.

بەهەرحاڵ، ئەو هەنگاوەی موبارەک ئەگەر هەنگاوی مەیدانی تری بەدوادا بێت بەئامانجی ریفۆرم و وەرچەرخانی سیاسی، ئەم پرۆسەی ریفۆرم و وەرچەرخانەی کاریگەری پۆزەتیڤانەی لەسەر ناوچەکە دەبێت، میسریش پێگەی پێشەنگایەتی سیاسی و مێژوویی لەناو دنیای عەرەبدا بەهێزو پارێزراوتر دەبێت.■

دەیانپات بوونەوەی کۆنگرەی سەرانی عەرەب

سەرکەوت عەبدوڵڵا

□ سەرۆکان، یان سەرانی عەرەب، یەک دوو ساڵ جارێک لەسەر کێشەکان، یان لەسەر رووبەروو بوونەوەی ئیسرائیل و شەری ناوخۆیان، کۆنگرەی لوتکە دەبەستن. پێش هەموو کۆنگرەیەک، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی (ئەمجارەیان بەوەزیرە کوردێکی دەرەوەی عێراقیشەوە) کۆدەبنەوە بۆ زەمینە سازی سەرخستنی کۆنگرەی لوتکەی سەرانیان. ئەمجارەش، بەهەمان شێوە، کارو بەرنامەکانیان بەرێوە چوو. جەزائیری پایتەختی جەزائیر، خانەخوێی کۆنگرەکەیان بوو.

پرۆپاگەندەیەکی گەرمیشیان کرد گوایە ئەم کۆنگرەیە، باشتر دەبێت لەوانەی پێشوو. بەهەرحاڵ..

کۆنگرە بەستراو تەواویش بوو. لەباری سیاسییەوە، لەباری ئابوورییەوە، لەباری ئیداری و روناکبیریشەوە، ئەم کۆنگرەیە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەتەک کۆنگرەکانی دیکە نەبوو. گۆڕانکارییەکی قوڵ یان وەرچەرخانێکی سیاسی گەورە لەبڕیارەکانی کۆنگرەکەدا، بەدی نەهات. رەنگە دوو مەسەلەی سەرنج راکێش بووبن..

یەکەم: بڕیاردراوە مانگێکی دەستکرد بۆ چاودێری و پێشبینی کردنی کارەساتی سروشتی (ئەویش بێگومان بەکرێ دەبێ چونکە وڵاتانی عەرەب هێشتا عەگالیش لەدەرەوە بەکرێ دەدەن!!).

دووەم: وتارێکی ئەمجارەی موعەمەر قەزافی، فەلەستین و ئیسرائیلی بەگێل لەقەڵەم دا، کەپێشتر سەروبنی قسەی رزگاری فەلەستین بوو. ئەم دوو مەسەلەیە، لەناو کۆنگرەکەدا سەرنجییان راکێشا.

یەکەمیان باشەو دووەمیشیان گرفتی ناو عەرەب زیاتر دەئاڵۆزێنێت. وەکو دی.. ئەوەی مایەی سەرسوڕمان نەبوو، ئەوە بوو کەوا: سەرۆکی جەزائیر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە: هیچ هێزێک نییە ریفۆرم بەسەر عەرەبدا لەدەرەوە بسەپێنێت.

وا دیارە ئەم قسەیە، زۆربەی سەرانی عەرەبی دڵخۆش کردبوو، تاک تاکیش نیگەران. سەیرە.. سەرانی (٢١) وڵاتی عەرەبی کۆنگرە ببەستن، نە لەناو خۆیاندا، لەم جیهانە پڕ ئاڵوگۆڕەدا پرۆژەی گۆڕانکارییان هەبێت، نە قبوڵیشیان بێت پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە وڵاتەکانیان بتەنێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا، لەراپۆرتی ٢٠٠٣ی نەشونمای وڵاتانی عەرەبیدا، سەلمێندراوە کە کۆمەڵە عەرەبییەکان، تەنانەت لەئەفریقاش دواکەوتووترن. سەرەڕاش.. هێشتا سەرانی عەرەب رانەچڵەکاون و بیر لەوە ناکەنەوە کەدوور نییە، ئەم چەقین و چەقبەستنە رەنگە بەدەردەکەی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتیان بەرێت. خەڵک لێیان راپەڕێ و تەخت و تاراجیان سەرەو نگونی هەمیشەیی بکات. هیچ نەبێت تازەترین نموونەی قرغیزیا لەبەرچاو بگرن کە جەماوەر، تەنها لەدەرپەڕینێکی بچوکدا، حکومەتەکەی روخاند و حکومەتێکی نوێی هێنایە سەرکار.

سەرانی عەرەب.. بێگومان دۆخی خۆیان باش باش دەزانن، بەڵام ئەم پێکهاتەیەی وڵاتانی عەرەبی، ئەم عەقڵیەتەی کەهێشتا لەژێر هەژمونگەری ئاینی و ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، دەوڵەت و کۆمەڵ و داوو دەزگاکانی عەرەب بەرێوە دەبات، ئەمانە ناهێڵن لەبنەماو ئاراستەدا، لە بیرکردنەوەو چەمکەکاندا، بیری نوێ، گۆڕانکاری نوێ و ژیانی نوێ لەناو شادەمارەکانی وڵاتان و کۆمەڵەکانی عەرەبیدا بژێتەوە و نۆژەنیان بکات.

کاتێک.. ئاین و مەزهەبی تۆتالیتاری ئاوێتەی رێبازی دەوڵەتداری ناسیۆنالیستی دەبێ، پێکەوە، ئایدۆلۆژیەتێکی دۆگمی تۆکمە پێکدێنن و ناهێڵن جۆگەلەکانی پێشکەوتن و گۆڕانکاری برژێنە ناو ژیان و دەسەڵاتەوە. بەڵکو، ئەم بنچینە دوانییەی (ئاین و ناسیۆنالیزم) جۆرێک لەپیرۆزی دەبەخشنە دەسەڵات و دەسەڵاتداران، بەڵکو حزب و روناکبیرانی سەر بەو رێبازە، ئەم پیرۆزییەش بۆ ئاین و ناسیۆنالیزم وادەکەن دەرگاکانی بەردەوام دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیەت دابخرێن و لەبری مافەکانی ئازادی، سیاسەتی سەرکوتکردن دەگرنە بەر. هەربۆیە، سەیر نییە، لەکاتێکدا سەرانی عەرەب کۆنگرە دەبەستن، مەلیک عەبدوڵڵای ئوردن سەردانی ئەمریکا دەکاو لەکوێتیشدا، گفتوگۆ گەرمە لەسەر ئەوەی ئایا: ژن بۆی هەیە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان بکات یان نا. بەڕاستی سەیرە؟ لەم سەردەمەدا.. کەدیموکراسی رۆدەچێتە کون و کەلەبەری ژیانی تاکە کەسیش، تازەبە تازە کوەیت، رێدەگرێ لەمافی ئازادی بەشداری هەڵبژاردن لای ژنان.

بێگومان کۆنگرەی سەرانی عەرەب، لەبارودۆخێکی ئاوادا کەدەبەسترێت، ناتوانێ بڕیاری نوێی گۆڕانکاری پەسەند بکات. هەڵبەتە لەبەرامبەر کێشەکانی سوریا، لوبنان و تیرۆرکردنی حەریری، عێراق و دەستێوەردانی ئیقلیمی، فەلەستین و ئیسلامەگەراکان، بیابانی رۆژئاوا، مەغریب و جەزائیر، تیتراکانی جەزائیر، برسییەتی، خراپی باری تەندروستی، دواکەوتویی، نەخوێندەواری، لەبەر دەست نەبوونی ئاوی خواردنەوەی پاکژی (١٥) وڵاتی عەرەبی، بێکارییەکی رێژە هەرە بەرز، پەروەردەی دواکەوتوویی خوێندن. هەروەها پیشەسازی لاوازی عەرەبی و پاشکۆیەتی بێ ردێن بۆ رۆژئاوا.. تا دوایی.

هەڵبەت کۆنگرەی سەرانی عەرەب کە هێشتا چاویان بەرایی نادا دان بەمافە دیموکراتیەکاندا بێنن، ناتوانێ سەرکەوتوو بێت لەم چوارچێوەیەدا ئێمەی گەلی کوردستانیش حەق نییە چاوەڕێی ئەوە بکەین سەران و هێزە عەرەبی و ناسیۆنالیستەکان، دان بەمافە دیموکراتییەکانماندا بنێن. چونکە خۆیان لەبنچینەدا دژی دیموکراسین، لەناوەوە و دەرەوەیش دا، دیموکراسییان قبوڵ نییەو ناشبێت.■

ئەم گرانفرۆشییە کێ لێی بەرپرسیارە؟

دەزگا پەیوەندیدارەکان و حکومەت راستەوخۆ لێپرسراون لەبەرامبەر سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەدا

ئامادەکردنی: محەمەد رەزا

پێشەکی

□ زۆر لەرۆژنامە نووسان و نوسەران سەبارەت بەو گرانفرۆشییەی لە شاری سلێمانیدا ماوەیەکە خەڵکی ئەم شارەی بێزارکردووە، نووسین و ریپۆرتاژیان بۆ سازکردووەو لێپرسراوان یان دەزگا پەیوەندیدارەکان لەئاست ئەم دیاردە ناشایستەو دزێوەدا وەڵامیان نییەو نەیانتوانیوە ئەم خەمە گەورەیە کە کێشەیەکی رۆژانەی خەڵکی ئەم شارەیە بنەبڕ بکەن یان وەک خەمخۆرێکی چینی هەژارو کەم دەستان، سنورێک بۆ ئەم گرانفرۆشییە دەست نیشان بکەن.. بۆ خۆشگوزەرانی و بەئاسوودەیی ژیانی هاووڵاتیان، دیسانەوە لەم بەدواداچوونەدا تەنها هەندێک لایەنی ئەم گرانفرۆشییە دەوروژێنین و وەڵام و چارەسەری گونجاو بەپەلەی بۆ چاودێری بازرگانی و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە جێدەهێڵین.

سەرەتا چەند دوکاندارو شمەک فرۆشێکمان دواندو بەبێ ترس وەڵامی پرسیارەکانمان دایەوە، بەڵام تا سەر ئێسقان و لێوان لێو بوو لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان:

تازە چاک نابێت گۆشتیش بەزۆر بەکەس نافرۆشم، هەمووی بەرەزامەندی خۆی گۆشتم لا دەکرێت.

دەستگێرەکان هەریەکەو بەجۆرێک و بە ئارەزووی خۆی نرخی داناوە، بۆ ئەو شتومەکانەی دەیانفرۆشن، بە راستی هیچ لێپرسینەوەیەک بەدی ناکرێت هەربۆیە بەناوی بازاری ئازادەوە (استغلال)ی وەزعەکەیان کردووە، بۆیە پێویستە دەسەڵات (تعلیمات) لەو

ئەو دیاردە ناشارستانییە لەلایەن حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان و چاودێری بازرگانییەوە فەراهەم نەکراوە، بۆئەوەی کاری پێ بکەن، یان هەر هیچ ترسێکیان نیەلەو رووەوە، کە بەراستی بۆتە جێگەی گازندەوگلەیی زۆری هاولایتیان، کە ناکرێت حکومەت لە ئاست ئەم گرانفرۆشیەدا چاوی خۆی ببەستێت و رێگەخۆشکەر بێت بۆئەو چەقاڵ و بەقاڵە گیرفان قوڵانەی کە ویژدانیان

فەرمانبەرێک: ئەم وەزعە دەبێت دەسەڵات، حکومەت چاکی بکات

سەوزەو میوە فرۆشێک: ئەگەر دەسکێک سەوزە بە (٥٠٠) دیناریش بدەینە مووچە خۆرێک هیچ نییە بۆ ئەوان!!

- هیوا خورشید ئەحمەد/ بازرگان:

کاکی خۆم، ئێمە ئەو قوماشانەی کە دەیفرۆشین، راستە بۆنی گرانی پێوە دیارە، بەڵام تۆ بچۆرە لای هەندێک دوکان کە دوکانەکانیان بە ئاوێنە رازاندۆتەوە، بزانە دە قاتی نرخی ئێمە نییەوکەسیش لێیان ناپرسێ.

- ئەحمەد سەڵاح ئەنوەر/ میوەفرۆش:

کاکی خۆم، شتەکان گرانن، ئێمە دەسەڵاتمان نییە، دیارە ئێمەش لەعەلوە بەگران دەیکرین، جگەلەو گرانفرۆشتنەی پێمانی دەفرۆشن، ئەگەرفەردەیەک پیازیان شەبەکەیەک پەتاتەش لەعەلوە بهێنیتە دەرەوە بێ عمولە ناهێڵن دەریبکەیت، ئەمانە هەمووی کۆدەکرێتەوەو ناچار دەبین بیخەینە سەر میوەکان و بەگران بیفرۆشینەوە بەهاوڵاتیان.. گوناهی ئێمە نییە بروا بکە.

- عەلی مەحمود/ سەوزەفرۆش:

کاکەگیان، هیچ گران نییە، موچەخۆر بەزۆری لێمانی دەکرێت و ئەگەر دەسکێ سەوزەیان بدەینێ بە (٥٠٠) دیناریش، هیچ نییە بۆ ئەوان خوا نەیبڕێ مامۆستا، مانگی سەفتەیەک دە هەزاری و بیست و پێنج هەزار دیناری وەردەگرن، ئێ بەخوا ئەوەندەش خێر ناکەین، چونکە گران دەیکرین.

- (.....) قەساب کەناوی خۆی ئاشکرا نەکرد:

کاکی برا، ئێوە زۆر سەیرن، هەمووی هەر لەگەڵ ئێمەیەتی و وادەزانن تەنها گۆشت گرانە، من قەمەرەیەکی شرم هەیە دوێنێ و پێرێ پێشەکەیان بۆ داگرتووم و هەندێک شتیان تیادا گۆڕیوە، پارەی گایەکیان لێ سەندووم، شتەکان هەمووی گرانن و رێگەیان پێ دراوە

بارەیەوە دابەزێنێت بۆ خوارەوەو گوشار بخرێتە سەر دەزگا پەیوەندیدارەکان کۆنترۆڵی ئەم گرانفرۆشییە بکەن.

- وەستا کەریم/ چێشتاخانەی (...)

کاکە، بەقورعان رۆژ لەدوای رۆژ هەموو شتەکانمان بەگران دەست دەکەوێت، ئێمەش حەزناکەین خواردن بەگران بفرۆشین، بەڵام تۆ وەرە چارێکمان بۆ بدۆزەرەوەو بزانە چارمان چییە.

نانەوایەک: ئاردی ماڵان وەرناگرین.. بەرژەوەندیمان لەوەدایە بەپارە نان بفرۆشین

- وەستا بەکری نانەوا

ئێستا ئاردی ماڵان وەرناگرین، تەنها بە پارە دەیفرۆشین، چونکە بەرژەوەندیمان لەوەدایە بەپارە بیفرۆشین، خوا نەیبڕێ خەڵک فەقیر نییە.

بەهەرحاڵ هەمووی گەزەکە بەلای خۆیدا رادەکێشێت و ئاگای لە (معانات)ی خەڵکی هەژار نییە، لەلایەکی تریشەوە سیستمێک بۆ

ژنێکی بەساڵاچوو: عومرم گەیشتووە بەم عومرە، گرانی ئاوام نەدیوە.. خوا ئەوە بگرێت مشەخۆریی لەسەر ئەم میللەتە دەکات

رێگەیان پێدەدات بۆ بەرژەوەندی پڕکردنی گیرفانی خۆیان خەڵکی هەژار برووتێننەوە.

هەروەها پێمان باش بوو، هەندێک لەهاولاتیان بدوێنین، سەبارەت بەم گرانفرۆشییە تاکو لەزاری خۆیانەوە نارازییە زۆرەکانیان ببیستین:

- عەلی ئەحمەد رۆستەم/ مامۆستا:

کاکی من، دەست بۆ هەر کاڵاو شتومەکێک دەبەیت، دوپشکەو پێتەوە دەدات، بەراستی من ئەم دیاردەیە دەگەرێنمەوە بۆ کەلە پاچەیی حکومەت، ئەگەر حکومەت دەزگاکانی ئاگادار بکاتەوە لێیان بپێچێتەوەو نرخ دابنرێت، بەم شێوەیە خەڵکی ناروتێننەوە، خۆ تۆ دەستت خۆش بێت ئەم دیاردەیە دەخەیتە پێش چاویان، بەڵام بەخوا کەس خۆی بەخاوەنی نازانێت.

- مریەم شێخ جەلال/ ژنێکی بەساڵاچوو

کوری خۆم هەق وایە، لەخۆیان و حکومەت بپرسیت، عومرم گەیشتوە بەم عومرە، گرانی ئاوام نەدیوە، راستە خەڵکی موچەخۆرە، خۆ هەشە رۆژێک ئیش نەکات نییەتی بیخوات، خوا ئەوە بگرێت مشەخۆری لەسەر ئەم میللەتە دەکات.

- نەزیرە کەریم عوسمان/ فەرمانبەر:

لەفەرمانگەو ماڵ و شوێنە گشتیەکان، هەر باس باسی گرانفرۆشی بازارە، بەڵام ئایا بەقسەکردن و قسەکردن لەسەر خۆی ئەم وەزعە چاک دەبێت، غێر دەسەڵات.. حکومەت دەبێت چاکی بکات.

لەم گەشتە رۆژنامەوانییەدا، زۆر کەسمان بەسەر کردەوە لە دوکاندارو فرۆشیارو هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە کریار بوون و دەست بەپریاسکەوە بەرەو ماڵ دەچوونەوە، بەڵام وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا تەنها حاڵەتێکی وروژێنەرمان سازش کردو پوختەی گوتەو نارەزایی هەندێک لەو هاوڵاتیانەمان خستە روو، بەو هیوایەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەم هەموو گرانفرۆشیەدا، ئەگەر سەرنج بدرێت، شوێنە دوورە دەستەکانی وەک گەرەکی ئازادی و زەرگەتەو کارێزەووشک و بەکرەجۆو سەرچنارو ... هتد، زیاتر لەو گرانفرۆشیانەی لە بازاردا دەکرێت، نرخی ئەو شتومەکانە زیاترە بەبروبیانووی جۆراوجۆرو نرخی گواستنەوە، چەندین درۆو دەلەسەی تر کە تەنهاو تەنها تیایدا ئەو خاوەن دوکانانە پێی دەوڵەمەند دەبن و هاوڵاتیان زەرەرمەند دەبن، تکایە چارەسەرێک.■

کورتیلە باس

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەکردنەوەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیدا، باسی فیدراڵی نەکرد

□ لە ساڵرۆژی هەڵەبجەدا، یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراوی عێراق، بەسترا. ئەم کۆبونەوەیە لەبەر دوو سێ هۆ سەنگی کورد تیایدا سەنگین بوو.

یەکەم: لیستی هاوپەیمانی کوردستان دووەمین لیستی باوەڕپێدراوی هەڵبژاردنەکە بوو.

دووەم: لەسەر کێشەی کەرکوک و پێشمەرگە، دەیان رۆژ بەستنی کۆبونەوەکە دواخرا.

سێهەمیش: لە ساڵرۆژی هەڵەبجەدا، کۆبونەوەکە سازدرا.

ئەم سێ مەسەلەیە، لەناو کۆبونەوەکەدا زەق زەق رەنگی سیاسی و نەتەوەییان دابوەوە و ئاژانس و میدیاکانیش تێکرا باسیان دەکرد.

کەچی..

ئەشرەف قازی، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان.. لەناو کۆبونەوەکەدا، گوتارێکی پێشکەش کردو لە گوتارەکەدا، ئەمسەرو ئەوسەری دونیای سیاسەتی تەی کردو باسی یاساو پەرلەمانەکان و جیهانی ئەمڕۆو عێراق و گرنگی هەڵبژاردنەکەی کرد، بەڵام بەداخەوە، ئەوەی بەلایدا نەچوو، باسی کێشەی کوردستان و فیدراڵ و گرنگی عێراقی فیدراڵ بوو، بۆ پێکهێنانەوەی عێراقی نوێ.

سەیرە.. لە شوێنێکی ئاوادا، کە باس باسی سیاسەت و سیاسەتەکەش لەسەر عێراق و عێراقیش سەر لەنوێ بونیات دەنرێتەوە و کوردیش شوێنێکی گرنگی لەم پرۆسەیەدا هەیە، کەچی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان دوورو نزیک باسی کوردو کوردستان و تەنانەت فیدراڵیەتیش ناکا.. ئەمە لەکاتێکدا ئەشرەف قازی نوێنەری دەزگایەکە پێی دەگوترێ (نەتەوە یەکگرتوەکان) نەک (حکومەتە یەکگرتوەکان) کوردیش بێگومان نەتەوەیە!■

رۆژنامەکانی بەریتانیا.. ئاستەنگی کەم فرۆشتنیان هەیە

□ لەتەواوی جیهاندا، رۆژنامە دووچاری کەم فرۆشی بووە (لەکوردستاندا هەر مەپرسە!!)، بەڵام بێگومان شوێن تا شوێنیش جیاوازی هەیە، هۆیەکانی ئەم ئاستەنگەش زۆرە، لەوانە: سواوی هەندێک لە رۆژنامەکان کە ناگونجێن لەگەڵ گۆرانکارییەکانی پێگەیشتنی نەوەی نوێ، بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی زۆری ریکلام بەبێ پارە ئەمە جگەلەوەی کە سەتەلایت و ئینتەرنێت کاریگەری زۆری لەسەر رێبەری خوێندنەوەی رۆژنامە داناوە.

لەبەریتانیادا دیاردەیەکی چاوەروان نەکراو لەدنیای رۆژنامەگەریدا دەرکەوتووە، ئەویش ئەوەیە کە خەریکە جیاوازی نێوان رۆژنامە ناودارەکان کە دوانزە دانەن و لەسەر ئاستی بەریتانیادا پەخش دەکرێن و خەریکە جیاوازییان لەگەڵ رۆژنامەکانی دیکەی گچکەدا نامێنێ. بۆ ئاگاداریش قەبارەی گەورەکان پێیان دەوترێت (brwsht) رۆژنامە قەبارە بچووکەکانیش (tabloid)

پسپۆرانی رۆژنامەگەری پێیان وایە کەهەندێک لەو رۆژنامانە پێویستە تێکەڵ بکرێن. بەڵام جارێ کاری وا دەستی پێنەکردووە، بۆربۆرێنێکی گەورە لەنێوان رۆژنامەکانی (تایمز، ئەندیپێندت، گاردیەن، دەیلی تەلەگراف و ئەنتەرناشناڵ هیرالد تریبۆن)دا هەیە.

(دەیلی تەلەگراف و تایمز) لەناو ناوەندەکانی راسترەوەکاندا بۆربۆرێنیان هەیە، بەڵام (ئەندیپێندت و هیرالد تریبۆن) لەناو ناوەندەکانی چەپدا وەستاون.

رۆژنامە قەبارە بچوکەکانیش (tabloid) گۆرانکارییان بەسەر فۆرم و ناوەرۆکی خۆشیاندا، (لەبەر ئەو ئاستەنگەی هەیە) هێناوە. بەم جۆرە رۆژنامانە بە (ناوسوورەکان) ناسراوە، چونکە ناوی رۆژنامەکان بەسوور دەنوسرێن، لەمەشدا گۆرانکارییان کردووە.

ئێستا رۆژنامەی (دەیلی میرۆر) ناوی بەشین دەنوسێت. دوای ئەوە بریارێکی پەسەندکراوی کە رۆژنامەکە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ساختە لەسەر سەربازە بەریتانیەکان، گوایە لەعێراقدا ئەشکەنجەی دیلەکانیان داوە، لەسەر ئەم وێنەیە رۆژنامەکە لەبەرچاو کەوت، ناچار رەنگی ناوی رۆژنامەکەو شێوازی دەرکردنیشی گۆری.■

عێراق.. دابەزینی هەڵئاوسان و گەڕانەوەی باجی گومرگ

□ وەزارەتی نەخشەسازی عێراق، مانگانە راپۆرتێک لەسەر باری هەڵچونو داچونی ئابوری عێراق بڵاو دەکاتەوە. لەراپۆرتی ئەم مانگەدا، بەبەراورد لەگەڵ مانگی رابردودا، ئاماژەکانی هەڵئاوسان (٢.٥٪) لەدابەزیندا بووە. وەزیری نەخشەسازی و هاوکاری و نەشونمای عێراق، هۆی ئەم دابەزینەی بەستۆتەوە بەوە کە:

پاشەکشە لەدابەزینی ژمارەی پێودانگی کۆمەڵێک شتومەکدا کەرێژەی (٥.٦٪) لەسەرفیاتی بەکاربردنی خەزانی عێراقی پێکدێنێ. لەوانە مەشروبات و جگەرە (لەتێکڕای هەڵئاوسان) (٢.٥٪) دابەزیون. هەروەها، کارەباو وزەش (٢٢.٩٪) هەڵئاوسانیان دابەزیوە، ئەو بەشانە لەمانگی رابردودا بەرزبونەوەیەکی دژواریان هەبوو گەیشتۆتە (٨٠.٢٪).

مەهدی ئەلحافز وەزیری نەخشەسازی عێراق دەری خست کەوا: حەوت کۆمەڵی شتومەکی دیکە لەتێکڕای هەڵئاوساندا بەرزبوەتەوە یان لەمەسرەفی خەزانی عێراقیدا بەرێژەی (٤.٩٪) دیوە لەوانە: شتومەکی خواردەمەنی (٤٪)، قوماش و جلوبەرگ (٥٪) کەلوپەلی ناوماڵ (٣٪)، و گواستنەوە و گەیاندن (٢٪) و خزمەت گوزارییە جۆراوجۆرەکانی دیکەش (٣.٦٪) بەرزبوونەتەوە.

لەسەر ئاستێکی دیکە، بەرپرسی بەشی باج سەنی زۆر بەگرنگی زانی کە یاسای باج سەنی بگەڕێنرێتەوە و چاودێری کاڵاو شتومەک و کەلوپەلی هاوردە بکرێتەوە، رونیشی کردۆتەوە کەوا: هاوردە لەکاتێکدا باجی لێوەرناگیرێ، وایان کردووە کەبازاڕی عێراق پڕبووە لەشتومەکی خراپ و خەتەر لەسەر ژیانی هاوڵاتی، چونکە چاودێری پێوانەیان لەسەر نییە.■

laparakan.qxd 3/28/2005 6:03 AM Page 3

کۆچی گوندنشینان بەرەو شار

هۆکارو سەرهەڵدانی لەناوچەی چەمچەماڵ

ئامادەکردنی: نەوزاد سەنگاوی

□ ماوەیەکە دانیشتوانی گوندەکان لەسنوری قەزای چەمچەماڵ دەستیان داوەتە فرۆشتنی مەڕو ماڵاتیان و روو لەشارەکان دەکەن ئێمەش بۆ بەدواچوونی ئەم بابەتە روومان لەچەند گوندێکی بناری خاڵخانی سەر بەناحییەی ئاغجەلەر کردو دانیشتوانی گوندەکانیش بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەی چاودێر دووان.

-شاخەوان محەمەد ئەفەندی - گوندنشین

ئێمەکە دانیشتوی گوندی ئاوبارەین گوندەکەمان هەتا ئێستا ڕێگەی هاتووچۆی نیە بەتایبەتی لەزستانان‌دا سەیارە ناتوانێت هاتووچۆ بۆ گوندەکان بکات و هەروەها ماڵاتمان و دەغڵ و دانمان پارە ناکات و مەعیشەتمان لێرە ناڕوا ناچار بیر لەبارکردن دەکەمەوە لەبەرئەوەی هیچ خزمەت گوزاریەکمان پێشکەش ناکرێت بۆ خۆش گوزەرانی خەڵکی گوندەکە.

-عومەر عەلی ڕەزا - ئەنجومەنی گوندی ئاوبارە

من ماوەیەکە کەماڵم لێرە باری کردووە و بۆ سەردان هاتوومەتەوە ئاژەڵەکانم فرۆشتووە لەشار دامەزراوم ئەو موچەی وەری دەگرم زۆر باشترە لەمەڕو ماڵاتەکانم کەزۆر بەدەستیەوە هیلاک بوم ئێمە گوندەکەمان نەکارەبای هەیە نەمۆلیدە نە نەخۆشخانە چەندین جار داوای چەوریژکردنی ڕێگای گوندەکانمان کردووە بۆمان جێبەجێ نەکراوە ئاوی خواردن لەم گوندەدا نیە بەروبومی دانەوێڵەمان لەلایەن حوکمەتەوە لێ وەرناگرێت

-مەریوان تۆفیق - گوندنشین

ئەو ژیانە خۆشەی لەشاردا هەیە لەلادێکاندا نیە لەڕووی پرۆژەوە ئێستاکەش شوانی ناکات بەپارەیەکی کەم بۆیە دەڕواتەوە شارو دەبێت بەپێشمەرگە پارەیەکی باش وەردەگرێت زۆر لەشوانیەکەی باشترە ئەگەر بتەوێت خێزان پێکەوە بنێیت ئەوا ژن شوو بەلادێی ناکات چونکە ژیان تیایدا ناخۆشە بۆیە دەبێت بارکەیت و بڕۆی بۆ شار.

-عەدنان قادر - گوندنشین

ئێستا بەتەمای بارکردنم بڕۆم بۆ شار چاوەڕێم خانوویەک بکرم و بار بکەم چونکە ژیانمان لەژیانی مرۆڤێکی ئاسای ناچێت لەم چۆڵەوانیەدا نە ئاژەڵ پارە دەکات بەو هەموو مەسرەفەوە کە تیایدا دەیکەین نە فەرمانگەی کشتوکاڵ دانەوێڵەکانمان دەکرێتەوە نە حوکمەت پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە لەگوندەکاندا جێبەجێ دەکات.

-حەسیب خدر - گوندنشین

ئێستا خەڵک دەوڵەمەند بووە هیچ پێویستی بەوە نیە لەخانوی قوڕو بێ کارەبادا دانیشێت بەتایبەتی لەگوندەکاندا دامەزراندن نیە هەتا خەڵک لەگوندەکاندا دابنیشێت ئەگەر توانای کڕینی خانوم هەبوایە بۆ شار بارم دەکرد.

-تالیب کەریم عەبدوڵلا - گوندنشین

بەڕاستی ئاوڕ لەگوندەکان نادرێتەوە هیچ پێشکەوتنێک لەگوندەکاندا نیە لەماوەی ساڵی رابردوودا لەگوندەکەی ئێمە کەدارە قوتەیە ١٥ ماڵ باری کردووە وە چەندین ماڵیتر بەتەمای بارکردنە ئێمە نە نەخۆشخانە لەگوندەکەماندا هەیە مەکتەبێک لەگوندەکەدا هەیە ئەویش قوڕە لایەکی روخاوە یەک مامۆستای هەیە فریای ئەو هەموو تەلەبەی ئێمە ناکەوێت ئێمە پشت گوێ خراوین بەڕاستی کەسایەتی لەشاردا باشترە هەتا گوندەکان.

-هەڵۆ دارەقوتەی - گوندنشین

من بەچیەوە لەگوندا دابنشیم وەماڵم باری کرد ئێمە لەناحیەوە هەتا گوندەکان ڕێگەکەمان بەکەڵک نایە سەیارەکەمان هەڵوەشاوە ئەچنە ناحیە نەوت نیە بەنزین نیە ئیشت بۆ ناکەن ناچار بێزار دەبیت خۆت لەم ژیانە کولە مەرگیە نەجات ئەدەیت.

-هیوا عوسمان - مامۆستای گوند

-هیوا عوسمان - مامۆستای گوند

من وەک مامۆستایەک ئەوەندەی ئاگاداربم چەندین خوێندکارم گواستویانەتەوە بۆ شار لەبەرئەوەی مامۆستایەک ناتوانێت بەتەنیا وانەی شەش پۆل بڵێتەوە ئەو پۆلانەی ئێمە نیمانە خوێندکاری ناچار کردووە بچێت لەشار بخوێنێت کەس و کارەکەی لەگەڵیا بڕوات و گوندەکە چۆڵ بکەن

من وەک مامۆستایەک ئەوەی ئاگاداربم چەندین خوێندکارم گواستویانەتەوە بۆ شار لەبەرئەوەی مامۆستایەک ناتوانێت بەتەنیا وانەی شەش پۆل بڵێتەوە ئەو پۆلانەی ئێمە نیمانە خوێندکاری ناچار کردووە بچێت لەشار بخوێنێت کەس و کارەکەی لەگەڵیا بڕوات و گوندەکە چۆڵ بکەن.

-کەریم عەبدوڵلا - گوندنشین

حوکمەت کەم تەرخەمە بەرامبەر بەگوندەکان کەچەندین جار سوتاون کەلانەی پێشمەرگە بونە ئەگەر بێت و مناڵێک نەخۆش بکەوێت یان دووپشکەو مار پێوەی بدات نەخۆش خانەیەک نیە بۆی بەرین وەهەتا ئەچنە شار لەوانەیە بمرێت کەئەمە وای لەخەڵک کردووە وردە وردە گوندەکان چۆڵ بکەن.

هیوا عوسمان
مامۆستای گوند

-پۆڵا صدیق دارەقوتەی - گوندنشین

دەبوایە حکومەت بیری لەقەرەبووکردنەوەی گوندەکان بکردایەتەوە دانەوێڵەی گوندەکانی بکڕیایەتەوە پرۆژەی خولی کشتوکاڵی لەڕووی پەینی کیمیاوی کێڵان و دروێنەی پێشکەش بەگوندەکان بکردرایە لەناو چەند دێیەک دا نەخۆشخانەیەک هەبوایە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش بەرنامەی دانایە بۆئەوەی گوندەکان چۆڵ نەبن.

+پاشان چوینە گوندی مرۆوخوادەی خوارو بینیمان بینایەک دەرچووە بۆ قوتابخانەکەیان لەپێش پرۆسەی ئازادیەوە بناغەکەی تەواو بووە هەتا ئێستا تەواو نەبووە.

+لەوێوە چوینە گوندی مۆرخوارەدەی سەروو روانیمان نەخۆشخانەیەک دروست کراوە پاشان لەدانیشتوی گوندەکەمان پرسی لەم بارەیەوە وتیان پزیشکی بۆ دانەنراوە پزیشکی بۆ نانێرن.

+پرسیارمان سەبارەت بەگوندی شارستانی و هاوچەرخ لەگوندنشینەکان کرد کەبڕیاری حوکمەت لەکوردستاندا جێبەجێی بکات دوو بۆچون هەبوو:

بۆچونی یەکەم/پێی خراپە چونکە لەسەرلەوەروسنور لەنێوان گوندەکاندا ئاژاوە هەیەو ڕێگە نادەن ئاژەڵیان بێتە سنوری یەکتری لەگەڵ یەک دا هەڵناکەن.

بۆچونی دووەم پێی باشە بەوەی حوکمەت ناتوانێ بۆ هەموو گوندێک پرۆژەی ئاو کارەباو نەخۆشخانەو قوتابخانە جێبەجێ بکات بۆیە وا باشە چەند گوندێک بکرێنە یەک بۆئەوەی حوکمەت بتوانێ خزمەتی بکات.■

بەدواداچونێک بۆ کێشەکانی هاتوچۆی سلێمانی

صەلاح جەلال

□ دیارە لەم ناونیشانەوە دەکەوینە نێو زۆر خاڵی گرنگ کەپەیوەندیان بەکێشەی هاتوچۆی سلێمانیەوە هەیە راستەوخۆ، هەرچەندە زۆریان پابەندی لایەنی تری بەرپرسن بەڵام لەسەر هاتوچۆ دەژمێردرێت چونکە ئەو بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆیەو بەرپرسی ئاسایشی هاتوچۆیە لەشارەکەدا. سلێمانیش وەک هەر شارێکی تر ئەو بەڕێوەبەرێتییەی هەیە لەسەرەتای دامەزراندنی پۆلیس لەدەوڵەتی عێراقەوە و پەیدابوونی ئۆتومبیل. کەدیارە ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەسەردەمانی رژێمە یەک لەدوای یەکەکان وەکو بەڕێوەبەرێتییەکی ئیداری دانراوە و کەبتوانێت خزمەتی تەواوی شارەکە بکات و رۆژ بەرۆژ لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن و تەکنیکی هاتوچۆی هاوچەرخدا پێش بکەوێت، بۆیەش لەدوای ڕاپەڕین بەتایبەتی قورسایەکی تەواو گەورەی کەوتە سەر کە لەعەقڵ چووە دەر ئەویش بەهۆی زۆربونی ئۆتومبیل و ژمارەی دانیشتوان و پەرەسەندن و پێشکەوتن و باری شارستانی. جێگەی بایەخە کە هەروەکو شێوەیەکی ئیداری و بوونی پۆلیسی هاتوچۆکارکراوە ئەو گۆڕانە ریشەییە نەکراوە کەبتوانێت گۆڕانێک لەشێوازی هاتوچۆو لایەنەکانی تردا بکات. ئەمەش تا روخاندنی رژێمی بەعس بوو بەگشتی چونکە هەردوو پارچەی هەرێم سەرقاڵی رووداوەکانی رۆژانە بوون. دوای ئەوەش بەهۆی دەستبەکاربونی (لیوا عومەر) شێوازی هاتوچۆ زۆر گۆڕا.

توانی گۆڕێک بداتە نەخشەکانی هاتوچۆ. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە گۆڕان لەسەر شێوازە کۆنەکەی جوگرافیا نەکراوە گۆڕانەکانی ئەو لەسەرچەمکە تەقلیدیەکە بووە هەتا چارەسەرێک دەکرێت کەئەوەش داهێنانێکە زۆر گرنگە. چونکە شارەکە پێویستی بەگۆڕانی ریشەیی هەیە. لەبوارەکاندا.،

بەر لەهەموو شتێک سلێمانی شارێکە وەک بوکێکی رازاوەیە، وەک هەڵکەوتەی باری جوگرافی یەکێکە لەشارە نمونەییەکانی جیهان. شارێکی ستراتیژییە لەڕووی ئیستاتیکی و جێگەوە پەیوەندی و کەش و هەواوە. هەروەها لەڕووی پێشهات و کارەساتە سروشتییەکان. عەقڵی بابانیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەم شارە زۆر گەورە بووە، دروست بونیشی باری سروشتی و داهێنانی خەڵکی کورد بووە نەکو عەقڵیەتێکی پێشکەوتووی جیهان، کەدیارە میرنشینێکی بچوک تەنیا ئەوەندەی توانیوە و نەخشەی ئەندازیاری پێشکەوتوو نەبووە، بۆیە لەگەڵ هەموو گۆڕانەکانی ناوجەرگەی شار هەر بەشێوازە کۆنەکە ماوەتەوە و ئەوەندەی گۆڕان تیا نەکراوە کەحساب بۆ ئایندەیەکی وەک ئەمڕۆ بکرێت لەکاتێکدا جوگرافیای ئەم شارە ئەوەندە هەڵکەوتەیە وەکو قوڕی دەستکرد هەڵگری هەموو گۆڕانێکە بۆ جوانکاری و پێشکەوتن. ئەی بۆچی گۆڕانی تیادا ناکرێت.. لەکاتێکدا زۆربەی جادەو شەقامەکان هەڵگری ئەم پێشکەوتنەی ئێستان و پێویستیان بەگۆڕان و دروست کردنی پردو تونیل و نەخشەی هاوچەرخ و لێدانی شەقامی نوێ هەیە. بەم جۆرەش تەواو شارەکە پێشدەکەوێت و ئێستا کلتورێکی زیندوو بۆ ئایندە بەرجەستە دەکات.

١-گۆڕان لەم شارەدا لەبەسەراچونەوە و گۆڕان دەبێت لەناو جەرگەی شاردا بەشێوەیەکی تایبەتی و سەرەکی، بەتایبەتیش فولکەی سەرا کەحەقە بکرێتە تونیلێکی هاوچەرخ و ببەسترێتەوە بەجێگەکانیتر.

٢-شەقامی توی مەلیک کەشەقامێکی سەرەکی و گرنگی شارەو شەقامی مەلیک مەحمودە کەپێویستە بایەخی پێبدرێت ئەویش بەدروست کردنی بەربەستێکی بلۆکی بۆ جیاکردنەوەی هەردوو شەقامەکە کەسەرپێچی شۆفێرەکان نەهێڵێت و سەرە فەرعەکان پێچ بکەنەوە دووەم ئەو مەتروکەیەی داویانە بەماڵەکانی ئەم بەرو ئەوبەر حەق بوو ماڵی یەک مەتر یان کەمتری بدانایە بۆ پانایی شۆستەکان. ئەم شەقامە پێویستی بەچەند پردێک هەیە لەسەر شەستی و سیی و فولکەی کاوە.

٣-ئەوەی لەم شارەدا تەواو قێزەون بووە ناوچەی پیشەسازییە کەتەواو پشت گوێ خراوە هەموو پیشانگاکان و فیتەرەکان و گەراجی بەغداد لەوێدایە قەرەباڵغییەکی هەیە عەقڵ وێنەی ناکات کەپێویستە چارەسەر بکرێت بەم شێوازە.

١-تەنیا یەک سایتی هەیە بۆ چونە ناوە و هاتنە دەرەوە کەدەرفەت هەیە لەسەر شەستیەوە چەند سایتێکی تری لێ زیاد بکرێت.

٢-خەتی جیاکردنەوەی دوو سایتی لەناوەوەی فیتەرو پیشەسازەکان کەجادەکە زۆر پانیشەو هەڵگری دوو سایتی یەو ڕێگە لەسەرپێچی دەگرێت.

٣-لابردنی زۆر شتی بێ کەڵک لەبۆدی ئۆتۆمبیل و پارچەو شتیتر کەڕێگەیان گرتووە.

٤-دانانی چەند پۆلیسێکی هات و چۆ تیایدا.

٥-ئەگەر بتوانرێت پردێک لەژێر شەستی بکرێت بۆچونە دەرەوەی ئۆتۆمبیل.

٦-ئەمانەو زۆر شتیتر کەلەفیکری ئەندازیارانی پسپۆڕدا هەبێت.

شەقامی شەستی کەگرنگترین جادەی شارەو بازنەی شارەکەی داوە، کە ئەم جادەیە بۆ کاری سیاسی و سەربازی رژێم زیاتر دروست کراوە کەپێویستە ئێستا گۆڕانی تەواو تیادا بکرێت. کەموکورتیەکانی چارەسەر بکرێت کەئەویش دەکرێت فەرعە تەقلیدیەکانی بگۆڕدرێت بۆ ئەو شێوازەی ڕێگەی تاسلوجە سلێمانی و زۆر جێگەیتر. وە دانانی بەربەستی پلاستیکی بۆ تیژرەوی ئۆتۆمبیل و دروستکردنی فەرعی پشت جادە بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل و زۆر گۆڕانی تر تیایاندا.

ئەمانەو زۆر گۆڕانی ترکە دەکرێت لەشارەکەدا بکرێت چونکە سیمای سلێمانی ئەوەندە جوانە دەکرێت هەموو شتێکی تیا بکرێت.

ئایا ناتوانرێت ئەو ئاوەی دوکان کەزۆرجار بەخۆڕایی دەڕوات.. لەگەڵ تانجەرۆ بتوانرێت نزیک بخرێتەوە لەشار و نیشانەی جوانتری تیا دروست بکرێت ئەمانەو سەدەها شتی جوان بۆ سلێمانی دەبێت، سلێمانی لەداهاتودا دەبێتە بوکێک بۆ جیهان.

دیارە بەگشتی دوای ڕاپەڕین بەهۆی دروست بوونی قەرەباڵغییەوە شارەکە زۆر زەختی بەرکەوت بەڕێز لیوا عومەر بەشێوەیەکی کاتی کۆمەڵێک داهێنانی ترو کەحەق بوو مەدالیای ئاڵتون وەربگرێت لەو هەموو زەحمەت و دڵسۆزیەی ئەویش بەکردنەوەی سایتی دووەم کەشتێکی زۆر چاک بوو دانانی هێمای هاتوچۆو کردنەوەی خەتی خاوو، بەڵام تەنیا تێبینییەک لەسەر خەتی خاو ئەوەیە کەلەزۆر جێگەدا ناگونجێت وەکو فولکەی دەستەکەو فولکەی خوار پارکی ئازادی کەپێویستە لەو جێگایانە هەمیشە کراوە نەبێ. کاتێک کەسایتی ئەوبەر دەکرێتەوە سایتی خاو بوەستێت.

بەشێوازێکی گشتی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی گۆڕانکاری زۆر گەورەی کردووە هەر لەشێوەی ئیداریەوە کە لەکەشفی شەستییەوە بەڕاستی کۆمەڵێک دڵسۆز وەکو کۆمپیوتەر کاردەکەن تادەگاتە ناو بەڕێوەبەرێتی کەزۆر دڵسۆزو کارامەن بەڵام بەڕاستی پێویستی زۆری بەخەڵکی کارمەند هەیە لەبەرپرسان هەتا ڕۆتین نەمێنێ چونکە ناو بەڕێوەبەرێتی بەهۆی ملازم نەوشیروانەوە زۆر گۆڕاوە و یارمەتی هاوڵاتیان زۆر دەدات، کەپێویستە لەم جۆرە خەڵکانەی تیا دابنرێت زیاتر. ئەمەش بەدەرین کەدەسەڵاتێکی گەورە بدرێتە بەڕێوەبەرێتی خۆی خەڵک بدۆزێتەوە بۆ ئیش نەک ئیش بۆ خەڵک بدۆزێتەوە، ئەم بەڕێوەبەرێتییە پێویستی بەخەڵکی نوێ و عەقڵی نوێ هەیەو کارامەو دڵسۆز. ئێستا لەڕووی چەندانی و چۆنایەتیەوە، تەواو گۆڕاوەو بۆتە بەڕێوەبەرێتییەکی نمونەیی تەواو.

ئەوەی کەزیاتر ڕواڵەتی ئەم بەڕێوەبەرێتییە دەردەکات پۆلیسەکانی هاتوچۆن کەزۆر دڵسۆزن و هەڵقوڵاوی ئەم گەلەن. ئەو دەمو چاوانەی زوو نەماون کەزۆریان ترسناک بوون، پۆلیسی ڕژێم دەناسران، ئێستا شەوو ڕۆژ لەخزمەتی خەڵکیدان بەشێوەیەکی گشتی کەهەموویان حەقی یارمەتی زیاتریان هەیە، بەڵام هەموویان کێشەیان هەیە ئەویش بەهۆی سەرپێچی کردنی خەڵکەوە ئەوانەش زیاتر شۆفێرو کوڕو خزمەی بەرپرسانن بەڕاستی لەتامیان کردووەتە دەر.

ئێمە تەنیا نمونەیەکی شۆڕشگێڕە ڤێتنامیەکە دەهێنینەوە کەدیلەکانی ناونوس کردو سێ جار ناوی دیلێکی پرسیەوەو قسەی لەگەڵ نەکرد هەتا سەرکەوتنی ڤێتنام و ئازادبوونی دیلەکان ئەوسا بانگی کردو باوەشی پیاکردو پێی گوت و تۆ کوڕی منیت.

شێوازی سەرپێچی زۆر زۆر بووە، چەند جار ئاگادارین بەڕێز مام جەلال نامەی شەخسی واسیتەی قەدەغە کردووە بەڵام هەر دەکرێت، نازانم ئەو ڕەوتە کەی کۆتایی دێت هەتا یاسا تەواو بەرقەرار بێ لەنێوان هەژارێک و دەسەڵاتدارێکدا. کەدیارە سەرپێچی کردن هەر بەو مانایەش نایەت. زۆربەی ئۆتۆمبیلە کۆنەکان ئیشارەت و لایت و شتیان نیە. کەپێویستە لیژنەی هاتوچۆ پشکنینێکی تەواو بکات بۆ ئەو مەبەستەو لەمەولا تەنانەت بۆ عەرەبانەی تراکتۆریش ئیشارەت و سەکن هەبێت. هەروەها لیژنەیەکی نهێنی لەپۆلیسی هاتوچۆ بەتایبەتی شەوانە هەبێت بۆ گرتنی سەرپێچی کاران. ئەمانەو دەیەها شتیتر پێویستی زۆری ئەمڕۆن و کێشەکانی هاتوچۆکەم دەکەتەوە.■

laparakan.qxd 3/28/2005 6:03 AM Page 4

رۆڵو پێگەی کوردەکان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێرانی ئیسلامیدا

کاروان کوردستانی

□ ساڵی داهاتووی هەتاوی (١٣٨٤) نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەئێرانی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ. ئەم هەڵبژاردنانە هاوکاتە لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورانەی کەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوەو لەهەمان کات هاوکات دەبێ لەگەڵ ئەو قەیرانانەی کەلەئاستی دەرەکیو نێوخۆییدا رووبەڕووی کۆماری ئیسلامی کراوەتەوە. رەنگە بتوانین بڵێین کەساڵی ٨٤ ی هەتاوی، ساڵی قەیرانێکی بەربڵاو بۆ حکومەتی ئیسلامی ئێران دەبێ. بۆیە پاڵێوراوانی پۆلیسی سەر کۆماریو جێگای پەسەندی حاکمییەت دەبێ لەبیری دارشتنی ئەو پلانو بەرنامانەدا بن کەبتوانێ ئەم سیستەمە لەو گێژاوەی کەرووبەڕووی دەبێتەوە دەربازبکا. بەرناوی هێندێک کاندیدا توری وەک موحسینی رەزایی، موعینو.. ئەم راستییە سەرلەنوێ دووپات دەکاتەوە ئەوان دەبێ پێش ئەوەی هەڵگری داخوازەکانی خەڵکی بن، هەڵگری کۆمەڵێک پرۆژەو بەرنامە بن بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندی حکومەتی ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەتی پێوەندییان لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاواو چارەسەرکردنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی نێوخۆی ئێران.

بەبوونی ئەم سەرەتا خێرایە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەچەند گۆشە نیگایەکەوە باس لەرۆڵو پێگەی کورد لەم هەڵبژاردنانە بکەین.

سەرکۆمار بوون لەئێران دا

ماددەی ١١٥ی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندیی لەگەڵ پێگەو کەسایەتی سەرکۆماردا دەڵێ: "سەرکۆمار دەبێ لەپیاوانی مەزهەبیو سیاسی بێو ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ: بەرەگەز ئێرانی، دانیشتووی ئێران، دیندارولەخواترسورابردوویەکی خاوێنوباوەڕی بەبنەماکانی کۆماری ئیسلامی هەبێو سەر بەمەزهەبی رەسمی وڵات بێ"(١). بەڵام با بزانین کە ئەم دەستورە چ دینو مەزهەبێک لەئێران دا بەڕەسمی دەناسێ. ماددەی دوازدەیەمی هەمان دەستوور لەو پێوەندییەدا دەڵێ: "دینی رەسمی ئێران ئیسلامەو مەزهەبەکەشی، مەزهەبی جەعفەری دوازدە ئیمامییە"(٢).

ئەم دوو بەندە لەدەستوری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا هەڵگری چەندین ئیشکالییەتی گەورەن کەزۆربەی دانیشتوانی ئێرانی لەکاندیدکردنیان بۆ پۆستی سەرکۆماری بێ بەشو مەحروم دەکا. بەخوێندنەوەیەکی خێرای ئەم یاسایە بەو ئاکامە دەگەین کە:

١-هیچ ژنێک لەئێران دا مافی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرکۆماری نابێ، چونکە پاڵێوراو دەبێ لەپیاوانی مەزهەبی وڵات بێ.

٢-لەنێو پاڵێوراوانیش دا، ئەم مافە تەنیا پیاوانی کائینیوسەر بەمەزهەبی جەعفەری دوازدە ئیمامی دەگرێتەوە. واتە پاڵێوراو بەدین دەبێ موسڵمانو بەمەزهەبیش دەبێ دوازدە ئیمامی بێ. ئەم بەندە هەموو پاڵێوراوێکی شیعەش ناگرێتەوە.

٣-پاڵێوراو دەبێ باوەڕێکی قووڵی بەجمهوری ئیسلامی هەبێو لەنیزامی "ولایت فقیه"دا توابێتەوەو ئەوەش لەکارنامەکەیدا دیاربێ. بەو حاڵەش ماددەی ١١٠ی هەمان یاسا لەبەندی ٤ کەباس لەئەرکەکانی رێبەری دەکا، دەڵێ: "کاندیدا تور پێش لەهەڵبژاردن دەبێ بەپەسەندی شورای نیگابان بگاو لەخولی یەکەمی کاندیدا توریشدا دەبێ بەپەسەندی رێبەری بگا". بەڵام لەهەمووی سەیرتر لەهەمان بەندی ٤دا هاتووە کە "سەرکۆمار پاش هەڵبژاردنیشی لەلایەن خەڵکەوە، دەبێ دەست بەکاربوونەکەی بەئیزنی رێبەری بێ". واتە بەبێ ئەم یاسایە هەتاکو رێبەر سەرکۆمار پەسەند نەکا، سەرکۆمار ناتوانێ دەست بەکاربێو ئەوە رێبەرەکی مەشرووعیەت دەدا بەسەرکۆمار نەک دەنگی دەنگدەر. ئەوە لەحاڵێک دایە کەخودی رێبەری هەڵبژێردراوی خەڵک نییە.

لێرەدا بەم ئەنجامە دەگەین کە کەسانێکی زۆر کەم توانای خۆکاندیدکردنیان بۆ پۆستی سەر کۆماری هەیەو بەپێی یاسای رەسمی نوێنەرانی نەتەوەو ئاینو مەزهەبەکانی دیکەی ئێرانی ئەگەر هەڵگری ئەو مەرجانەی سەرەوە نەبن، ناتوانن پاڵێوراوی پۆستی سەرکۆماری بن. ئەم هەڵبژاردنە نەهیچ بنەمایەکی دیموکراتیکی ناتوانێ تێدابێو مافی خۆپاڵاوتنی وەک مافێکی رەوا لەئینسانەکان دەستێندرێ. ئینسانی ئێرانی لەهەڵبژاردنێکی ئەوتۆ تەنیا چوارچێوەیەکی دیاریکراوی دەنگدانی هەیە، ئەویش نەک دەنگدان بەپاڵێوراوانی داخوازی خۆیان بەڵکو دەنگدان بەو پاڵێوراوانەی کەبۆیان دیاریکراوەو هەڵبژێردراوە. ئەم شێوازە لەهەڵبژاردن کەلەبیست ساڵی رابردوودا لەئێرانی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ، گاڵتەیەکی ئاشکرایە بەبنەماکانی دیموکراسیو مافی شارومەندی.

کوردو پۆستی سەرکۆماری

لەمێژووی نیزیکو دووری ئێران دا هیچ کوردێک نە تەنها نەی توانیوە پۆستی سەرکۆماری بەدەست بێنێ، بەڵکو هیچ کام لەپۆستە بەرزەکانی حکومیشی بەخۆوە نەدیوە. ئەوە لەحاڵێک دایە کەئەم رستە سواوە هەم لەلایەن کورد هەم لەلایەن ئێرانییەکانیشەوە دووپات دەبێتەوە کە "کورد لەهەر ئێرانییەک ئێرانی ترە". لەڕاستیدا کوردەکان هیچ کاتێک نەیانتوانیوە لەدەسەڵات دا بەشدار بن، بەڵکو دەسەڵاتی ناوەندی هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ چەوساندنەوەو سڕینەوەی کورد، کوردەکان لەهەردوو سیستمی پاشایەتیو شێخایەتیدا هەمیشە سەرکوت کراون، هیچ کاتێک وەک ئێرانییەک سەیرنەکراون، بەڵکو وەک هاوڵاتی پلە ٣ سەیرکراون.

هەڵبژاردن لەئێران دا مێژوویەکی ئەوتۆی نیە، لەماوەی ٦ ساڵی رابردوودا کەهەڵبژاردن وەک دەمامکێک بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر لەئێران دا پێڕەو کراوە، لەکوردەکان وەک کارتێک بۆ مەشروعیەت دان بەحاکمییەت کەڵک وەرگیراوە. واتە لەدەنگی کورد بۆ (لییک) گوتن بەحاکمییەت کەڵک وەرگیراوە. بۆیە کوردەکان ئەزموونێکی تاڵیان بەنیسبەت هەڵبژاردنەوە هەیە. کورد لەهەڵبژاردنەکان دا لەباشترین حاڵەت دا وەک دەنگدەر سەیرکراوە نەک وەک کۆمەڵە ئینسانێک کەمافی خۆکاندید کردنیان بۆ پۆستە بەرزەکان هەبێ. بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووش هیچ کوردێک مافی خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرکۆماری نابێ. بەڵکو کورد لێرەدا دەبێ دەنگ بدا بەو کاندیدانەی کەلەناوەندەوە بۆی دیاری دەکرێ. کاندیداکانی ناوەندیش تائێستا هەڵگری هیچ بەرنامەو پرۆژەیەکی نەتەوەیی نەبوون. بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ریفرومخوازانی کوردی سەر بەدەوڵەتی خاتەمی هەر لەئێستاوە بێ ئەژمارەیان بۆ راکێشانی خەڵکی دەست پێکردووە. بەڵام ئەم هەوڵانە پێدەچێ شکست بێنن، چونکە ئەزموونی هەشت ساڵەی ریفۆرمخوازی لەئێران دا، لەلایەن کوردەکان بەئەزمونێکی شکست خواردوو سەیر دەکرێو وەعدو بەڵێنییەکانی خاتەمیش وەک درۆیەکی گەورە چوونەتە نێو زبڵدانی مێژووییەوە.

هەڵبژاردنو بارودۆخی کوردستان

کوردەکان لەنێوان چوار پارێزگادا دابەش کراون. هەرچەند حکومەت تەنیا یەک پارێزگا بەکوردستان دەناسێ. کوردستان پاش ٣٥ ساڵ لەحاکمییەت کۆماری ئیسلامی. ئێستاش بەناوچەیەکی میلیتارەنرەکراو سەیر دەکرێ. بەسەدان زیندانی سیاسیو نەیاری رژێم لەزیندانەکان دان. هەژاری و بێکاری سیمایەکی دیاری ناوچە کوردنشینەکانە. بڵاوکردنەوەی ماددە بێ هۆشکەرەکان بەشێوازی سستماتیک درێژەی پێ دەدرێ. هەزاران گەنجی کورد گیرۆدەی ماددە بێ هۆشکەرەکانن. تیرۆرو راوەدونانی تێکۆشەرانی کورد درێژەی هەیە. ئەحزابی کوردی تێکۆشانیان قەدەغە کراوە. بەهەزاران کوردی ئێرانی ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە بوون. هەتاکوو ئێستاش کوردەکان لەمافی نووسینو خوێندنەوە بەزمانی زگماکی مەحروم کراونو زمانی کوردی ئیعترافی پێنەکراوەو تەنانەت کوردەکان لەبەڕێوەبەری ناوچەکانیشیان هیچ دەسەڵاتو رۆڵێکیان نیە. بەڵکو بەرپرسانی ناوچە لەناوەندەوە دیاری دەکرێن. و لەبنەڕەت دا ئیعتراف بەبوونی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و شارستانیەت نەکراوە.

لەحاکمێک دا بانگەشە بۆبەشداری کردنی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان. دەکرێ کوردستانی بەسەرەتایی ترین ویستەکانیان نەگەیشتوونو ناوچە کوردنشینەکان هەروەها پشتگوێ خراون. بەو حاڵەش پتانسیلێکی بەهێزی نارازی بوون لەکوردستان دا بەنسبەت حاکمییەتەوە بوونی هەیە، کەمەحاڵە وەعدو بەڵێنییەکانی سەردەمی هەڵبژاردن ئەم نارەزایەتیانە هێور بکاتەوە.

ئەنجام

بەپێی دوا دەرئەنجامەکان پێش بینی دەکرێ کەنۆیەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەگەڵ تەحریمی کوردەکان بەرەو رووبێ. هیچ کام لەکاندیدا تورەکانی حاکمییەتیش ناتوانن هەڵگری داخوازییەکانی کوردان بنو رەنگە هەوڵی ریفۆرمخوازانی کوردی سەر بەخاتەمیش لەکوردستان دا ئاکامێکی لێ نەکەوێتەوە. بەسەرنجدان بەو راستییەش کەپێ دەچێ ئۆپۆزسیۆنو ئەحزابی کوردیش ئەم هەڵبژاردنانە تەحریم بکەنو ئەم چاوەڕوانییەش لەئەحزابی کوردی دەکرێ.■

سەرچاوەکان:

-(١)و(٢) قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران

کاندیداکانی پۆستی سەرۆکایەتی ئێران



ئازاد مورادی

بەر لەتەقینەوەی ئەتۆمی...

□ دوایین هەواڵەکان لەمەڕ گۆڕانکاریە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامی وادەگەینن، کە قەیرانی ئەو وڵاتە بەردەوام بەئاستی بەرزبوونەوەو گرژبوونەوەی تونددایە، لەم دوایانەدا (پرسدنت بۆش) لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی لەکۆشکی سپی سەرەرای پیرۆزبایی جەژنەکانی نەورۆز لەهەریەک لەمیلەتانی ئێران بەگشتیو کورد بەتایبەتی وتی: "چەند لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەکۆمەڵێک بەڵگەی سەرنج راکێشەوە کێشەی چەکە ئەتۆمیەکانی ئەو وڵاتەیان لەلای ئێمە پێشنیار کردووەو ئێمەش وەک ئەرکی خۆمان بۆ پارێزگاری لەمرۆڤایەتی بەگشتیو بەرژەوەندی وڵاتەکەمان کەوتوینەتە بەدواداچوون لەو بارەیەوە، هەروەها لەوەڵامی پرسیارێکدا

بۆش وتی: ئێمە پێویستە سەرەتا سوپاسی هاوکارە ئەوروپیەکانمان بکەین کە ئەرکی پاکسازی چەکە ئەتۆمیەکانی ئێرانییان گرتۆتە ئەستۆ.. ئەوەشیان رونکردۆتەوە بۆ ئێرانیەکان کە پێویستە بەئیجباری پرۆسەی گەشەپێدانی چەکە ئەتۆمیەکان راوەستێننو لەدەرەوەی مەبەستو پێویستی ئاشتیانەو تەکنەلۆژی بۆ هیچ کارێکی تر بەکاری نەهێنن... زیاتر گومانەکانی ئێمە لەسەر ئەو چەکە ئەتۆمیانەی ئێران لەلایەن کۆمەڵێک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیەوە چەسپا، سەرکردە ئێرانیەکان خۆشیان خاوەنی هیچ جۆرە شەفافیەتێک نین تاکو لەو سۆنگەیەوە ئێمە بتوانین گفتوگۆی تێروتەسەل لەگەڵیاندا بکەینو بگەینە ئەنجامێکی باش.

لەلایەکی تروە ئەوروپیەکان لەدانیشتنی چەند رۆژی رابردوویاندا لەشاری پاریس لەتەک ئێرانیەکاندا نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆو کێشەکانیان هەروا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، هەرچەند قسەکەری رەسمی ئێران (اصفی) دانیشتنەکانی بە پۆزەتیفو باش وەسفکرد، بەڵام لەراستیدا قسەکانیان بەناتەواوی هەڵگرتووە بۆ هەفتەی داهاتووو دانیشتنی داهاتوویان پێکەوە.

لەلایەکی ترەوە یەکێک لەرۆژنامە ناوبانگەکانی ئێران (اعتماد) مەترسی ئێرانی راگەیاند سەبارەت بەرەوتی گفتوگۆکان لەنێو لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، (اعتماد) دەنوسێت: (وەزیری دەرەوەی کەنەدا داوای لەنوێنەری ئێران کردووە کە هەلومەرجی مافی مرۆڤ لەئێراندا باشتر بکەنو زیاتر هەوڵ بدەن مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بچەسپێنن، هەروەها دەڵێت: مرۆڤەکان لەئێراندا لە نالەبارترین هەلومەرجدا ژیان دەبەنە سەر، پێویستە لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی بەبڕیارو دەستوورەکانیدا بچێتەوە).. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێران بەندەکانی مافی مرۆڤی وەک پێویست رانەگرتووەو پیادەی نەکردوون، ئەمەش وادەکات توڕەیی رۆژئاوا لەبەرامبەر ئێراندا زیاترو زیاتر ببێتو ببێتە جێگەی نیگەرانی هەمووان.

بەهەمان شێوە لەناوچەی کوردستانی رۆژهەڵات کە دەکەوێتە خۆرئاوای ئەو وڵاتە، بەردەوام تاکی کوردی دەچەوسێنرێتەوەو ناتوانێت خاوەنی کیانو زمانو کولتوورو ئەتەکێتی لۆکاڵی خۆی بێت، لەدرێژەی ئاهەنگەکانی نەورۆز لەو وڵاتەدا لەچەندین شاری وەک (سنەو سەردەشتو بۆکانو صابلاخو ....هتد) تەنها بەبۆنەی گێڕانی ئاهەنگ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستدرێژییان کردۆتە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیەو بەناشرینترین شێوە روبەڕوویان بوونەتەوە. ئەم گشتە ئاڵۆزیە دەکەوێتە سەروبەندی بەر لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی کۆماری ئیسلامیو لەم لایەنەشەوە بەردەوام مافەکانی کاندیدکراوەکان پێشێل کراون... هیچ کوردێک بۆی نییە خۆی کاندید بکاتو هیچ ئافرەتێکیش بۆی نییە لەدڵی خۆشیدا باس لەو پۆستە بکات... ئەمانە هەموویان وادەکەن قەیرانی ئاڵۆزی ئەو وڵاتە بەردەوام لەگرژبوونەوەدا بێت. رەنگە گۆڕانکاری ریشەیی بەم زوانە ئەو ناوچەیە بگرێتەوە.■

راپۆرتێکی (IPS) لەسەر بارودۆخی کورد لەرۆژئاوای کوردستان

عەلی محەمەد

□ جۆرج بەغدادی لەراپۆرتێکیدا بۆ (IPS) کەئاژانسێکی پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنییە، لەبارەی بارودۆخی کورد لەرۆژئاوای کوردستان دەڵێ: "کورد لەسوریا بەرە بەرە داوای ئەوە دەکەن کەوەکوکوردی عێراق وەک نەتەوەیەک دانیان پێدا بنرێتو بەوردی تاقیبی ئەو هەنگاوانە دەکەن کە لەکوردستانی عێراق لەمەسەلەی مافەکانی کورد هاوێشتراون.

ئەو لەسەرەتای راپۆرتەکەیدا دەڵێ: "کورد، ملیۆنو نیوێک لە ١٧ ملیۆن دانیشتوانی سوریا پێک دێننو داوا دەکەن کەسوریا رەگەزنامە بەپتر لە ٢٠٠ هەزار کورد ببەخشێت کەبێ رەگەزنامەنو دان بەزمانی کوردیو نەتەوەی ئەواندا بنێتو، هەروەها داوای تاپۆکردنی زەویەکانی خۆیان دەکەن کە لەبەرنەبوونی رەگەزنامە ناتوانن خاوەنیان بن.

تورکیا دانی بەهەندێک لەداواکاری کورد، وەکو زمانی کوردی داناوە، بەرپرسانی سوریا لەوە دەترسن کە داواکارییەکانی کورد بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیو لەوەش دژوارتر بەرەو جیابوونەوە لەسوریاو یەکبوون لەگەڵ کوردستانی عێراق بڕوات".

لەبەشێکی دیکەی بابەتەکەیدا نووسەر دەڵێ: "خەم و نیگەرانی بەرپرسانی سوریا لەبەرئەوەیە کەکورد لەناوچەیەکدا دەژین کەسەرچاوەی نەوتو غازی وڵاتەکەیە. ئەو ناوچەیە دەشتێکی بەرینە کە لەنێوان دوو رووباری فوراتو تگریسەو بەناوی هەرێمی جەزیرە دەناسرێت. حکومەتی سوریا هەموو چالاکیەکانی حزبو لایەنە سیاسیەکانی راگرتو قەدەغەی لەسەر دانان، بەڵام لەترسی رای گشتیی دنیا نەیتوانی بەڕەسمی بڕیاری ئەو قەدەغەیە بەئاشکرا رابگەیەنێت".

نووسەر لەبەشێکی دیکە بڕوای چالاکانی بواری سایسیو نەتەوەیی کوردی رۆژئاوا دەخاتە بەرچاو دەڵێ: "ئەنەوەر ئەلبونی بەرپرسێکی مافی مرۆڤو پارێزەر لەراپۆرتێکدا گوتی: "سەرۆکی بەعسی هەرێم، بڕیاری قەدەغەکردنی هەموو چالاکیە سیاسیو کەلتوریو راگەیاندنیەکانی داوە. ئەو کەسەش کەسەرپێچی ئەو رێنماییانە بکات دەخرێتە زیندانەوە، رێبەرانی کورد فواد ئەلیکۆ، عەزیز داودو ساڵح کادۆ لەلایەن پۆلیسی نهێنیی سوریاوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە".



لەکۆتایی راپۆرتەکەشدا هاتووە کە: "حکومەتی سوریا کۆنترۆڵی زیاتری خستۆتە سەر کوردو لایەنە سیاسیەکان.

بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا هەندێک گۆڕانکاری پاش مردنی باوکی لەساڵی دوو هەزار ئەنجام دا.. سوریا ئێستا هەنگاو بەرەو چاکسازیی ئابوری دەنێت، بەڵام ئومێد بۆ چاکسازی سیاسی لەو وڵاتەدا ناکام ماوە، چونکە حکومەتی ئێستا رێگە بەهیچ چالاکیەکو چاکسازییەکی سیاسی نادات و وای بەباش دەزانی کەهیچ گرنگیەکی بۆ دانەنێتو سەرکوتیان بکات".■

laparakan.qxd 3/28/2005 6:04 AM Page 5

پەژارەی هاووڵاتی

- ■ خەمێک بۆ ناو و ئاڵای عێراق (نیان)
- ■ هاوار.. هەر هاواری منداڵە! (سەلام)
- ■ دەربەندی رانیە تاکەی ئاوا دەبێت؟ (ئاکۆ)
- ■ وەزارەتی تەندروستی.. مشورێک بخۆن..! (هێدی)

■ نیان قادر ×

کاتێک گۆڕانکارییەکان لەهەر وڵاتێکدا دەست پێدەکات، بەتایبەتی دوای گۆڕینی دەسەڵاتی حکومەتێک لەدەسەڵاتێکی دیسپۆتیزم و دیکتاتۆرییانەوە بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراسی. گۆڕانکارییەکان لەڕیشەوە دەبێت بەجۆرێک لەبچوکترین یەکەی دەسەڵاتدارێتییەوە تا دەگات بەدەسەڵاتی ئەنجومەن و پەرلەمان کەدوا بڕیارو چارەنوسی ئەو دەوڵەتەیە کەئەرکی دانانی دەستورو ڕێساکانی لەسەرە بۆئەو وڵاتە.

لەدانانی دەستوردا پێویستە رەچاوی هەموو ئەو ڕێساو داب و نەریتانەش بکرێت کە کۆمەڵ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە تا دەگات بەسەرجەم ئەو چین و توێژانەی کە کۆمەڵ پێکدەهێنن بەنەتەوە سەرەکییەکان و تەواوی کەمە نەتەوایەتیەکانیشەوە.

لێرەدا پێویستە باسی بەشێک لەو گۆڕانکارییانە بکەین کە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا بەسەر وڵاتی عێراق دا هات، هەر لەگۆڕانی سیستێم و پێکهاتەی حوکومەت تا دەگات بەدەستور.

دەستور لەهەر وڵاتێکی دونیاداو بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کەسیستێمی دیموکراسی پەیڕەو دەکەن وەک وڵاتی سوید بەتایبەت، کەئەرکی بەڕێوەبردنی تەواوی بڕیارو دەسەڵاتەکانی هەیەو تەنانەت دەتوانێ بڕیار لەگۆڕینی ناوی وڵات یان ئاڵاکەشی بدات.

ناوی (عێراق) پێویستە گۆڕانکاری تیا بکرێت و بگۆڕدرێت بۆناوێک کەتەواوی نەتەوە سەرەکی وکەمە نەتەوایەتیەکانیش بگرێتەوە، چونکە کاتێک دەوترێت عێراق وەک وڵاتی فرە نەتەوە دەرناکەوێت، من پێم وایە ناوی وڵاتی عێراق بێ بەرییە لەنەتەوەی (کوردو تورکمان و ئاشوری و کلدانی..) بۆیە باشترین رێگا ئەوەیە کەسەرجەم کەناڵ و رادیۆو بڵاوکراوەکانیش هەڵمەتێکی ئیعلامی گرنگ دەست پێ بکەن بۆ راپرسی کردن بەکۆمەڵێک کەسانی شارەزاو لێهاتوو بۆ گۆڕان لەناوی عێراق بەجۆرێک ناوێک هەڵبژێردرێت کەگوزارشت لەتەواوی نەتەوەکان بکات و لەهەمان کاتیشدا گوزارشت لەو گۆڕانکارییانە بکات کە لەعێراقدا روویدا.

بۆ نمونە دەتوانرێت بڕگەی (نوێ) بۆ ناوی عێراق زیاد بکرێت و ببێتە (عێراقی نوێ).

(عێراقی نوێ) بکرێتە نمونەیەکی باڵا بۆ ئەو وڵاتانەی کە کوردی تیا دەچەوسێنرێتەوە بەوێنەی رژێمی لەناوچووکەهەڵسوکەوت و هەموو بڕیارێکی بەرامبەر بەکورد، لەناوبردن و نەهێشتنی کورد بوو وەکو (سوریا، تورکیا، ئێران) ئەمانە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە گۆڕانکاری سەبارەت بەئاڵای عێراق کەپێویستترو گرنگترە بەتایبەتی ئەو زیادکردنەی کەرژێم بۆئاڵای عێراقی کردبوو بەنوسینی "الله اکبر" بەدەستی دیکتاتۆر خۆی کەئەوە پاشماوەو جێ دەستی رژێمێکە کەبەهیچ جۆرێک بڕوای بەپیرۆزی "الله اکبر" نیەو هیچ بڕوایەکی بەدیانەت و نیشتمان و نەتەوەش نیە بەڵگەش بۆ ئەمە: وێرانکردن و سوتاندنی ٤٥٠٠ گوندو بەژمارەی گوندەکان مزگەوت لەسنوری کوردستان کە بێگومان هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و رەفتاری مرۆڤایەتی کاری لەو شێوەیەی لێ ناوەشێتەوە.

ناوی عێراق و ئاڵاکەی خەمێکی گەورەی کوردو کەمە نەتەوەکانی دیکەی عێراقە، هەق وایە کاری جدی بکرێت بۆگۆڕانکاری تیایانداو ناو و ئاڵای عێراق، ناوو ئاڵای گەلانی عێراق بێت بەگشتی.

لەوتەیەکی بەنرخی ئینگلیزدا هاتوە: پێش ئەوەی هەنگاو بنێیت.. سەیری بەرپێی خۆت بکە.

هەر بۆیە پێویستە بەرچاومان رون بێت لەئاست هەنگاوەکانی گۆڕان و بونیادنانەوەی عێراق، بەجۆرێک عێراقی نوێ وڵاتی هەمووان بێت و هەموو یەکسان بین لەئەرک و مافدا.■

× خوێندکاری بەشی راگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی

■ سەلام مستەفا

قەرەباڵغی تەواو تەواو شاری تەنیوە.. بۆ هەرکارێک بە ئۆتۆمبیل و بەپیادەش.. ئەوە زۆر بەدرەنگ دەگەیتە جێ و دواتر تورە بوون و نارەزایی و هەندێ جار شتی تریشی لێ دەکەوێتەوە!.. زۆربەی قەرەباڵغیەکانیش فرۆشیاری سەر شۆستەو شەقامەکانن.. چاولێکەری و شت کرینی خەڵکیش لەولاوە بوەستێ کە هەموو رۆژەکانیان کردۆتە بۆنەو یادەکان!.

ئەوەی زیاتر لەناو بازارەکاندا دێنە پێش چاوو گوێ بیستی هاوارەکان دەبین.. منداڵە فرۆشیارەکانن..یاخود بەتەنیان؛ یان لەگەڵ باوکیاندا لەو تەمەنە بچووکەداو بەو سەرمایە لەتەک عارەبانەکەدا هاوار هاواریانە.. دیاردەی فرۆشتنی جۆرەها شمەک لەلایەن منداڵانەوە رۆژ لەدوای رۆژ روو لەزیاد بوونە.. جار هەیەو بەبەردەوامیش هەندێ لەو کارانە لەتوانای منداڵدا نییە، یاخود کاری ئەوان نییە وەک سەربرینی مریشک و فرۆشتنی (CD) سێکسی و فرۆشتنی یانسیبی شارەوانی و فرۆشتنی (مەی) بەهەموو جۆرەکانیەوە لەهەموو سەیرانگەکانداو زۆر کاری تریش..

منداڵە فرۆشیارەکان بەهەموو شوێن و شەقام و کۆڵان و شوێنە گشتیەکاندا بڵاوبوونەتەوە.. زۆربەیان وازیان لەخوێندن هێناوە و کاری فرۆشتنیان هەڵبژاردووە.. دیاردەکە دیمەنێکی ئاسوودە بوون نابەخشێ و خۆشبەختیەکی بەدواوە نییە، بەردەوامیشی کارێکی گەورەو زیانبەخش دەبەخشێتە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کورد، دەکرێ لێپرسینەوە بەردەوامی خۆی وەربگرێ و چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوە..

ئاخۆ ناوی چی لێ دەنێی کە منداڵێکی فرۆشیار ناوی هەموو جۆرەکانی (حەب) بزانێت بە حەبی (مەنع)یشەوە.. یاخود لەمەزادخانەی سەرەوە.. بێتە تەنیشتتەوەو بەچرپە پێت بڵێ: مامۆستا بابەتی شەومان لایە.. کەمەبەستی (CD) سێکسە.. یان لەرۆژێکداو بەچەقۆیەکی کولی ژەنگاوی لەبەیانییەوە تا ئێوارە دوو سەد مریشک وکەڵەشێرت بۆ سەربڕێ!

چۆن دەکرێ منداڵ لەو تەمەنەدا کە نەگەیشتۆتە ١٤ ساڵ ئەم کارانە بەئەنجام بگەیەنێت.. مەیخۆرێک کەهەموو رۆژێک دەخواتەوە تەنها ناوی ئەو (مەی)ە دەزانێت کە دەیخواتەوە..کەچی منداڵێکی مەی فرۆش لەهاوینەهەوارەکاندا ناوی هەموو جۆرە (مەی)ەکانت بۆ ریز دەکات و زۆر جاریش بۆت هەڵدەپچرێ و دەیداتە دەستت..

کارێکی گەلێ خراپە منداڵ لە ئێستاوە لەسەرە ئەوە رابهێنی کە دەست پان بکاتەوە بۆ بەخشیش.. زۆرجار بەخشیش دەچێتە قاڵبی سواڵکردنەوە.. (دیارە مەبەستم ئەو منداڵانە نییە کە هەوڵیان پێ دەدەن بۆ شارەزابوون لە پیشەیەکدا)..

کەواتە: با هەوڵ بدەین هەندێ کاری نارەوا و نادروست لەسەر منداڵان قەدەغە بکەین و تەواو رێگر بین لەبەردەمیاندا.. ئەمانەیش بەو لایەن وکەسانە دەکرێت کە ئەو کارانەیان لەئەستۆدایە..

باچیتر منداڵەکانمان بێ ناز نەبن و پاشەڕۆژیان تاریک و لێڵ نەبێ و بەئومێدی هەوڵدان و چارەسەر.■

> **ئایا ناترسن شۆرشی پرتەقاڵیی ئۆکرانیاو شۆرشی ئاڵای لوبنان و راپەرینی قیرغیزستان، لەهەرێمی کوردستان دووبارە بێتەوە..**
>
> **رەهێڵ عەلی**

> **هەق وایە کاری جدی بکرێت بۆ گۆڕانکاری تیایانداو ناو و ئاڵای عێراق، ناوو ئاڵای گەلانی عێراق بێت بەگشتی..**
>
> **نیان قادر**

■ ئاکۆ دوکانی

دەربەندی رانیە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری رانیەو خاڵی لێک جیابوونەوەی دەڤەری بێتوێنە لەدەڤەری پشدەر، لەهەمان کاتدا ناوچەیەکی گەشت و گوزاریشەو لەوەرزی بەهاردا دەیان خێزان روو لەم ناوچەیە دەکەن بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش تیایدا.

ئەوی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە رێگەی هاتوچۆی بێتوێن بۆ بەری مەرگە لەرێگەی ئەم قەیاغەوەیە، کە دوو بەلەمی گەورە لێک دراون و ماتۆرێکی لێ بەستراوە هەموو جارێک شەش حەوت سەیارەی لێ سوار دەکرێ و هاتوچۆیان پێدەکرێ.

ئەم نێوانە ئاو دایپۆشیوە، کاتێک ئاوی بەنداوی دوکان کەم دەکات ئەم نێوانە وشک دەبێت و سەیارەکان خۆیان هاتوچۆ دەکەن، بەڵام کەئاو زیاد دەکات و دەگەرێتەوە دواوە ئەم نێوانە ئاوێکی زۆر دایدەپۆشێ و هاتوچۆی ئەمبەرو ئەو بەر بەهۆی ئەم قەیاغەوە دەبێت.

ئەمە بۆ چەندین ساڵ دەبێت لەلایەن چەند کەسانێکەوە ئەم پیشەیە دەکەن. کە هاتوچۆی زۆر هێواش کردۆتەوە.

بۆیە پێویستی بە پردێک هەیە کە ئەم پردە سوودی زۆری بۆ حکومەت و بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان تیادایە، لەکاتێکدا مەترسی کەمتریشی لێ چاوەروان دەکرێ وەک لەوەی ئێستا کەهەیە.

بۆیە دەڤەری ئەو ناوچەیە هەموو خەون بەوەوە دەبینین کە رۆژێک لەرۆژان حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسێ بە دروستکردنی پردێک لەم نێوانەداو دەڵێن باشە دەبێ تاکەی دەربەندی رانیە بەم شێوەیە بێت؟!

■ هێدی گەلاڵی

هەموو دەزانین کە ئامێری سەرخەر (مصعد) لەهەر دامەزراوەیەکی حکومیدا بێت، دەشێت نەخۆش و هاوڵاتیان و ئەو کەسانەی رێیان بەو شوێنە دەکەوێ، سودی لێببینن و لەسەرکەوتن و هاتنەخوارەوەی قادرمەو پلیکانەکان رزگاریان بێت. دامەزراوەیەکی وەک نەخۆشخانەکە سەد دەرسەد ئەبێ زۆرترین خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکرێت وکەسانی نەخۆش و هاتوچۆکارانیش ئاسانکاری تەواویان لەبارەی هاتوچۆو رێ و شوێن دانانیان بۆ بکرێت. بەوەی کەسوود لەهەرئامێرو کەلوپەلێکی ناو نەخۆشخانەکان ببینرێت.. نەک نەخۆش لەکاتی پێویست بوونی بەو ئامێرانە چەند کاتژمێرێک چاوەروان بکات.. یان هەر لەچاوەروانیدا بێت ئاخۆ کەی سەرخەر (مصعد)ەکان چاکدەکرێنەوە..!!

ئاشکرایشە کە سەرخەر ئەو ئامێرە خزمەتگوزارییەیە کە دەکرێ نەک هەر نەخۆش و خەوتوەکانی نەخۆشخانە، بەڵکو خاوەن نەخۆشەکان و ئەوانەیشی کەرۆژانە رێیان پێی دەکەوێت، سوودی لێببینن، بەڵام ئێستا نەک هەر سودی لێنابینرێت، تەنانەت هەر ئیشیش ناکەن، وەک دیکۆر لەواجیهەی رێرەوی نەخۆشخانەکان جێگیرکراون.

سەیرە.. سەرجەم سەرخەر (مصعد)ەکانی نەخۆشخانەکان لەکارکەوتون، یان ئەگەر لەکاتێکیشدا چاک کرانەوە، ئەوە بێگومان لەبەر کارمەندان بەر کەس ناکەوێت!! بۆیە هەقوایە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان مشورێک بۆ بەگەرخستنەوەی تەواوی سەرخەرەکانی نەخۆشخانەکان بخوات، بەوەی کەپەلە بکرێت لە چاککردنەوەیان، چونکە ئێستا لەسەردەمێکداین دەهێنێ هاوڵاتیان لەهەرە ئامێرە پێشکەوتوەکانی سەردەم لەدامودەزگاکاندا سود وەربگرێت. بەتایبەتیش لە شوێنێکی وەکو نەخۆشخانەکان کەهەمیشە لێوانلێوە لەکەسی نەخۆش و کەم ئەندام.■

تاکەی چاوەڕێ بین؟!

خاڵی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردی لەسەر ئەوە وەستابووەوە کە دەبێت حکومەت یەکبخرێتەوەو بارودۆخی کوردستان لەرووی ئازادی بیروباوەرو دیموکراتی و کاری سیاسی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان و حزبە سیاسیەکان ئاسایی بکرێتەوە، بۆ جێ بەجێکردنی ئەم خاڵەش، لەپاش دەست پێکردنی گفتوگۆ لەنێوانیاندا، نەیان توانی حکومەت یەکبخەنەوە، دواجار بۆیەکخستنەوەی حکومەت، هەڵبژاردنی پەرلەمانی دووەم کرا بەمەرج. ئەوەبوو لە ٢٠٠٥/١/٣٠، هەڵبژاردنی پەرلەمانی دووەم، ئەنجام درا. هەموومان چاوەرێی ئەوە بووین لەنزیکترین کاتدا، پەرلەمان کۆببێتەوەو بەخێرایی هەنگاوەکانی دروستکردنی حکومەتێکی یەکگرتووی نوێ دەست پێ بکات. بەڵام سەرەنجام وا دەرنەچوو، چونکە ئەوە مانگێک و بیست و هەشت رۆژ تێپەری بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بەڵام هیچ کۆبونەوەیەکی پەرلەمان ئەنجام نەدراوە، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کەهێشتا هەردوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستان زۆر گرفت ماوە لەنێوانیانداو هیچ ئاڵوگۆڕو مەترسییەکی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، نایان ترسێنێت لەبەر پرسیارێتی جەماوەر، چونکە هەموومان باش دەزانین لەدوای راپەرینەوە، کوردو کوردستان، لەچ قۆناغێکی ترسناک و گۆڕانکاری تەمومژاوی مەترسیدارو هەرەشە نێوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی تێپەری.

بەڵام هیچ کاتێک ئامادە نەبوون لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای حزبی، دەست بەرداری ململانێی خۆیان بن، لەلایەکی تریشەوە، هەر دواخستنێکی کۆبونەوەکانی پەرلەمان، دەبێتە هۆی ئەوەی، دواخستنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو کاری دیموکراتی و مەدەنی و پێشخستنی کورد لەسەرجەم لایەنەکانی ژیاندا، ئەمە بێجگەلەوەی کە پرسیاری قورس و گران و هەستیار لەلایەن هاوڵاتیانەوە دروست بووەو دەپرسن، پارتی و یەکێتی چ بیانوویەک ماوە بۆ یەک خستنەوەی ئیدارەو کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان و خزمەتکردنی کوردستان؟

ئایا ناترسن ئەم کارانەتان، بتان خاتە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژوویی؟ ئایا ناترسن شۆرشی پرتەقاڵیی ئۆکرانیاو شۆرشی ئاڵای لوبنان و راپەرینی قیرغیزستان، لەهەرێمی کوردستان دووبارە بێتەوە، پەرلەمانەکەو هەردوو حوکمەتۆکەکە بکەوێتە بەردەم شاڵاو و تورەیی و راپەرینی ئاشتیانەی کوردستان و فاتیحە بۆ دەسەڵات و هەیمەنەتان لەکوردستان بخوێنن و خۆیان لەم چاوەروانی و دەستی بەدەستی پێکردنانەتان، رزگار بکەن.■

رەهێڵ عەلی

laparakan.qxd 3/28/2005 6:04 AM Page 6

رێکخراوە دیموکراتیەکان، ئاراستەکانی کارکردن و ئاستەنگەکانی سەردەم

برایم محیێدین عارف

□ ئاوردانەوە لەمێژووی کوردو بزاڤە بەردەوامو یەک لەدوای یەکەکانی دەمان گەیەنێتە راستیەکی مێژوویی، کورد میللەتێکی حەسرەت دیدەو پشوو درێژە لە پێناوی ئازادیدا، بەبەراووردی کاروانی خەباتی کوردو قوربانییە بەردەوامەکانی دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەمرۆ وەدەست هاتووە، هەرچەندە بەری رەنجی خەباتی بەردەوامو نەپساوەی گەلی کوردەو دەسکەوتێکی مێژوویی گەورەیەو ئاسۆیەکی روون و فراوانی لە پێشە، بەڵام هێشتا بارتەقای قوربانیدان و رووباری خوێن رژاوی شەهیدو ئەنفال نییە، بستە خاکێکی کوردستان، شیوودۆڵی، بەردێکی زنار، لاپاڵی شاخێ، سەرەو ژوورەی هەنسک بری بەرزاییەک نەماوە جێ پێی پێشمەرگەو کاروانی خەباتی پێوە دیار نەبێت، بەشداری پریشکی ئاگری شۆرشەکانی نەکردبێت، ئازارو نەهامەتیەکانی نەنۆشیبێت. راستە پەرلەمان، حکومەت، دەزگا وەبەرهاتوەکان بەرهەمی خوێنی شەهیدانە،بەڵام حزب و رێکخراوەکانیشن ئەندازیارو رێکخەری ئەو دەزگایانەن، دووبارە راپەرینیش جەماوەر خرۆشاندی بەگشتی، بەڵام رێکخستن و پێشمەرگەو ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بوو، نەخشەو پلان و سەرچۆپی شاییەکە.

ئەمرۆ تا ئێستاش، حزبە سەرەکیەکانی کوردستانە بریاردەرو بەرنامە رێژی دانانی حکومەت وکۆبونەوە هاوبەشەکانن.

هەر لەم مینبەرەوە، حزبە سەرەکیەکان دەبنە پاڵپشتی ئیداری و خەمخۆری کاروئەرکەکانی رێکخراوەکان.

ئەگەر بەشێک لەرێکخراوە دیموکراتیەکان دوای راپەرین و ئازادکردنی کوردستان وەک پێویستیەکی مێژوویی چین و توێژەکانیان هاتنە مەیدان، ئەوا بەشێکی تر لەسەردەمی شاخ و شان بەشانی خەباتی پێشمەرگە هەبوون، دەتوانین دوو ئاراستەی کاروبەرنامەی رێکخراوە دیموکراتیەکان دیاری بکەین، رەش و سپی هەردوو ئاراستەکە هەڵهێنجێنین لە گێژنەو تەتەڵەیان بدەین، پوختەی مەبەست بێتە ئەنجام و بزانین کام ئاراستەی کارکردن پێودانگی رێکخراوە دیموکراتیەکانە تا بەو ئاراستەیە کاربکەن و دروشمی مەدەنیەت و شارستانیەت گەیشتن بە جیهانی ئامانجەکانیان بکەنە مەدای دوورو درێژخایەنی خەبات وکۆشش.

ئاراستەی یەکەم:

گۆشکردن و دەسگرتنی رێکخراوە دیموکراتیەکانە بەحزبەکان، کەتەواو لە ژێر فشارو چوارچێوەی حزبەکاندا دروست ببن و بە نەخشەو پلانی حزبەکان بجولێنەوە لە بازنەی دیاری کراوی حزب و بەرنامەکانیان دەرنەچن، لێپرسراوی رێکخراوەکان لە بریارە گشتیەکاندا، بگەرێنەوە بۆ حزب و تەنها حزب سەرچاوەی داراییان بێت، کەئەمە بەدیوێکدا تەواو بەسوودی رێکخراوە دیموکراتیەکان بگەرێتەوە کە کاروداواکانیان لەلایەن دەزگاو کادرە حزبیەکانیانەوە جێبەجێ ببێت. بەڵام بە دیوێکی تردا ئاستەنگ دێتە بەردەم سەربەخۆیی رێکخراوە دیموکراتیەکان و لەبریارە سەرەکیەکاندا دەگەرێنەوە بۆ حزب، لەئەندام و لایەنگردا تەواو دیاریکراو دەبن و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دەرەوەی حزب سڵ لەئەندام بوونی ئەو رێکخراوانە دەکەنەوە، ئەم رێکخراوانە ناتوانن نوێنەری تەواو هەموو ئەندام و لایەنگری توێژو

چینەکەی خۆیان بن.

ئاراستەی دووەم:

تەواو بێ لایەنی و سەربەخۆیی رێکخراوە پیشەییەکانە کەبەهیچ جۆرێک لە چوارچێوەی حزبدا نەبن و سەرچاوەی داراییشیان حزب نەبێت، ئەم ئاراستەیەیان زۆر کەم لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان و کوردستاندا دەبینرێ، ئەمرۆ رێکخراوی دیموکراتی تەواو سەربەخۆو بێ لایەن لەکوردستاندا نییە، رەنگە لە بارودۆخێکی وەک ئەم رۆژەدا شتێکی مەحاڵ بێت، رێکخراوە پیشەییە سەربەخۆکان ئەندامی حزبەکان رووی تێناکەن، ئەگەر لەرووی داهاتەوە حزب و حکومەت یارمەتی نەدا، ئیفلیج دەبێت، ناتوانن ئەو مەرام و ئاواتانەی کەلەپێناویدا دروست بوونە دابین بکەن.

جگەلەوەی کە ئەم دیاردەیە وا دەکات رێکخراو و سەندیکای روو لە حزبەکان دروست بن ئەمەش بەمانای کەم بونەوەی بایەخ و ستراتیژی کاری رێکخراوە سەربەخۆکانە بونی دوو رێکخراوی دیموکراتی یەک ئامانج و یەک ستراتیژ لەیەک کات و شوێندا خۆی لەخۆیدا کەم بونەوەی بایەخی ئامانجی ئەو رێکخراوەیە.

لەنێوان ئەم دوو بەرداشەدا رێکخراوە دیموکراتیەکان رووبکەنە کوێ؟ بەکام ئاراستە کاربکەن تەواو ئازادو سەربەخۆ بن! یان گرێدان لەگەڵ حزب باشترین ئاراستەی کارکردن رێکخراوە دیموکراتیەکان لەرۆژگاری ئەمرۆداو لەبەردەم ئەم هەموو ئاستەنگەدا، زەمینەی کارکردنی هاوبەشی نێوان هەردوو ئاراستەکەیە، واتە کارکردن بەئاراستەیەکی تێکەڵەی نێوان هەردوو ئاراستەکە بەجۆرێک تەواو بەهیچ لایەکیاندا نەشکێتەوە هاوسەنگی نێوانیان بپارێزێت.

سروشتیە بۆ گەیشتن بەئامانجی رێکخراوە دیموکراتیەکان سەرچاوەی دارایی حزب بێت، مۆڵەتی رەسمی کارکردن لەحکومەت وەرگرن، بۆ راپەراندنی ئەرک و کارەکانیان رووبکەنە دەزگا حزبیەکان و حزبەکان مەکتەب و نوسینگەی راپەراندنی کاروباری رێکخراوەکانیان هەبێت، ئەندامی رێکخراوە دیموکراتیەکان لەدەرەوەی کاری رێکخراوەییدا حزبی بن، لەکاتی دەنگداندا دەنگ بۆ حزبی پاڵپشت و هاوکاریان بدەن..

بەڵام ناکرێت رێکخراوە دیموکراتیەکان رەنگدانەوەی تەواوی حزب بن، جگە لەئەندامانی حزب ئەندامی بێ لایەن وەرنەگرن، لەهەڵبژاردنی ئۆرگانەکانیاندا گوێ بەپەیرەو پرۆگرامیان نەدەن، حزبەکان لێپرسراوو سەرۆکەکانیان بگۆرن هیچ سەنگ و قورساییەکیان لەسەر حزب و بریارە چەوت و خراپەکانی حزب نەبێت کەپێچەوانەی ئاراستەی کارو بەرنامەکانیانە.

پشت گوێ خستنی هەندێ هێڵی ئاراستەی یەکەم و لەبەرچاوگرتنی هێڵە باشەکانی ئاراستەی دووەم، تێکەڵەی ئاراستەی گونجاوو کارکردنی ئەمرۆی رێکخراوە دیموکراتیەکانە پێویستە تەواوی رێکخراوە دیموکراتیەکان بەتێکەڵە هاوبەش و باشەکانی هەردوو ئاراستە کار بکەن نەهێڵن بارەکە بەهیچ لایەکدا لارە سەنگ بێت و هاوتایی نێوانیان بپارێزن.

بەروانین بەمێژووی دروست بونی ئەمرۆی رێکخراوە دیموکراتیەکان رێکخراو هەیە تەواو حزبین و ئەڵقە لەگوێی حزبەکەیەتی و لەسێبەری حزب دەرناچێت، تاک و تەرا رێکخراویش هەیە لەدروشم و بەیت و باڵۆرەکانیاندا تەواو سەربەخۆن شتی پێویست نەبێت پابەندی حزبەکان نین، جۆری ناوەندیش زۆرترین نمونەی رێکخراوە دیموکراتیەکانن، ئەو رێکخراوانەی کە لەنێوان هەردوو ئاراستەکەدا کاردەکەن سەربەخۆن لەپەیرەو و پرۆگرامەکانیاندا تارادەیەکی زۆر بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسیەت پیادە دەکەن، رێکخراوە سەرکەوتوەکانی ئەمرۆی کوردستان و عێراقین، تارادەیەک دەتوانن سەربکەون لەبەرامبەر گرفت و ئاستەنگەکاندا، گرەوی بەردەوامی کارکردن دەبەنەوە، ئەرکی قورسی کاروانی مەدەنیەت و شارستانیەت دەکەوێتە ئەستۆیان، دەتوانن لەبریارو هاوکێشە چارەنوس سازەکاندا بێ لایەنی بپارێزن و رەقیبی سەر بریارە حزبی و حکومیەکان بن، ئەوەی بیانەوێت و پێچەوانەی ئاراستەی کارکردنیان بێت بیخەنە بەرچاوی حزب و دەسەڵات و بتوانن رێرەوی کارکردن بەبەرژەوەندی رێکخراوەکانیان بگۆرن، ئەمانە بەگشتی ئاراستە هاوبەش و چارەنوس سازەکانی ئەمرۆی کارکردنی رێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکانە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرفت و رێگرە گەورەکان تارادەیەک دەمێنن کاروانی گەیشتن بەلوتکەی مەدەنیەت و ئامانجی رێکخراوەکان کاروانێکی رێ کردوی سستە کاروانەکە بەردەوامە، بەردەوامیش هیوا بەخشە.

زۆر لەئاستەنگ و کێشەکانیش پەیوەست نییە بەخودی رێکخراوەکانەوە سروشتی وڵات و ناوچەکە وا دەخوازێ، رەنگە لەرۆژگارێکدا رێکخراوە دیموکراتیەکان بتوانن تەواو سەربەخۆو یەک دەنگ بن.■

پەیامێک... بۆ چارەسەر کردنی سەرچاوەی کێشەی خوێندکارە مانگرتوەکانی زانکۆی سلێمانی

ئازاد عەلی

□ لەسەر کردنەوەی زانکۆی (ئایندە)، پێش شارەکانی کوردستان، لە شاری سلێمانیدا، خوێندکارانی کۆلیژەکانی پزیشکی گشتی و ئەندازیاری و پزیشکی ددان، مانیان گرتووە، مانگرتنەکەش دوای مانگێک، هێشتا لەرەگەوە چارەسەر نەکراوە. ئەم مانگرتنە، دوو داخوازی گرتۆتە خۆی:

یەکەمیان: داخستنی زانکۆی ئایندەیە.

دووەمیان: داخوازی پیشەیی دیموکراتیی.

سەبارەت بەداخوازی یەکەمیان، بەراستی داخوازییەکی ناسروشتییەو هیچ رێکخراوێکی خوێندکاری، یان خوێندکارانی هیچ کۆلیژو زانکۆو پەیمانگایەک، مافی یاسایی و دیموکراتییان نییە داخوازی ئاوا پێشکەش بکەن. ئەمە پێشێلکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئۆرگانە زانستیەکانە. لە دونیادا نمونەی داخوازی ئاوا.. هەرگیز جێبەجێ نەکراوە. هەر کاتێکیش داخوازی ئاوەها بەرزیش کرابێتەوە، شکستی خواردووە. بەڵام..

داخوازییە دیموکراتیی و پیشەییەکان، رەوان. لەهەموو دونیاشدا، دەسەڵات و ئۆرگانە زانستیەکان، گوێیان لە داخوازی وا گرتووەو جێبەجێش کراوون. داخوازییەکانیش هەندێکی ئەمانەن:

١. وەرنەگرتنی ئەو خوێندکارانەی بروانامەی پۆلی شەشەمی ئامادەییان نییە (هەروەکو زانکۆکانی دیکەی کوردستان).

٢. قبوڵ نەکردنی ئەو خوێندکارانەی نمرەی خوێندنیان نزمە لە کۆلیژی پزیشکی و ئەندازیاری زانکۆی ئایندە.

٣. قبوڵ نەکردنی ئەو خوێندکارانەی بەپلەی نزم، یان کەمێک بەرزتر، لە کۆلیژەکانی زانستی مرۆڤایەتی وەرگیراون و لەبەر دەوڵەمەندییان، بەپارە، لەزانکۆی ئایندەدا، لە کۆلیژی ئەندازیاری یان پزیشکی قبوڵ کراون.

ئەم سێ داخوازییە پیشەییە، هەر سێکی راست و رەواو دروستن. ناکرێ.. زانکۆیەکی ئازاد، بۆیەکەمین جارە لەکوردستاندا دابمەزرێ، بەڵام رێسای دامەزراندنەکەی لە رێسای زانکۆکانی دیکەی کوردستان لاواز تربێت. بەپێچەوانەوە، هەقوایە زانکۆی ئازادی ئاوا، مادام ئازادە، مادام بەپارە خوێندکار وەردەگرێت، مادام مامۆستاش بە پارەیەکی زۆرتر دێنێت، کەواتە: پێویستە رێسای دامەزراندنەکەی زانستی ترو، مەرجەکانی وەرگرتنی خوێندکارو مامۆستاشی، باشتر بێت.

ئەزموونی کوردستان.. بەتایبەتی لە بواری خوێندن و خوێندنی باڵادا، پێویستی بە ئاستی خوێندنی بەرزترو ئاراستەی زانستی باڵاتر هەیە. نەک نزمترو لاوازتر!

هەقوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پێشتر بە وردی بریاری کردنەوەی زانکۆی ئایندەی بدایە (بەداخەوە وانەکراوە) پاشانیش، کە زانیویانە کێشە لەوەرگرتنی خوێندکاری ئاست نزم لە کۆلیژی زانستە سروشتیەکاندا، هەیە، هەقوابوو دەست بەجێ سزای زانکۆی ئایندەیان دابا. نەک چاویان لێ پۆشیبا.

ئاخر.. چ مەعقولیەتێکی تیادایە، کورو کچی مەسئول، یان کوروکچی دەوڵەمەند، هەر لەبەرئەوەی باوکیان مەسئولە یان پارەیان هەیە، بروانامەی سێی ناوەندیشیان (متوسطه) نەهێنا بێ، یان شەشی ئامادەییان تەواو نەکردبێ، لەترسی مەسئول، یان بەزەبری پارەی دەوڵەمەند، لە کۆلیژی پزیشکیدا وەربگیرێن. بەراستی ئەمە شەرمەزارییەکی گەورەیە، لە کاتێکیشدا ئەنجام دەدرێ گەلەکەمان پێویستی بەئاڵوگۆری میکانیزم و میتۆدی خوێندن و چۆنیەتی وەرگرتنی خوێندکارە، بەشێوەیەکی زانستیانە تر، نەک دواکەوتوانە تر. ئەو کورو کچە مەسئول و دەوڵەمەندانە، نەک هەقوایە سزای پەروەردەیی بدرێن و دەربکرێن، بەڵکو هەقی خۆیەتی بدرێنە دادگای مەدەنیش هەتا دەربکەوێ کێ بەرپرسیارە لەوەی، زانکۆی ئایندە ئاوا بە بروانامەی ساختە وەریگرتوون؟ یاخود بەهەرەشەو زەبری پارە قبوڵی کردوون؟

ئەگەر بروانامەی ساختەیان کردووە، دەبێ خوێندکارەکان سزا بدرێن. خۆ ئەگەر زەبرو زەنگیش لە ئارادایە، پێویستە ئەو کەسانەی (هەر پلەو پایەیەکیان هەبێت) زەبرو زەنگەکەیان بەکارهێناوە، سزا بدرێن. هەقیش وایە لە هەموو زانکۆکانی کوردستان لێکۆڵینەوە، ئەنجام بدرێت. بەتایبەتی زانکۆی سلێمانی و ئایندە.. چونکە کێشەکان لێرەدا تەقینەوە. خەڵکیش ئومێدی زۆری بە زانکۆی سلێمانییە پاشە رۆژی باشتری هەبێت. دەشبێ هەر زانکۆیەکی نوێ دادەمەزرێ ئەو ئومێدە بەهێزتر بکات نەک لاوازتر.

لەکۆتاییشدا دەڵێین:

سەرچاوەی ئەم چەشنە کێشانە، لەکاتێکدا کەزانکۆی سلێمانی خزمەتێکی بێ رادە کراوە، تەنها لەوەدا نییە خوێندکارە مانگرتووەکان کاردانەوەیان بەرامبەر زانکۆی ئایندە پەیدا کردووە؛ لەوەشدا نییە کە یەک دوو رێکخراوی خوێندکاری ئیسلامی و نا ئیسلامی ئاگری مانگرتنەکە خۆش دەکەن؛ تەنانەت لەوەشدا نییە، چەندین دکتۆرو راگری زانکۆی سلێمانی لەکردنەوەی زانکۆیەکی دیکەو هاتنی دکتۆرو پرۆفیسۆری دیکەدا دەترسن، ئاستی لەسەردەم جێماویان دەربکەوێ و سەرەنجام پارەی مۆڵی (محاضرات) یان لەدەست بچێ، گرفتەکان تەنها ئەمانە نین، بەڵکو سەرچاوەی گرفتەکان لەسێ هۆی سەرەکیدا دەبینین، کەئەمانەن:

یەکەم: نەگۆرینی رێسای وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکانی کوردستان لەبنەرەتەوە. ئێستاش لەسەر بنەمای (معدل) خوێندکار وەردەگیرێ. ئەمەش فەرامۆش کردنی بەهرەو تواناو سەلیقەی خوێندکارە. ئاخر نمرەی زمانی کوردی، یان مێژوو، یان ئایین، یان هەر زانستێکی دیکەی مرۆڤایەتی، بۆچی بخرێتە سەر نمرەی تێکرایی (معدل)ی خوێندکار لە وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلیژەکانی زانستی سروشتیدا.

خوێندکاری وا هەیە زۆر زیرەکە لە کیمیاو فیزیاو بایۆلۆژیا .. تاد، بەڵان زیرەک نییە لە زانینی مێژووی ئیسلام و عەرەب و جیهان. خوێندکاری ئاوا گوناحی چییە لەبەر (زمان) یان (رێزمان) قبوڵ نەکرێ لەکۆلیژی پزیشکی، یان ئەندازەیی.. تاد. دکتۆری زانا هەیە، هیچ نازانێ لەمێژوو؛ پرۆفیسۆری مێژووش هەیە، تەقەی سەری دێ لە زانستی پزیشکی.

دووەم: قبوڵی مەرکەزی.. ئەم قبوڵی مەرکەزییە، کۆت و زنجیر کردنی ئازادی زانکۆکان و پێشێلکردنی ئارەزووی خوێندکارانە. کە هەق نییە چیکە پەیرەو بکرێت و دیکتاتۆریەتی قبوڵی مەرکەزی، لەسەر خوێندکاری شارەکان بسەپێندرێ.

سێهەم: ئاستی نزمی دەیان مامۆستا لە زانکۆکانی کوردستان و پاوان کردنی خوێندن لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە. بۆ نمونە:

جۆرەها دکتۆر هەن (بیست - سی) ساڵ لەمەوبەر، لە وڵاتێکی دواکەوتووی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا، یان بەمیتۆدێکی دواکەوتووی رۆژئاوا، بروانامەیان هێناوە. ئێستا، ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەو رێسا خوێندنانە نەماوە؛ میتۆدی خوێندنی زانکۆکانی رۆژئاواش ریفۆرمی زۆریان بەسەردا هاتووە، کەچی ئەو مامۆستایانەی بروانامەکەیان بەرهەمی ئەو رۆژگارەو ئەو میتۆدە دواکەوتوانەن، کوت و مت بەهەمان میتۆدو بەهەمان ئاراستەو پەروەردە، لەزانکۆو پەیمانگەکاندا خوێندکار پێ دەگەیەنن. بەڵکو پیلانیش لە مامۆستای تازە دەرچووی خاوەنی بروانامەی نوێش دەگێرن، هەتا وەرنەگیرێن لە زانکۆکاندا.

سەرچاوەی کێشەکان.. ئا ئەمانەن کە ساڵەهایە قسەیان لەسەر دەکرێ، بەڵام چارەسەر نەکراوون. ماجستێری ئەوتۆ دراوە بە خوێندکار، لایەنی کەمی داهێنان و لێکدانەوەی تیا نییە. دکتۆری ئەوتۆ هەن لە زانکۆکاندا، ئەتەکیەتی زانکۆ نازانن و جگە زمانی زگماکی، زمانێکی دیکەی بێگانە بەچاکی فێرنەبوون. ئەمە جگەلە جۆرەها دیاردەی دزێوی خوێندن و فێرکردن!

ئەم کێشانە، بەزووترین کات چارەسەر نەکرێن. کێشەو گرفت زیاتر پەنگ دەخۆنەوەو کاریگەری ناڵەباری زۆرتریش دەکەنە سەر ئاستی خوێندن و دەرچوون و بروانامەی بەرز وەرگرتن. سەرەنجامیش، نەک ناتوانین لەم سەردەمەدا پێش بکەوین، بەڵکو لەم سەردەمەی شۆرشی زانیاری و خێرایی پێشکەوتنەدا، زۆر زۆر دوا دەکەوین. ئەگەر لەمەوبەر بەهۆی داگیرکاری و سیاسەتەوە کرابووینە هاووڵاتی پلە دوو، لەمەودوا بەهۆی دواکەوتنی خوێندن و میتۆدی فێرکردن و زانست و مامۆستای دواکەوتووەوە، وردە وردە دەبینە هاووڵاتی پلە سێ.■

laparakan.qxd 3/28/2005 6:05 AM Page 7

ئەپیرۆن

-٧-

پرۆتاگۆراس

(٤٩٠- ٤٢٠پ.ز)

ئاوات ئەحمەد

□ پرۆتاگۆراس یەکێکە لە حەوت داناکەی یۆنان لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا. ئەم و گۆرگیاس و هیپیاس و پرۆدیکۆس بە سۆفیستە پیرەکان ناسراون، کە گروپێک مامۆستای گەڕۆک بوون و شارەزاییان لە رەوانبێژیی و بابەتی تری هاوشێوەدا هەبوو. زانیاریمان دەربارەی زۆر کەمە، لە ئەفلاتونەوە دەزانین خەڵکی ئابدێرای ناوچەی تراسێ بووە، دەڵێن لای دانایەکی فارس خوێندوویەتی، هەندێکی تر دەڵێن لای دیموکریتۆس خوێندویەتی، بەڵام زۆر جێی متمانە نین. لە تەمەنی سی ساڵیدا دەستی کردووە بە گەڕان و بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی. لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠ ی پێش زاییندا بۆ یەکەمینجار سەردانی ئەسینای کردووە هەندێک ساڵی لەدایکبوونی دەبەنەوە بۆ ساڵی ٥٠٠ ی پێش زایین و دەڵێن لە یەکەمین سەردانیدا بۆ ئەسینا تەمەنی ٦٥ ساڵ بووە. دوای یەک دوو سەردانی تر لە ئەسینا نیشتەجێ بووە و بەشی زۆری تەمەنی خۆی لەوێ سەرف کردووە و وانەی وتۆتەوە. نزیکەی چل ساڵ خەریکی فێرکردنی نیکی بووە، لە ساڵی ٤٣٠ دا دەبێت بە مامۆستای تایبەتی دوو کوڕی پێریکلێس. سەرەنجام لەبەر بۆچوونە بێباوەڕییەکانی لەشارەکە دەری دەکەن. هەندێکی تر دەڵێن بەرلەوەی دادگایکردنەکەی دەست پێبکات، لە شارەکە هەڵدێت و لە ڕێگای پەڕینەوەیدا بەرەو سێسیلی لە دەریادا دەخنکێت.

لە ژیانیدا سێ جار سەردانی ئەسینای کردووە و هاوڕێی نزیکی پێریکلێس و کالیاس و یۆرپیدێس بووە. لە سەردانێکیدا بۆ سێسیلی هیپیاس دەبینێت. هەندێک گێڕانەوە دەڵێن پێریکلێس رایسپاردووە دەستورێک بۆ شاری توری سەر بە ئەسینا بنوسێت کە لە ساڵی ٤٤٤ دا ئاوەدان کراوەتەوە. زانینی ئەوەی پرۆتاگۆراس یان سۆفیستەکان بەگشتی چیان نوسیوە شتێکی زەحمەتە، چونکە ئەوان زیاتر پشتیان بە ئاخاوتن دەبەست نەک نوسین، هەندێکی تر دەلێن زانیارییەکانی ئەوان زانیاری رۆژ بووە و زۆر پەیوەندی نەبووە بە دانایی درێژخایەنەوە، بۆیە تەنها ئەو کەسە سوودی لێوەرگرتوون کە خوێندوویەتی بۆیە خەڵکی تر زۆر گرنگییان پێ نەداوە. هەرچۆنێک بێت تا رادەیەک دڵنیاین لەوەی پرۆتاگۆراس یەکەمین کەسە لە مێژووی هزری یۆناندا کە لە بەرامبەری وانە وتنەوەدا کرێی وەرگرتبێت، وانەکانی گەلێک پانتایی وەک ئاخاوتنی گشتی، رەخنەی ئەدەبی، هاونیشتمانێتی و تەنانەت رێزمانیشیان گرتۆتەوە. قوتابیانی پرۆتاگۆراس سەر بەچینی دەوڵەمەندان و خانەدانان بوون، لە ئەسیناو شارەکانی ترەوە دەهاتن بۆ لای. دەتوانین پێڕەوی بیرکردنەوە و وانەوتنەوەی پرۆتاگۆراس بکەین بە سێ بەشەوە:

١. لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی دروستی وشەکان، لێرەدا یاریدەی قوتابییەکانی دەدا بتوانن بە باشترین شێوە لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا بدوێن. لەم رووەوە بە یەکەمینی ئەو کەسانە دادەنرێت کە لە رێزماندا کاریان کردووە. لە دیالۆگی پرۆتاگۆراسی ئەفلاتوندا، ئەویش و پرۆدیکۆسیش لێکدانەوە بۆ شیعرێکی سایمۆنیدێس دەکەن و باس لە مەبەستی تایبەتی شاعیرەمەو مانای ئەدەبیانەی تێکستەکەی دەکەن.

٢. مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە: ناونیشانی دوو کتێب دراونەتە پاڵی پرۆتاگۆراس، یەکەمیان دەربارەی "راستی" و ئەوەی تریشیان دەربارەی "خوداکان". زۆر رێی تێدە چێت بە راستی ئەو دوو کتێبەی نوسیبێت، بەڵام تەنها چەند برگەیەکی لە نوسینی خەڵکانی دواتردا پارێزراون. مەبەستی پرۆتاگۆراس لەوەی مرۆڤ پێوەری شتەکانە، ئەوەیە بە پێی کاردانەوەی مرۆڤ بەرامبەری شتەکان شوناسی شتەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە ئەگەر گەرمام بێت ئەوا هەست دەکەم کزەی با فێنکە، خۆ ئەگەر سەرمام بێت، ئەوا هەست دەکەم باساردە.. گەرمی و ساردی سیفەتی با نین، بەڵکو ئەوە منم ئەو سیفەتانەم پێبەخشیون. بەمجۆرە بەلای پرۆتاگۆراسەوە دەتوانرێت چەندان خەسڵەت و سیفەتی جیاجیا بدرێنە پاڵی شتەکان و هەریەکێکیشیان لە کۆنتێکستی خۆیدا دروستە، چونکە یەک راستی بوونی نیە بەڵکو راستییەکان فرەن. کە دەڵێت مرۆڤ پێوەری شتەکانە، دەیەوێت بڵێت مرۆڤ پێوەری ئەوەیە کە شتە هەبووەکان هەن و شتە نەبووەکانیش نین.

٣. ناتوانین بیسەلمێنین کە خوداکان هەن یان نا.. ئەمە بۆچوونێکی مەترسیداربوو بۆ ئەو سەردەمەی ئەسینا، کە لە بەشی هەرە زۆری کاروبارەکانیاندا پشتیان بە خوداکانیان دەبەست. دەڵێت "دەربارەی خوداکان من هیچ هۆکارێکم بەدەستەوە نیە تا بزانم ئایا بوونیان هەیە یان نا.. زۆر شت رێگە لە زانینی شتێکی ئاوەها دەگرن، لەوانە ئاڵۆزیی مەسەلەکە، چونکە ناتوانرێت هیچ تاقیکردنەوەیەکی لەسەر بکرێت، دووهەمیشیان کورتی ژیانی مرۆڤە لەچاو مەسەلەی ئاوادا". هەندێک دەڵێن ئەسینایییەکان لەسەر ئەو قسانە دادگاییان کردووە و لە بازاڕیش بەبەرچاوی خەڵکەوە کتێبەکانیشیان سوتاندووە. ئەگەر ئەمە راست بێت دەبێت لەسەردەمی شۆڕشی چوارسەد ئۆلیگارشییەکەدا لە ساڵی ٤١١ دا روویدابێت. یەکێک لەوانەی گومان لەم روداوە دەکەن ئەفلاتونە کە لە دیالۆگی مینۆندا رادەگەیەنێت پرۆتاگۆراس بە شۆرەتێکی زۆرەوە مردووە.

کاریگەریی پرۆتاگۆراس لەسەر مێژووی فەلسەفە زۆر بەرچاوە. ئەم پیاوە زۆر وەکو خاڵێکی گوێزانەوە وەهایە لە نێوانی فەلسەفەی پێش سۆکراتیدا کە تێیدا دانایان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی سروشت بوون، لەگەڵ فەلسەفەی سۆکراتیدا، کە تێیدا دانایان و بیریاران دەستیاندایە لێکۆڵینەوەی خودی مرۆڤ و کردیان بە بابەتی سێنتەریی ئارگیومێنتکردن. پرۆتاگۆراس جەختی کردووە لەسەر ئەوەی خودی مرۆڤ بەشداریی دەکات لە دروستبوونی تێڕوانینەکانماندا بەرەو جیهان و بەشداریی دەکات لە شێوازی تێگەیشتنماندا لە دەرەوەی خۆمان. هەڵوێستەکەی پرۆتاگۆراس لەمەڕ مرۆڤ هەتا ئەمڕۆش هەر هەڵوێستێکی سێنتەرییە لە فەلسەفەدا.■

ئەدەب و شارەزایی

موعتەسەم ساڵەیی

□ بنەرەتی داهێنان بریتییە لەو توانا و بەهرە سەرسورهێنەرە بەتەوژمە لەبن نەهاتووەی ناخی داهێنەر. بەم پێیەیش دەتوانین بڵێین کە بەهرە بەردی بناغەو مەرجی یەکەم پێک دەهێنێت لە دنیای داهێناندا. بێگومان بەهرەی رووت بەتەنیا ناتوانێت هەڵسێت بەپێکهێنانی بەرهەمی دانسقەو شاکاری ئەدەبی و هونەریی دەگمەن، بەڵکو بەهرە پێویستی بەدەوروبەرو نێوەندی تایبەتی شیاوو لەبارو گونجاو هەیە. گرنگترینیان بریتییە لە شارەزایی و ئاستی بەرزو بڵندی رۆشنبیری و بەربڵاویی ئاسۆی هزرو بیری داهێنەر. وەک دەرکەوتووە شاکاری ئەدەبی و هونەری لە ئاکامی مارەبرینی بەهرە و شارەزایی لەدایک دەبێت.

نووسەری ئەمریکایی (هێرمان مالڤێڵ) ئەو پێنج رۆمانەی خۆی کەلە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا نوسینی، هەموویان پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی نووسەر دەبەستن.

رۆمانی (تایبی) سەرگوزشتەی ئەو کاتانەی نوسەر خۆیەتی کە لە دورگەکانی (مارکیزاسی)دا بەسەری دەبرد، ئەویش پاش ئەوەی کە کەشتیی راوە نەهەنگی (ئەکوشیت)ی بەجێ هێشت. شاکارە بەناوبانگەکەی (مۆبی دیک) بریتییە لەسەر بردەی نووسەرو سەرجەم گەشت و گەرانە هەمیشەییەکانی بەدرێژایی دەریاو ئۆقیانووسەکاندا(١).

جیهانی ئەدەب پڕە لەو جۆرە کتێبانەی کە ناوەرۆکیان پەنا دەبەنە بەر بەسەرهاتی ژیانی دانەرەکانیان. گەر بێتو نمونە بهێنینەوە بێگومان ژمارەیان گەلێک زۆرە. دەتوانین بۆ نمونە ناوی هەندێکیان تۆمار بکەین وەک: (ناسۆریەکانی ڤارتەر)ی (گۆتە)و رۆمانی (دایڤید کۆپەر فیلد)ی (چارلس دیکنز)و (سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و لاوێتی)ی (تۆڵستۆی)و سێینەکەی نوسەری رووسی (مەکسیم گۆرکی)و (ماڵئاوایی لەچەک)ی (ئێرنست هەمەنگوای)و (چۆن پۆلا مان ئاودا)ی (ئەستروفسکی)و.. هتد(٢).

شانۆنامەنووسی ئینگلستانی (ولیەم شکسپیر) کە هەردەم بەرهەمەکانی جێی باس و لێکۆڵینەوەن بەرادەیەک تێکرای رەخنەگرانی دنیایان تووشی سەرسورمان و شاگەشکە کردووە، دەبینین شارەزایی و زۆرانزانیی شکسپیر لەمیانی بەرهەمەکانیدا دەردەکەون. لە شانۆنامەی (شالیر)دا، نوسەر سی و سێ جار ناوی دەیان جۆر ئاژەڵ و زیندەوەر دەبات.. هەروەها زانیاریی شکسپیر لە بارەی رووەک و ناوو سیفاتەکانیانەوە بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر لەبەرهەمەکانیدا تۆمارکراون(٣).

ژیان خۆی لەخۆیدا تابڵێی دەوڵەمەندو چڕو پڕە. نوسەرو هونەرمەندی لێهاتووی بەتوانا دەتوانێت رەگەزی هونەری و ئەدەبی لە ژیان و سروشتەوە هەڵبهێنجێت و لەبەرهەمەکانیدا بیانخاتەکار. داهێنەر سەرکەوتن بە چنگ دەهێنێت بەوەی کە بتوانێت مەبەستێکی مرۆڤ پەروەرانەو بەهایەکی ئیستاتیکی لەمیانی ژیان و سروشتەوە بخاتە روو. (گۆتێ) دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: (مەبەستی هونەر بریتی نییە لە گواستنەوەی سروشت، بەڵکو پێویستە سروشت وەک ئامرازێک بەکار بێت لە پێناوی دەربرینی نرخ و بەهایەکی بڵندی ناوەکی)(٤).

کاتێک کە رۆمانی (دۆنی کپ)ی (شۆلۆخۆف)م خوێندەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی هەر لاپەرەیەکیدا تووشی سەرسامی دەهاتم، ئەویش سەبارەت بەو شارەزاییەی نوسەر دەربارەی ژیانی رۆژانەو بارودۆخی رووداوەکانی سەردەمێکی دیاریکراوی وڵاتەکەی. لەهەمان کاتدا بەخوێندنەوەی رۆمانەکە خوێنەر هەست بەفرەزانی نوسەر دەکات، ئەویش لەو ساتانەیدا کە وەسفی دارو درەخت و رووەکە جۆراوجۆرەکانی دەشت و دەری وڵاتەکەی دەکات. هەروەها لەکاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا چەند پرسیارێکم لەلا گەڵاڵەبوون، لەبەرخۆمەوە پرسیم و وتم: ئایا گەر وەرگێرێکی کورد ویستی ئەم شاکارەی نوسەر وەربگێرێتە سەر زمانی کوردی، داخۆ دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ناوی درەخت و داروەوەن و گولیلکەکان بکات؟! چۆنیش ناوی تەواویان بەزمانی کوردی بۆ دەست نیشان بکات..!؟ لەبەرخۆمەوە درێژەم بە پرسیارەکانم داو وتم: خۆزگە چەند نوسەرێکی شارەزا لەزمانە بیانیەکاندا دەکەوتنە خۆیان و بەپرۆژەیەکی دارێژراو هەڵدەستان و، شاکاری ئەدیبە جیهانیەکانیان بەشێوەیەکی پۆلێن کراو وەردەگێرایە سەر زمانی کوردی..

هیرمان مارفیل

شەکسپیر

شتاینبک

بەخوێندنەوەی رۆمانەکانی نوسەری ئەمریکایی (جۆن شتاینبەک)، خوێنەر هەست بەشارەزایی و فرەزانیی نوسەر دەکات. نوسەر لە گرێی پێنجەمی ساڵانی ژیانیدا لە رۆمانێکیدا دەست پێدەکات و دەڵێت: (ئێستاش ناوی ئەو گژو گیاو گولیلکە کێویانەم لەیادە، کەلە سەردەمی منداڵیمدا ناویانم دەبرد..)(٥)، کاتی خۆی چیرۆکێکی (شتاینبەک)م لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێرایە سەر زمانی کوردی، کە بەناوی (هەڵاتوو)وەوە بوو. لە چیرۆکەکەدا نوسەر بەشێوەیەکی ئەوتۆ وەسفی خاک و خۆڵ و چیاو جەنگەڵ و بێشەوچۆمەکان دەکات، کە بەرادەیک توانیی سەرنجی تەواوم بۆ لای چیرۆکەکەی رابکێشێت و لە ئاکامیشدا بکەومە سەر کەڵکەڵەی وەرگێرانی.. لەکاتی وەرگێرانی ناوی چەند رووەک و گژوگیاو دارودرەختێکدا تووشی تاسەو کەندو کۆسپ بووم. ئەوەبوو پەنام بردەبەر فەرهەنگە زانیارییە بەبایەخەکەی مامۆستا (کەمال جەلال غەریب) بۆ دەست نیشان کردنی ئەو ناوانە..

تێکەڵ بوون بەجیهانی ئەدەب و هونەر و لقەکانی دیی داهێنان، بەو ئاسانییە نییە کە هەندێک بیرە لێدەکەنەوە و بۆی دەچن.. بەبێ پشتێنەیەکی توندو تۆڵی رۆشنبیری و شارەزایی نوشوستی لەدوایە

تێکەڵ بوون بەجیهانی ئەدەب و هونەرو لقەکانی دیی داهێنان، بەو ئاسانییە نییە کە هەندێک بیرە لێدەکەنەوە و بۆی دەچن.. بەبێ پشتێنەیەکی توندو تۆڵی رۆشنبیری و شارەزایی نوشوستی لەدوایە. هەر ئەدیب و نوسەرو هونەرمەندو داهێنەرێک پێویستە چەند مەرجێکیان لەلادا گەڵاڵە بێت بۆ جێبەجێکردنی بەرهەمەکانیان وەک: بەهرە و تواناو سەرفرازی و شارەزایی و دنیا دیدەیی و ئاسۆ فراوانی ئاستی رۆشنبیری..

شۆلۆخۆف

پەراوێزەکان:

١. مقالات نقدية مختارة. ريشارد شيز. وەرگێرانی: نجيب المانع. دار الحرية للطباعة. بغداد ١٩٨٤ ل ٤٤.

٢. الادب وقضايا العصر. نوسینی: خراب نكو. وەرگێرانی: عادل العامل. وزارة الثقافة و الاعلام. بغداد ١٩٨٢ ل ٨١.

٣. الابداع فى الفن. قاسم حسين صالح. وزارة الثقافة و الاعلام. بغداد ل ٨٢.

٤. النقد الفنى. اندرس ريشار. وەرگێرانی: وزارة الثقافة والارشاد القومي. دمشق ١٩٧٩ ل ٢٤.

٥. ادباء من امريكا. محمد الفتاح. القاهرة ١٩٧٦ ل ٥٤.■

laparakan.qxd 3/28/2005 6:05 AM Page 8

(مانا + وێنە) لەناو گوڵەکانی ترێ دا
من گوڵێکم پێیە... لەهەموو بۆنێک

بەختیار نامق

□ خوێندنەوەی هەر دەقێکی شیعری یان دابەزین بۆناو قوڵاییەکانی شیعرێک دەتوانێت ئەو میتۆدانە دیاری بکات کە مانای ناو هەر مەفهومێکی شیعرەکەت بداتێ، دەتوانێ ئەودیو ئەو تەقسە شیعرە بە چەندان وێنەی شاراوە ببینێت کە هەڵگری وێنەی ترن لە مەفهومێکی تر داو بابەتی شیعرەکەو ئیشکردنی شیعرەکەت بداتێ.. لێرەوە گوڵەکانی ترێ سەفەر کردنە بەناو بابەتێکدا کە هەڵگری زۆر وێنەی جیاوازە... یان دەیەوێت لەو شتانەی کە لە چوار دەوری مرۆڤدان پەیوەندیەکانی وەک مفرەدە وەریان بگرێ و لەبابەتێکدا پەرشی بکات و تەقسێکی شیعری پێ ببەخشێ.. ترێ لەگەڵ مانگ لەزەمەنێکی شەودا سەفەرێکە بەرەو شەپۆلی گوڵ و وەرزی شیعر، ئەمەش وێناندنی بەختەوەرییە، ئیش کردنە لەسەر پەیوەندیەکانی تاک لەگەڵ کۆمەڵ و واقیع، ئەو ناکۆکیەی کە لە رەهەندی پەیوەندیەکانەوە بەواقیعەوەیە، سەفەرکردنە لە رێگەی مانگەوە بۆ بەختەوەری کە نا بەختەوەری ئێرەی دنیای تاڵ هۆکاری سەفەرە بەرەو ئەوێی شیعری بەختەوەری.. ئەو چی بکات کە زمانی لاڵەو دڵی خەونامەکان دەخوێنێتەوەو چاوەڕێی خوێندنی بولبولەکان و بەگوڵ بڵێ دنیا بەتەڕی چاوەکانی تۆوەیە.. ئەمەش هەڵگری هاوکێشەیەکی فیکرییە لەنێوان دنیای ئەوو واقیعدا، یان جۆرە هەڵاتنێکە بۆ دۆزینەوەی دنیایەک کە تێیدا چەمکی لێبوردن گەورەیی دەدات بەمرۆڤ... شیعریش زمانی دەربرینی مانایە لەناو بابەتدا، ئەکرێ ترێ هەوڵدانێکی سەرەتایی جوانی کردبێت بۆ تێکشاندنی مفرداتی بوون بەوێنەی ستاتیکی ئاماژەکان بەپێی رەهەندێکی شیعری لە چەمکی لێبوردندا دروست بکات.. ئەمانەش وادەکات هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی وێنەی ستاتیکی کەدال ببێتە هەڵگری زۆر رەهەندو مەدلولی جیاواز، بەڵام دەربرینی هەستێک کە خۆی سەرچاوەگری ناکۆکیەکانی واقیع بێت، دەبێتە جۆرە نەقدێکی واقیع و خوێندنەوەی بۆ بەدیلێکی تری عەقڵانی کەزیاتر لەبابەتی ئەم شیعرەدا دەردەکەوێت

کەپەلمان دەگرێ و سەرابێکمان نیشان دەدات کە راستییە یان پۆلێن کردنی پاک و پیس، بەڵام ئەگەر ئەم سەفەر کردنە وەک لەهەندێ وێنەی ناو شیعرەکەدا دەردەکەوێ سەفەرکردن بێت بۆ دۆزینەوەی دنیایەک، کە دنیایەک بێت هەموو وێنە ستاتیکیەکانی ئاماژە بن بۆ چەندین پەنجەرەی تر کە خوێنەر بتوانێ لێوەی بروانێتە وێنە جیاوازەکانی خۆی، یان دەربرینی هەستێکی بێ کراوێکدا یان بڵێین دەقێکە بەسەرەتایەکی مانادار لە بابەتێکدا کە بەزۆر تەواو کراوە، کۆتایی بەسەفەرێک هێنا بێت کە نەگەیشتۆتە شوێنی خۆی لەرووییەکی ترەوە (تکایە بەمەرگ بڵێن) بانگ کردنی فریاد رەسێکە بۆ ناو معادەلەی ژیان و مردن تا بەمردن بڵێت تۆ بەسەر شەقامی مەرگدا ژیان تاڵتر دەکەیت لەقاوە، قاوەی تاڵی ناو کەرنەڤاڵەکانی ترس و پرسە، ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ وێنەی



بارگە بێت بۆ دۆزینەوەی دنیایەک کە تێیدا بەختەوەری هەموو ئەو بۆنە جیاوازانە بێت لەسەر گوڵێک، دەکرێت ئەم هەوڵانەی کەلەم شیعرەدا هاتووە زمانی تەواو نەکراوی چەند ئیحساسێکی تر بێت لەنێوان خاوەن گوڵێک و بەرۆکی دیاری فرە وێنەیی، بەڵام تەواو نەکراو نەک بەمانای وێنەو ماناو زمانی قورس، بەڵکو بە دۆزینەوەی سادەیی و رەهەندی جیاواز، دانی وێنەی تایبەت بەخوێنەر بۆ ئەو وێنە شاراوانەی کەلە پشت هەر وێنەیەکەوە هەیە بیان بینێ و سەفەری خۆی بکات. دەکرێت هەوڵێکی جوان بێت بۆ دەربرینی ئیحساسێکی درێژی شیعری یان چەند وێنەو مانایەک کە لەرێگەی نوسینەوە دەقێک بەرجەستە بکات کە فرە ماناترو چڕ تر بێت، ئەم هەوڵانەی شاعیر هێشتا ماویەتی بنوسێت و رامانەکانی فراوانترو گشتگیری تر بکات... بەهەرحاڵ وەک ژنێک کە پێگەی کۆمەڵایەتی ئێمە بەرتەسکە بۆی لەناو دەنگی ژناندا هەوڵێکی جوانی سەرەتاییە... هیوای زۆرتری تێدا بەدی دەکرێت.

من گوڵێکم پێیە.. لەهەموو بۆنێک
ترێ مەحمود
+ کە شەو دادێت نەغمەی مانگێک چەشنی خەرمانەی رووت بانگم دەکات
- تێکەڵ بەشەپۆلی گوڵ و وزەی شیعرم ئەکات
ئەمباتە ناو لەحزە ناسکەکانی بەختەوەری.
+ تکایە بەمەرگ بڵێن بەس ئەمشەو مۆڵەتم با..
تا پێکەوە لەگەڵ گوڵدا قاوەیەکی تاڵ تاڵتر لەم دنیایە!...
بخۆینەوەو سەرخەوێک لەنێو پێخەفی ئەم بێ گوزەرانیەدا...
بشکێنین.
+ دەنا کەرنەڤاڵە شەمێک سەرخەوی خۆی دەشکێنێت لەپاڵ وجودی پەروانەیەکدا.
+ ئای.. زۆرێک، لۆچێ لەمەعریفەی ئەم دنیایەیان ئاڵانۆتە
سەرتاپای غرور جەستەیان جەزب نەکات.
+ئەی گوڵ دنیا هێشتا تەڕە بە تەڕی چاوەکانی تۆ
مەهێڵە ئەم زریانی ئەزەلە لەگەرموگوری خۆت
دەرت بێنێ، من دڵی سەدان خەوننامە دەخوێنمەوە
بۆ تەفسیری خەونێکی تۆ.
+ کەچی هێشتا زۆری ماوە بولبولە دڵ تەڕەکانی باخچەکەم
گۆرانی بۆ تۆش بڵێن.
+ چی بکەم زمانم هەمیشە لاڵە
کە گوێم لەتەپەی سەما شێتەکانی ئەوان ئەبێت
من ناتوانم سەرابێک دروست کەم کە هەمووی درۆ بێت!
+ بمبورن ئەی ئەوانەی
لەدەریا پاکترو
لە سروشت جوانترو
لەمرواری ناسکترن
من گوڵێکم پێیە
لەهەموو بۆنێک
دەستم ناگات بییەم لەبەرۆکی
یەک بەیەکتان.■

مێژووی نوێی عێراق لەنێوان داهێنان و نوسینەوەی مێژوویی هاوچەرخدا

سامی هادی

□ قەڵەمی بوێرانەو رەخنە ئامێزی د. عەلی وەردی، هەر لەسەرەتای نووسین و داهێنانیدا، سەرنجی زۆربەی بیرمەندو نێوەندی روناکبیری عێراقی و عەرەبی بۆ لای خۆی راکێشاوە. هەربۆیەش لەسەرەتای نووسین دا، بەتایبەتیش. دوا بەدوای بڵاوکردنەوی کتابی "وعاظ السلاطین" رووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆتەوە، تاکارگەیشتە ئەوەی مزگەوتەکانی بەغدا، لەرێگای خوتبەکانی هەینیان، بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کفر، د. عەلی وەردییان تاوانبار کرد. تا سەرەنجام هەر بەرێگای یاسایی چارەسەری کێشەکانی کرا. د. عەلی وەردی هەمیشە بەوە ناسراو بووە، لەئاستی زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتیش ئەو ئاراستانەی رووی بزێوی کۆمەڵ بووینە، بێدەنگ نەبووە، بەڵکو بەپێی میتۆدێکی سۆسیۆلۆژیانە، رووی راستی کێشەکانی خستۆتە روو. ئەمەش لەزۆربەی وتارو لێکۆڵینەوەو کتابەکایدا رەنگی داوەتەوە. لەو چاوپێکەوتنە دورو درێژەی کە نوسەر حەمید مطبعی لەگەڵی سازی داوە. کەوێستگەکانی ژیانی د. عەلی وەردی هەر لەسەرەتای منداڵیەوە تا خوێندن و، سەفەرکردنی بۆ ئەمریکا بەمەبەستی خوێندنی باڵاو، ئینجا بەدەست هێنانی بروانامەی دکتۆرا، لەبواری زانستی سۆسیۆلۆژیا دەگرێتەوە. ئەوەی مایەی سەرنجیشە، هەر لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا یەکەم چیرۆکی خۆی لەگەڵ دونیای خوێندن و خوێندەواریدا دەگێڕێتەوە، دەڵێت: خێزانەکەم وەک هەموو خێزانە عێراقیەکانی تر، هەر لەمنداڵیەوە حەزیان دەکرد، منداڵەکانیان فێری کارکردن بن، هەر بۆ ئەم مەبەستەیش، منیان کردە شاگردی بەقاڵێک. کەناسیاوی خۆمان بووە. بەڵام من، واتە د. عەلی وەردی. دەڵێت: هەر لەو تەمەنەدا هۆگری خوێندن و خوێندنەوە بووم، بەتایبەتیش گۆڤاری هیلال، کە ئەوسا لە وڵاتی میسر دەردەچوو، کەزۆربەی نووسەران و رووناکبیرانی ئەوسای عێراق دەیان خوێندەوە. بەهەرحاڵ رۆژانە لەدوکانی بەقاڵیدا، خەریکی خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە بووم. تا رۆژێک خاوەن دوکانەکە، تینی بۆهات و بەرزللەی دام و وتی کورم تۆ بەکەڵکی کاسبی نایەیت، تکایە برۆ خوێندنەکەت تەواو بکە.

ئێستایش دوای ئەو هەموو ساڵە، زۆر مەمنونی خاوەنی دوکانەکەم. کەبەرزللەی دام، ئەگینا رەنگە ئێستا، دوکاندارێکی خراپ یان باش بوومایە قەتیش نەدەبووم بە د. علی وەردی. کەئێستا پسپۆڕم لەبواری سۆسیۆلۆژیادا. بەهەرحاڵ، تێزەکانی د. عەلی وەردی، زۆرن و بەردەوامیش مشتومڕی بەدوای خۆیا هێناوە. بەتایبەتیش لەهەردوو رۆژنامەی (العراق) رۆژنامەی (الاتحاد) کەگۆشەیەکی هەفتانەی هەبوو، ئەم دوو گۆشەیەش، رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆ بوو، لەگەڵ خوێنەرانی دا، هێندی جار پرسیار لەخوێنەران و ئینجا وەڵام لای د. عەلی وەردیەوە بووە. زۆرجاریش وەڵامەکانی دەبووە مایەی مشتومڕێکی زۆر فراوان، کە بەچەندین ئەڵقە کۆتایی دەهات.

درێژترین مشتومڕیش، لەم قۆناغەدا، بریتی بوو، لەقسەکردن لەسەر "ئەفەندیە" کە د. عەلی وەردی، وەک چینێکی کۆمەلایەتی سەیری دەکردن.

لەبەرامبەر



ئەمەشدا، چەندین بیرمەندو مامۆستایانی بواری زانستی سۆسیۆلۆژی و ئابوری و زانستە سیاسیەکانی وەڵامی جۆراوجۆریان دایەوە. کەزۆربەیان دژی ئەم تێزەی د. عەلی وەردی بوون. بەڵام ئەمیش بەردەوام لەرێگای نووسینەکانی خۆیدا، داکۆکی لەم بیروبۆچوونانەی خۆی دەکرد. دیارە نووسین و کێشەکانی وەردی زۆرن. بەڵام

ئەوەی لەهەموویان زیاتر مایەی سەرنج و گرنگی پێدانە، هەر شەش بەرگەکەی کتێبی "چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لەمێژووی نوێی عێراق" دیارە هەر شەش بەرگەکەیش، بەپاشکۆکانیشیەوە، خوێندنەوەیەکی هاوچەرخە بۆ مێژووی عێراق. ئەمیش بەپێی میتۆدێکی زانستی و سۆسیۆلۆژیانە، کەدیارە ئەم میتۆدەیش، تەنیا خوێندنەوەو نیشاندانی رووداوە مێژوویەکان نیە، بەڵکو لێکدانەوەو سەرنج و رەخنە ئاراستەکردنیش دەگرێتە خۆی. ئەم کارەی د. وەردی.. چ لەسەردەمی خۆیداو بەئێستاشەوە. مشتومڕێکی ئێجگار گەورەی بەدوای خۆی هێناوە. یەکێکیش بوو لەو سەرچاوانەی، ئەوەی بیویستایە. تۆزێ شارەزای مێژووی هاوچەرخی عێراق. بێت - پێویستی بەخوێندنەوەو پێداچونەوەی ئەم کتابە بەنرخە هەبوو، تا کارگەیشتە ئەوەی، سەرانی فاشی عێراق. تاروخانیان، لەمەکتەبەو زانکۆکانی عێراق. ئەم کتێبە بەنرخەی د. عەلی وەردییان. چ بۆ خوێندنەوە چ بۆ فرۆشتن قەدەغە کرد. سەرەڕای ئەمەش خوێندنەوەی ئەم سەرچاوە زانستە، هەمیشە هەر دەستاو دەستیان کردوە بۆ خوێندنەوەو تادواجار لەوڵاتی ئێران، بەچاپێکی چوار مجلدی، جارێکی تریش چاپکراوە، لەگەڵ بەشێک لەکتابە گرنگەکانی تریش کە لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیا، دووبارە چاپ کراونەتەوە.

ماوەتەوە بڵێم، دووبارە دەست خۆشی لەخانەی وەرگێڕانی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان بکەم. کەوەرگێڕانی هەر شەش بەرگی کتێبی مێژووی نوێی عێراقیان. کردوە بەپرۆژەیەکی گرنگی خۆیان. بەو هیوایەی، بەدیقەتێکی پڕ لەئەمانەتی وەرگێڕانەوە. ئەم کارە ئەنجام بدەن. خۆ ئەگەر یەکێکی شارەزاو پسپۆڕی بواری زانستی سۆسیۆلۆژیش بەبەرگەکانی داهاتوی ئەم بەرهەمەدا بچێتەوە ئەوە گەلێ باشتر. چونکە هێندی دەستەواژەو زاراوە هەیە - خەڵکانی پسپۆڕی بواری سۆسیۆلۆژیا، دەتوانن ماناکانیان باشتر بپێکن.

لەکۆتایدا - هیوای سەرکەوتن بۆ خانەی وەرگێڕان و دەست خۆشیش لەکاک دلێر میرزا، دەکەم کەئەرکی بەرگی یەکەمی ئەم کتابە بەنرخەی، پێدراوە بۆ وەرگێڕان.■

ڕۆشنتر لە خامۆشی

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

□ سەرچاوەی سەرەکی نوێگەری لەجیهاندا رۆژئاوایە، ئەمە شتێکە نکوڵی لێناکرێت، سەرهەڵدان و دامەزراندنی لەوێوە بووە، چەسپاندن و پراکتیزەکردنی لەجێگای تریشەوە بووە. بەڵام پاش پەرەسەندن و پەلهاویشتنی فرە بووە، وایلێهاتووە ئێستا نوێگەری دەوروبەریش هەیە، لەجیاتی نوێگەری ئەوێ نوێگەری لەسەرانسەری جیهاندا هاتۆتە بوونەوەو دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ. یابان نمونەیەکی تری نوێگەرییە، ئەم وڵاتانە کەم تا زۆر بەرەو ئاسۆکانی پەلدەهاون، ئەمیش بەهەڵگرتنی چەشنێک لەسیمای تایبەتی.. بەڵام رۆژئاوا وەک سەرچاوەی یەکەم و سەرەتای پێکهێنەر سەیر دەکرێت. مەبەستمان لەم بۆچوونەیش ئەوە نییە سەنتەریزمی رۆژئاوا هەڵبژێرین و سەریبخەین و بیکەین بەنموونە، بەڵکو وەک حەقیەقتێکی مێژوویی رەوتی نوێبوونەوەی جیهان سەیریدەکەین. کێشەکە لەوەدایە هەن دەیانەوێ پاش مێژووی چەند سەدەیی مۆدێرنیزم و نەشونماکردنی و بڕینی چەندین قۆناغی، بەوەهەم، سەرهەڵدانی، لەم وڵاتانە، پێش مۆدێرنیزمی رۆژئاوا بخەن و بیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئومەوی و عەباسی و سەردەمانی تریش. نمونە زۆرە بەڵام لەم رۆژانەدا کتێبێکی نووسەرو رۆژنامەنووس محێدین ئەللازیقانیم خوێندەوە لەژێر ناونیشانی (اباء الحداثة العربية) مداخل الى عوالم الجاحظ والحلاج والتوحيدى. کتێبەکە (٢١٢) لاپەڕەیەو لەمیسر چاپکراوە.

نووسەر باس لەجیهانی جاحیزو حەللاج و تەوحیدی دەکات تیشک دەخاتە سەر کارو پێکهاتەی مێژوویی ئەم سێ ناودارەی رۆشنبیری عەرەبیی ئیسلامی..

لام سەیرە بێین جاحیزو حەلاج و تەوحیدی بەباوکانی نوێگەری عەرەبی دابنێین.. و خیرالدین تونسی رفاعە تەهتەهاویو کەواکیبی و سەلامە موساو عەلی عەبدولرازق و چەندانی تر بخەینە لاوە کەپاش سەرهەڵدانی نوێگەری رۆژئاواو نووسانیان بەرۆژئاواو هەستکردنیان بەمەترسی و پێشکەوتنیان و بەئاگابونیان لەرۆشنگەری و بێداری ئەوان کەوتونەتە خۆ.

تا ئەمان باسی ئەو بیروبۆچوون و کێشە بێدارگەرییەیان نەکردبێت لەناو عەرەبدا کەس باسی نەکردووە. دوای ئەوە دابڕانێکی زەق هەیە لەنێوان ناونیشانی کتێبەکەو مەتنەکەیدا، خوێنەر کەناونیشانی (اباء الحداثة العربية/ باوکانی نوێگەری عەرەبی) دەبینێ وای بۆ دەچێ کە لەناوەوە باس لەرۆڵی نوێخوازیی جاحیزو حەلاج و تەوحیدی بکرێت وکۆمەڵێک بنەمای ئەم بابەتە هەیە کەپەیوەندییان بەجەوهەرو چەمکی نوێگەرییەوە هەیە لەناو کتێبەکەدا پیادەکرابن، کەچی سێ بەشی سەرەکی دەبینیت کەهەر یەکەیان تایبەتە بەجاحیزو حەلاج و تەوحیدییەوەو وەک هەر کتێبێکی تر کەباسی جاحیز یا حەلاج یا تەوحیدی دەکات مامەڵە لەگەڵ ئەم سێ ناوە گەورانە دەکات.

هیچ شتێک ناوروژێنێت کەپەیوەندی بەلایەنی نوێگەرییەوە هەبێت، بۆ نمونە چۆنچۆنی لەکتێبی مێژوویی یا سەرچاوەی تازەدا باسی حەلاج یا تەوحیدی دەکرێت هەر بەوجۆرە قسەیان لەسەر دەکات، حەلاج و سەرەتاکانی ژیانی، حەلاج و دەسەڵات، حەلاج و تەسەوف، ئەوانی تریش بەهەمان جۆر، ئەگەر کەسانێک باوکی نوێگەری بن و ئەم رستەیە بکەین بەناونیشانی کتێبێک یا لێکۆڵینەوەیەک خۆ ئەبێت بەدوای ئەوەدا بگەڕێین بیسەلمێنین و خاڵی نوێگەرییان بخەینەڕوو، بزانین نوێگەرییان لەکوێدایەو یاخود بزانین پاش ئەمان بۆ کەسیتر دەرنەکەوت تا لەسەر نەهجی ئەوان بڕوات؟ بۆ پاش نەمان شتێک دروست نەبوو بەناوی نوێگەری عەرەب یا ئیسلام؟ ئاشکرایە کەباوک کوڕ دوای خۆی جێدێڵێ ئەی کوان کوڕانی نوێخوازی دوای جاحیزو حەلاج و تەوحیدی؟

نووسەری ئەم کتێبە پێشەکییەکی نووسیوە بەڵام لەجیاتی ئەوەی پرسیارگەلێکی لەوجۆرەی سەرەوە بوروژێنێت دێت گلەیی لەنووسەرانی عەرەب دەکات چونکە مودێرنیزمی عەرەبیان کردووە بەپاشکۆی مۆدێرنیزمی رۆژئاوا. باشە ئەگەر ئەو سێ نووسەرە گەورەیەی عەرەب کەلازیقانی بەباوکی مۆدێرنیزمی عەرەبیان دائەنێت باوک بن ئەی کوا بزوتنەوەیەک کە لەوانەوە کەوتبێتەوەو لەرۆشنبیریی عەرەبدا چەسپی بێت؟ نوێگەری رۆژئاوا لەو رۆژەوەی کەسەریهەڵداوە لەپەرەسەندن و بڵاوبونەوەدایە، نەریتی دورستکردووە نەوەی خستۆتەوە.. راستە لەهەموو سەردەمێکدا جۆرێک نوێکردنەوەو هاوچەرخی لەرۆشنبیریدا دەبێت بەڵام ئەمە جیایەو بزوتنەوە جیایە.

بۆمان هەیە بڵێین شاعیرێکی وەک ئەبونواس نوێکەرەوەیە چونکە لەهەندێک رووەوە لەنەریتی شیعری جاهیلی لایداوە. شاعیری سەردەمی جاهیلی کەشیعری دەنووسی دەبوو بە (مقدمة طلبية) دەستپێبکات، واتە لەسەرەتادا بکەوێتە شین و گریان بەسەر شوێن و پاشماوەی خۆشەویستەکەیدا بەشوێنی ناو بیابانیاندا، ئینجا بچێتە ناو جیهانی شیعرەکەیەوە، بەڵام ئەبو نواس لەسەردەمی خۆیدا وازی لەم نەریتە هێنا، لەجیاتی باسکردنی بیابان هات باسی ژیانی ناو شارو شەوانی مەجلیسی گەرموگوڕی مەیخواردنەوەی کرد، لەشیعرا واقیعێکی تری خولقاند. ئەمە دەکرێ بەجۆرێک نوێکردنەوە دابنرێت و لەهەموو سەردەمێکدا هەوڵی وا هەبووە بەڵام ئەمە نەبوو. بەو بزوتنەوە نوێخوازییە فراوانەی کەلای رۆژئاوا چەند سەدەیەکە پەیدا بووە لەبڵاوبونەوەی خۆیدایەو هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بواری فیکری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی سیاسی.. هتد. جا ئەگەر بمانەوێت مێژوو بۆ نوێگەری لای عەرەب و میللەتانی تری موسڵمان بەگشتی دابنێین و بەدوای سەرچاوەکانیا بگەڕێین ئەوە دەبێت لەدوای مێژووی سەرهەڵدانی نوێگەری رۆژئاواوە دەستپێبکەین نەک پێشی بکەوین. کەسانی وەک تەهتەهاوی و خیرالدین تونسی و عەلی عەبدولرازق پێشەنگی بێداربوونەوەن کەخۆی بۆ خۆی سەرەتایەکە بۆ پەلهاویشتن بۆ ناو جیهانی بێبنی نوێگەری.. لەکۆتاییدا دەپرسم ئەبێ ناونیشانی بەشی ناوەوەی کتێبەکە کەبریتییە لە (جاحیز لەئاوێنەی ئەدیب و ئافرەتدا، تەسەوف لەڕێگای حەلاجەوە، رۆشنبیرو دەسەڵات و تەوحیدی..) ئاخۆ دەبێ ئەو ناونیشانانە چ پەیوەندییەکی بنەڕەتییان بەناونیشانی دەرەوەی کتێبەکەوە هەبێت کە بریتییە لە (باوکانی نوێگەری عەرەبی)؟ بەڵێ.. راستە نوێگەریش وەک ناونیشانی سیحری هەڵخەڵەتێنەری خۆی هەیە.■

فەساد: ئێمە وئەوان

□ نەبوونی راسگۆیی لای ئارام سەبارەت بەپێکگرتنی یەکێتی و بەعس، ناچارمان دەکات لەکایەیەکی گرینگی تریش دا کە کایەی گەندەڵی خەلیفەکانی ئیسلامە، بەخێرایی جێی نەهێڵین و بێینەوە سەری.
هۆکاری بنچینەیی ئەم بەدواداچونەش لەوەوە دێت کە "رەخنەگر"ی حکومەتی عەلمانی پێی وایە گەندەڵی ناو حکومەت و حزب وەک گەندەڵی خەلیفەکانی ئیسلام وایە و لەشوێنک دا دەڵێ: "هەندێ لەوسیفەتانەی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی لەیەکێتی نیشتیمانی دا هەیە".
بێگومان گفتوگۆی سیاسی کارێکی بەسودە، بەسودبونی دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسیش لەوکاتەدا زۆرتر بەرجەستە دەبێ کە لەرێگاو "تونێڵ"ی موناقەشەکانەوە خەوش و کەموکوریەکانی کۆمەڵگا وەدیار بکەون و بەشێوازێکی واقیعی هەڵبسەنگێنرێن و لەئاکام دا - ئەوەش کرۆکی مەسەلەکەیە - چارەسەریان بۆ وەدۆزرێ و لەجەستەی نەخۆشی کۆمەڵی ئینسانەکان بتەکێنرێن و رێگای هاتنەوە مەیدانیان ببەسترێت.
"گەندەڵی" نەخۆشی یەکی مەترسیدارە و ئارام روخۆش کردویەتە بەهانە بۆپەلاماردانێکی هێمنانەو زیرەکانە بۆسەر کادرو پێکهاتەی ی.ن.ک .
ئەوەی لێرەدا پێویستە ئارام روخۆش و هاوریکانی لەسەرەتاوە بیزانن ئەوەیە کە ئیتر رۆژگاری "رەگەزپەرستی حزبی" بەسەرچوە و زەحمەتە لەناو دنیای پێشکەوتووی سیاسەت و حزبە بەراستی عەلمانیەکاندا کەسانێک بدۆزیتەوە نانت بەقەرزبدەنێ تاکو رۆژی دواتر نانەکەیان بۆ بگێرێتەوە!.. ئەگەر لەناو حیزب و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گەندەڵی هەیە، دەبێ دانی پیدابنرێت و هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێن و چارەسەربکرێت ... دەنا بێدەنگ بوونی هەمووان لەعاست کەموکوڕیە گەورەو بچوکەکاندا وا دەکات نەخۆشیەکان قورستربین و لەچارەنەیەن.
جگە لەوەش، دیاردەی گەندەلی دیاردەیەکی شاراوە نییە، "روخۆشەکان" ئاماژەی پێ بدەن یان نا رێبەری ی.ن.ک بەو پەڕی راشکاوی و جدیەتەوە قسەی لیکردوە و لییدەکۆلیتەوە.
هەڤاڵ مام جەلال چەندین جار بە رەسمی لەدەزگا حزبیەکانەوە رایگەیاندوە کە دەبێ "گەندەڵی" بنەبڕبکرێ و تەنانەت وای کرد ئەم خواستە - کەخواستی هەموو خەڵکە - وەک بریارێک بدرێت

ئەگەر لەناو حیزب و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گەندەڵی هەیە، دەبێ دانی پیدابنرێت و هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێن و چارەسەربکرێت ... دەنا بێدەنگ بوونی هەمووان لەعاست کەموکوڕیە گەورەو بچوکەکاندا وادەکات نەخۆشیەکان قورستربین و لەچارەنەیەن

بەسەرجەم دەزگا حزبی و حکومیەکان. بەهەمان شێوە کاک نەوشیروان مستەفا لەوتارێک دا کە بڵاوکراوەی "سلێمانی نوێ" (ژ ١١٧) بڵاوی کردەوە، بەئاشکرا پەردەی لەسەر دیاردەکە هەڵماڵی و بۆ هەمووانی روونکردەوە "شەڕ دژی گەندەڵی" کاتی دەستپێکردنی هاتوە و بەبەڵگەوە چەندین راستی سەبارەت بە هەبونی گەندەڵی لە سیستەمی بەرێوەبردنی وڵاتدا راگەیاند.
کاریگەری و بایەخی برپیارو بۆچونی هەڤاڵانی رێبەری ی. ن.ک لەهەرئاستێکدا بێت و ئەندازەی پراتیک بوونی تێروانینەکان لەهەرکوێیەکدا وەستابێتەوە، راستییەک روونە: ی. ن.ک نەخۆشیەکە ئەبینێ و دەیەوێت چارەسەری بکات، درەنگکەوتن لەپەلاماردانی رەگەکانی گەندەلی و هەڵتەکاندنی شورەی دزینی ماڵی خەڵک، تەنیا مەسەلەی کاتەو ئەمرۆ بێت یان سبەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وەک پارتێکی سیکۆلارو سۆشیال دیموکرات ناچارەو دەبێ روبەرووی ببێتەوە و چارەی بکات.
کەواتە ئێمە نامانەوێ هەڵگرانی بیروباوەری ئیسلامی سیاسی یان هەر بیروباوەرێکی تر، لەسونگەی بیدەنگ بونیان لەکەموکوڕیەکانی حزب و حکومەت، وا تیبگەن

ئیسلامی سیاسی لەقۆناغی (دیالۆگ)دا

بابەکر درەیی

ئێمە چاوەریین نانمان بدەنێ تا بەقەرز بۆیان بگێرینەوە! حزبی راستگۆ خوازیاری ئەوەیە هەموو راستیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەوپەڕی روون و ئاشکراییەوە بێنە بەرباس و گفتوگۆیان لەسەربکرێ.. پرەنسیپی حزبی سیکۆلار خزمەتکردنی کۆمەڵگاو بەدەنگەوە چونی کێشەو گرفتەکانی ئەو مرۆڤانەیەکە ئەم پارتە بەڵێنی داوە کارەکانیان رێک بخات و گریکوێرەکان بکاتەوە.
"گەندەڵی" کە بەشێک لەشارەزایان پێیان وایە بریتیە لە "کەڵک وەرگرتنی نایاسایی لەموڵکی گشتی بۆبەرژەوەندی تایبەتی" لەدێرزەمانەوە هەبوەو تائێستاش لەزۆر شوێنی دنیادا نەتوانراوە بەتەواوی بنبڕبکرێت و بفەوتێنرێت.
تائەو جێگایەی پێوەندی بەکوردستانەوە هەیە، نەریتی فەسادو کەڵکوەرگرتن لەموڵکی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، دەگونجی لەبناغەوە لەو گەندەڵیەوە سەرچاوەی گرتبێ کەخەلیفەکانی ئیسلام لە هەردوو سەردەمی ئەمەوی و عەباسی یەوە رەواجیان پێداو سولتانەکانی عوسمانیش بۆ سەدان

ئیسلام وەک نەریتکی دزێو، کاک ئارام رووخۆش سەرپشکە لەوەی پێکگرتن بکات لەنیوان گەندەلی "ئەمرۆ" و گەندەڵی "ئەوسا"دا، بیئەوەی ئێمەمانان چاوەڕێ بین لەمەسەلە سیاسی و چارەنووسیەکاندا کەمترین خاترو خوایشت بێتە ئاراوە و برایانی سەر بە رەوتی "عەدالەتی ئیسلامی" پییان وابی ئیمەش پاریزەرو داکۆکیکەری فەسادی سەردەمی خۆمانین و ئەممان لا جوانترە!

بفەرموون لەگەڵ چەند نموونەیەک:
× "هیشام بن عبدوالمەلیک ی خەلیفەی ئەمەوی، ١٢/٠٠٠ جل و بەرگی ئاوریشمی پرلە نەخش و نیگارو ١٠/٠٠٠ دۆخینی ئاوریشمی دەرپێی لەسندوقخانەی

سال کردیانە سیاسەت و پیشە بۆ بەریوەبردنی ئیمپراتۆری، سیاسەتیک کە ناکری درێژبونەوەی کاریگەریەکەی بۆ سەرجەم مێژووی عیراق و ناوچەکە ئینکاربکرێت و وەک جۆگەیەک لەجۆگە هەرە سەرەکیەکانی گەندەڵی لەبەرچاو نەگیرێت.
هەڵبەت گەندەڵی گەندەڵی یە، چ کۆن و چ تازە، چ وەک نەریتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی یاخود وەک داهینانی نوێکراوەی لێپرسراوانی حزب و حکومەت، دیاردەیەکی ناپەسەندو خراپترین کاریگەری دەخاتەسەر رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی کۆمەڵگا: هەر لەو رووەوە ئاشکرایەکاتێک "گەندەڵی" وەک دیاردەیەکی سیاسی و مێژویی باس دەکریتەوە، دەبی بەوپەری جدیەوە بەرامبەری بوەستین و رەهەندەکانی روون بکەینەوە و رێگاکانی بنبرکردنی وەدۆزین.
من لێرە بەدواوە چەند نمونەیەک لەگەندەڵی خەلیفەکانی ئیسلام کە لەکتێبی "دوای هەزارو چوارسەد ساڵ"ی دکتۆر شوجاعەدینی شەفا دا نوسراون دەکەمەوە کوردی. کتێبی ناوبراو شکوگومان لە رەسەنایەتیدا نیە چونکە راستەوخۆ لەسەرچاوە ئەسلیەکانی مێژووی ئیسلامەوە وەریگرتون و بەوردی سەرچاوەکانی دەسنیشانکردوون، شایانی باسە بزانین ئیستا د. شوجاعەدین بە نوسەریکی بیوینە دەژمێرێت لەئاستی "ئیسلامناسی" داوکتیبی یەکەمی دەربارەی ئیسلام و ئیران بە ناویشانی "لەدایک بونەوەیەکی تر"، لەماوەی چەند سالی رابوردودا لە ئەورپاو ئەمریکا چەند جاریک چاپ کرایەوە و لەناوخۆی ئیرانیش زیاترلە ١٠٠ هەزار نوسخەی لێ فرۆشراوە.
دوابەدوای دیتنی رەفتاری هەندێک لەخەلیفەکانی

تایبەتی خۆیدا هەبووکە هەر کاتێک دەچوە سەفەر، حەوسەت حوشتر باریان دەکردن و دەیان گوازتنەوە.
دوای مردنی المکتفی باللە ی خەلیفەی عەباسیش، جل وبەرگی لەم چەشنە لەماڵەکەیدا بینرا: ٤٠ هەزار جلی بڕاوو دوراو، ٦٣ هەزار شەلواری تایبەتی خوراسانی، ١٣ هەزار دەستاری مەروی، ١٨ هەزار شاڵی کرمانی، هەزارو هەشسەد پانتۆڵی بەزیر

"هیشام بن عبدوالمەلیک ی خەلیفەی ئەمەوی، ١٢/٠٠٠ جل و بەرگی ئاوریشمی پرلە نەخش و نیگارو ١٠/٠٠٠ دۆخینی ئاوریشمی دەرپێی لەسندوقخانەی تایبەتی خۆیدا هەبوو کە هەر کاتێک دەچوە سەفەر، حەوسەت حوشتر باریان دەکردن و دەیان گوازتنەوە

کۆتایی

دوراوی یەمەنی".
لیستەی دارایی هەمان خەلیفە بیجگە لەجل و بەرگ بەم جۆرە بوو: پارەی نەختینە ١٠ ملیۆن دینار، قاپ و قاچاغی ئالتون و زیو ١٠ ملیۆن دینار، فەرش و قالیچە ٢٠ ملیۆن دینار، قەنەفەو چەک ١٠ ملۆن دینار، غولام و کەنیز ١٠ ملیۆن دینار، ملک و باغ و کێلگە ٢٠ ملیۆن دینار، خشلی گرانبەها ٢٠ ملیۆن دینار، کۆی هەمووی ١٠٠ ملیون دینار" (ل٦٠٤ ی کتیبی: پس از ١٤٠٠ سال، جلد اول، د. شجاع الدين شفا، نشر فرزاد)
× "پاش مردنی "مەنسوور"ی خەلیفەی عەباسی. ٦٠٠ ملیۆن درهەم و ١٤ ملیۆن دینارکە ئەویش یەکسان بوو لەگەڵ ٢٠٠ ملیۆن درهەم، لەدوای بەجێ ما. دەڵێن ئەو لەکاتی مردندا بە مەهدی کوری وت: هێندەم سامان بۆ بەجێ هێشتووی کە بەشی دەساڵی تەواوی خۆت و حکومەتەکەت دەکات. هەمان ئەم مەنسورە لەماوەی یەک رۆژدا ٢٠ کرۆر (١٠ ملیۆن) درهەمی لەنێوان خزم و نزیکەکانیدا بەخشیبووە" (ل٦٠٤ و ٦٠٥)
×× "هارونەرەشید، زیاترلە ٩٠٠ ملیۆن درهەمی لەپاش بەجێ ما کە بەشێک لەو پارەیە سامانی سەندراوی خەیزرانی دایکی بوو کە لەکاتی شووکردن بە باوکی هاروندا فلسێکی نەبوو بەڵام لەکاتی مردندا هێندەی ملک و ماڵ جێهێشت کە داهاتی ساڵانەیان دەگەیشتە ١٦٠ ملیۆن درهەم" (ل٦٠٥)
×× "مێژوونووسان باس لە لەچکەی زێرداری خوشکی هارونە رەشیدو پێڵاوە ئالتوندارەکانی زبیدەی هاوسەری هارون دەکەن کە هەندێ جار لەمەسرەفی وڵاتێکی تێپەراندوە "(ل٦٠٦)
×× "مەراسمی زەماوەندی خەلیفە مەئمون لەگەڵ "پوران"ی کچی حەسەنی بن سەهل، بەشکۆترین و بێگومان پرخەرجترین زەماوەندی مێژووی ئیسلام بوو. چونکە ئەم مەراسیمە، چل شەوو چل رۆژ لەسەریەک و یەک ساڵ بەشێوەیەکی گشتی درێژەی هەبوو، وە لە سەرتاسەری مانگی یەکەمدا، هەموو خەڵکی بەغدا بۆ نانخواردن میوانی خەلیفە بوون. ژمارەی خواردنە جیاوازەکان کە لەلایەن هەزاران چیشتلینەرەوە ئامادەکران بە رادەیەک زۆربو کە وەک دەگیرنەوە "هیچ خواردنیک دو جار نەهاتۆتە سەر سفرە"، زۆربەی مێژونوسان لەبارەی ئەم مەراسیمەوە بە دریژی دواون لەوانە تەبەری و ئیبن ئەسیر و مەسعودی. بە وتەی کتیبی "عقدالفريد" "لەم مەراسیمەدا لە میسک و زەعفەران دەنکی گەورەیان دروست کردبون کە لە ناویدا ناوی ملک و غولام و کەنیزەیان تیا نوسرابو تا لە کاتی هەلدان بە سەر خەلکەکەدا هەر کەسیک هەلی گرتەوە ببیت بە هی خۆی"
بە پیی قسەی ئیبن خەلدون لە "پیشەکی"دا سەبارەت بە هەمان زەماوەند: "رۆژی داوەت، هەر کام لە هەڤالانی مەئمون قەبالەی ملکیکی کامل (شەشدانگ) ی پیشکەشکرا کە خرابوە ناو زەرفیکی عەتراوی ئاویتە بە میسکی خەتەن، وە هەریەک لەکەسە نزیک و پلە دوەکان کیسەیەکی درایە کە ١٠ هەزار سکەی ئالتونی تیدا بو، وە هەرکام لە وابەستە پلە سیکان کیسەیەکی دە هەزار درهەمی زیوی بەرکەوت. خودی مەئمون لە شەوی زاوایەتیدا هەزار یاقوتی گەورەی وەک مارەیی دایە "پوران"..... لە ژیر پیی تازە بوک دا فەرشیکیان راخست کە تانوپۆکەی لە زیر چنرابو وە بە مرواری جوان کرابو، لە سەرتاسەری سالدا، ١٤٠ ئیستری بە هەیکەل رۆژی سی جار چیلکەو داریان دەبرد بۆ چیشتخانەکانی خەلافەت تا لە شەوی زاوایەتیدا هەمو پیکەوە بسوتینرین،.... میوانە بەرجەستەکانیان بە شەپۆلەکانی دیجلەدا بۆ شوینی میواندارییەکە پەراندەوە کە ژمارەیان لە ٣٠ هەزار کەسی تیپەراندبو".(ل٦٠٧و٦٠٨)
×× داهاتی دایکی محمد بن واسق (خەلیفەی نویەمی عەبباسی) سالانە ٢٠ کرۆر(=٢٠×١٠٠٠٠٠) دیناری

مێژوونووسان باس لە لەچکەی زێرداری خوشکی هارونە رەشیدو پێڵاوە ئاڵتوندارەکانی زبیدەی هاوسەری هارون دەکەن کە هەندێ جار لەمەسرەفی وڵاتێکی تێپەراندوە

ئالتون بو کە یەکسان بو لەگەل داهاتی خەیزران ی دایکی هارون، ئەمەش لە سەردەمیکدا بو کە داتەپینی خەلافەتی عەبباسی دەستی پیکردبو وە "بيت المال"ی موسلمانان دوچاری لەکەمدانیکی بەردەوام بو.(ل٦٠٨)
×× سەیدە موسای دایکی خەلیفە المقتدر، لە هەمو سەردەمی خەلافەتی کورەکەیدا، خەریکی فرۆشتنی پۆستە گرنگەکانی خەلافەت بو بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر.(ل٦٠٨)
×× "المعتمدباللە ی خەلیفەی ئەندەلوس مەعشوقەیەکی هەبو ناوی ئیعتماد بو، رۆژێک ئیعتماد کۆمەڵێ ژنی لادێ بینی کەشیریان کردۆتە مەشکەوە و لەکۆڵانەکانی ئشبیلە (سویلا) دەیفرۆشن و بۆ ئەوەی قوراوی نەبن، داوێنی خۆیان هەڵکردبوو. ئیعتیماد ئەم دیمەنەی بەلاوە جوان بو وە بە المعتمدی وت ئەویش دەیەوێ دامێنی هەڵبکات و شیر بفرۆشێ.
خەلیفە فرمانیدا لە کۆشکی سەڵتەنەت دا بە گوڵاوو میسک و کافور قور بگرنەوە و بەسەر زەوی دا بڵاویبکەنەوە، ئنجا وتی چەندین مەشکە بەدەسرازەی ئاوریشمی ئامادە بکەن و پڕیان کەن لەشیر. ئەودەمی ئیعتیماد لەگەڵ کەنیزەکانی خۆی مەشکەکانیان هەڵگرت و کراسەکانیان هەڵکردو وەک ژنانی لادێ دەستیان کردە شیرفرۆشی "(ل٦١١)
ئەوەی وترا قەترەیەک بو لە دەریای گەندەڵی ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەی ئارام روخۆش و کەسانێکی تر دەیانەوێ زیندوی بکەنەوە و وەک قەڵای یەکسانی پێمان بناسێننەوە.
بەو ئومێدەی نمونە باسکراوەکان ببنە دەرس و پەند بۆ گشت ئەوانەی خوازیاری دەسەلاتی هەق و عەدالەتن، وە ببنە رینیشاندەریکی واقعی بۆ هەلبژاردنی ریبازیکی دروست و مرۆڤانە، بە تایبەت بۆ ئەو کەسە خاوینانەی لە روانگەی دلسۆزی یەوە دەیانەوی کۆمەلەکەیان پیشبخەن و ریچکەی هەندیک لە خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی، بە هەلە، وەک میراتیکی "خۆمالی" دەبینن و داکۆکی لیدەکەن.■

پەراویزەکان
١)بروانە: REPUBLIC OF FEAR (THF POLITICS OF MODERN IRAQ) KANAN MAKYA UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS 1998, P198
٢)فاشيسم: مفر جامعه سرمايه‌داری از بحران راينهارد كونل، ترجمه منوچهر فكری ارشاد تهران، انتشارات توسي ١٣٥٨ ل ٥٧ و ٥٨
٣)سنت فاشيسم: جان وايس، ترجمه عبدالمحمد يزدی تهراني ١٣٨٠ ل٣٩
٤)هەمان ل ١٤٦
٥)سەرچاوەی ٢ ل ٢٥ و ٢٦
٦)و (٧) OXFORD CONCISE DICTIONARY OF POLITICS IAIN Mc LEAN AND ALISTER Mc MILLAN OXFORD UNIVERSITY PRESS 2003, P 481

laparakan.qxd 3/28/2005 6:05 AM Page 10

گۆڕان به گوێرەی هەلومەرج
گۆڕەپانی تیان مین ساڵی ١٩٨٩

□ یەکێک له نەگبەتییەکانی ماویزم ئەوه یه به شێوەی هێزێکی جدی ڕاستگۆ بەرامبەر خەباتی چینایەتی نەهاته عێراق و کوردستانەوه ، ئەگەر له فلپین و پیرۆو تورکیاو ئێران و نیپاڵ و دەیان وڵاتی که هەواداران و دڵسۆزانی ئەم خەته سیاسییه توانییان ئاڵاکەی به بەرزکراوەیی ڕاگرن له ناسکترین هەلومەرجی سیاسیدا که مارکسیزم له جیهاندا پاش کۆتایی شەڕی سارد پێیدا تێپەڕی ، بگره سەرسەختترین بەشی کۆمۆنیستەکان بوون و تا ئێستاش له زۆر وڵاتان ئاڵای خەباتی چەکدارییان بەرز ڕاگرتووه . ئەوا له عێراق و کوردستان پێش ڕوخانی دیواری بەرلین بەشی زۆری به ناو مارکسی و ماوییەکان هەڵگەڕانەوه و پاشگەزبونەوه له مارکسیزم ، نەک نەیان توانی کەمترین بەرگری بکەن له بەرامبەر گۆڕانکارییەکان ، بگره کەشتی باوەڕی خۆیان دایه دەست شەپۆلی سەرکەوتووه ، بەو هەموو دروشمه باق و بریقه زلانەی پێشتر بەرزیان کردبووه پەیوەست بوون بەو بیروباوەڕەی تا ماوەیەک نزیک لەوه پێش له ڕوخاندن کەمترییان ناخواست بۆی ، بونه تابوری پێنجی بۆرژوازی دژ به مارکسیزم له ناو بزووتنەوەی سۆسیالستی ، ڕیزی هێزه ئیسلامییه شیعەگەراکان و پارته نەتەوەییه کوردییەکان و بەعسییەکان پڕن لەو جۆره تێکۆشەرانه و پێویست به ناوهێنان و ڕیز کردنی ناوییان ناکات ، بەشی زۆریان ئێستا پلەی بەرزیشییان له ناو ئەو لایەنانه گرتووه ، لەبەر درێژی لیستەکەیان بۆ ڕیز کردنی ناوەکانییان کاغەزیش جێگەی نابێتەوه .

هۆی ئەم تەقڵه سیاسییه بۆ مارکسییه کوردەکان به گشتی و ماوییەکان که بابەتی ئێستامانه به تایبەتی دەتوانیین بۆ ئەوه بگەڕێنینەوه ئەوان له ژێر کاریگەری سەرکەوتنه سەربازییەکانی سوپای ڕزگاری گەل له چین و وڵاتانی دیکه به ئامانجی ڕزگاری کوردستانەوه ئەو بیروباوەڕەیان پەسەند کرد ، دەیانویست له ماوییەت و مارکسیزمدا ڕزگاری نەتەوه ببیننەوه و کۆپی ئەزمونه سەرکەوتووەکانی ئەو ووڵاتانه بکەن له کوردستان ، هەروەها بوونی ئەو ووڵاتانه به جەمسەرێکی گەورەی جیهانی ویستییان وەک پاڵپشتێک بۆ خۆیان بەکاری بهێنن ، نەک بەهۆی باوەڕ بوون به سۆسیالیزم و پەسەند کردنی مارکسیزم وەک پڕۆژەیەکی ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی سەربەخۆ بۆ دابین کرنی یەکسانی له کۆمەڵدا به ڕزگاری کوردستانیشەوه .

پاش ڕوخانی دیواری بەرلین که مارکسیزم و ماویزم له جیهاندا ڕەونەق و هێزی جارانی نەما و پاشەکشەی کرد ، ئەمانیش وەک زۆرێک له مارکسیستەکانی که به کۆمەڵ له ڕابردوی خۆیان پاشگەز بونەوه ، تەقڵەی ئایدۆلۆجی وایان دایەوه ١٨٠ پله له چاوییەوه ڕاستەڕێیه. دەمەوێت بپرسم ئایا کاک بەختیاری پاش ساڵی ١٩٩٢ کۆپی کاک بەختیاری پێش ساڵی ١٩٩٢ ه؟؟؟؟ ، یاخود تەواو دوو مرۆڤی جیان له ڕوی بیروباوەڕو بۆچونی سیاسییەوه .

وەک مرۆڤ هەردوو کاک بەختیار له هەمان گۆشت و ئێسک و پێکهاتەکانی که پێک هاتووه ، بەڵام وەک بۆچوونی سیاسی ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، بیرکردنەوه دوو مرۆڤی تەواو له یەکتر جیان ، کاک بەختیار لۆ خۆشی نکۆڵی لەمەدا نییه . جوتیارانی کوردستان و ناسیاوانی کاک بەختیار ئەوانەی لەو دوو قۆناغەدا پێی ئاشنا بوونه و گوێ بیستی ووتەکانی بوونه و به هەڵسوکەوتی شارەزان دەتوانن خاڵه جیاوازەکانی هەردوو بەختیار دیاری بکەن لەودوو ماوەیەدا ، له حاڵەتی پێش ١٩٩٢ بەختیارێکی باوەڕ به مارکسیزم له زاهیردا ، نیەتیش لای خۆیەتی (هەڵسوکەوت لەگەڵ هەژاران پێویستی به گوزارشتی هاوڕێیانی ئەوکاتەیه) ، هەرچی کاک بەختیاری پاش ساڵی١٩٩٢ه ، ئەو کاک بەختیارەیه که ڕۆژانه بۆچونەکانی دەبیستین .

تازەگەری پرنسیبێکه پارێزەرترین کەس و بیروباوەڕ جگه له فەندەمینتالیستەکان نکۆڵی لێ ناکەن ، بەڵکه خۆیان به پێشەنگی دەزانن ، به مانای تەسلیم بوون نییه به نەیارانی سیاسی و ئایدۆلۆژی دوێنێ ، دژ وەستانەوه نییه به هەموو بیروباوەڕەکانی ڕابردوو ، بەڵکه خوێندنەوەی نوێی واقعی خەباته و ڕێکخستنەوەیەتی به گوێرەی گۆڕانکارییه سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان له پێناو گەیشتن به تێڕوانینی نوێ گوزارشت بێت بۆ داهاتوو ، داواکاری یەکسانیش هیچ کات نابێت به خەونێکی ڕابردوو، بەڵکه مرۆڤایەتی هەموو کات خەونی یەکسانی بینییوه بۆ داهاتوو، چەوساندنەوه و نا یەکسانی ڕابردووه به ئێستاشەوه ، بەڵام یەکسانی خەونی مرۆڤایەتی بووه له سەردەمی شۆڕشی سپارتاکۆسەوه بۆ ئێستا.

به بڕوای من و تێگەیشتنم بۆی قسه کردنی کاک بەختیار لەمڕۆدا لەسەر چین له دڵسۆزیی بەڕێزییەوه نییه بۆ ماویزم و وەفادارییی نییه بۆ سۆسیالیزم و باوەڕ بوون نییه به مارکسیزم ، خۆشی لەوانەیه هەر باوەڕی وابێت ، بەڵکه هەوڵدانێکه بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ هێزێکی گەوره له داهاتووی جیهاندا وا بەڕێوەیه، تارمایی ئەو هێزه به ئاسمانی ئاسیاوه زەندەقی دەوڵەتان و بەرهەم هێنەرانی جیهانی سەرمایەداری بردووه ، ئەو هێزەی له دەیەی چواری ئەم سەدەیه به دواوه دەبێته گەورەترین هێزی ئابوری-سەربازی له جیهاندا (دواتر به درێژی قسەی لەسەر دەکەین) . بۆیه خۆڕێکخستن لەگەڵی له هوشیاری ئەو لایەنەوەیه کاک بەختیار نوێنەرایەتی دەکات و ئاگادار بونییەتی له گۆڕانکارییەکانی جیهان ، نەک وا تێبگەین ئەمه گەڕانەوەیه بۆ ئەو ڕابردوییەی به بڕوای ئەوان لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلیندا بوو به ڕابردوو و بەرگەکەیان نەک لەبەر خۆ داکەند بەڵکه سوکایەتیشییان پێی کرد .

نووسەر له جیاوازی نێوان هەڵوێستی شورەوی و چین بەرامبەر به ڕیفۆرم وەک دوو قوتابخانه و سستەمی جیاله ئۆردووی بەناو سۆسیالستی لایەنگری له ماوییەت دەکات وەک پاساوێک بۆ بەرهەق بوونی بۆچونی ڕابردووی خۆی لەناو بزوتنەوەی سۆسیالستیدا ، به بێ ئەوەی بەڵگەی مێژووی پێ بێت بۆ دەربڕینی بۆچونەکەی و داکۆکی له تێڕوانینەکەی ، بەڕێزی دەنووسێت :-

(شورەوی هەتا داڕمانی سیستەمەکەیان ، توندڕەو بوون . بەبێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤییان گەڵاڵه کردبێ . چین پێش شورەوی کەوته خۆی و بەرنامەی ڕیفۆرمی وڵاتەکەی وگەڵاڵه کرد. بەڵام ڕیفۆرمێکی له سەرخۆ نەک به ئەقلییەتی کودەتا . له شەستەکانەوه مەسەلەی ڕیفۆرم

چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منداڵانی ئەمڕۆ و گەوره هێزی داهاتوو

(وەڵامێک بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

علی محمود محمد-بەشی دووەم

له چیندا هاتۆته ئارا. له ناوەڕاستی هەفتاکانەوه ڕیفۆرم کرایه پڕۆژەی ستراتیژی.)

مەیدانی تیان مین له پەکین (تیان مین به مانای ئاشتی ئاسمانی دێت) گەورەترین گۆڕەپانی جیهانه (جەزیره نێت ٢٨-١-٢٠٠٣). هاوکات بەشێک له گەورەترین ڕوداوه مەزنەکانی سەدەی ڕابردوو لەم گۆڕەپانەوه سەریان هەڵدا، له داهاتووشدا زۆر ڕوداوی گەوره به خۆوه دەبینێ و دەبێته گەورەترین گۆڕەپانی سیاسی له جیهان . ماوتسی تۆنگ له گۆڕەپانی تیان مینەوه بانگەوازی



سەرکەوتنی شۆڕشی به جیهان گەیاند و چینی میلی ڕاگەیاند.

ماو لەو شۆڕشەدا چینی ڕزگار کرد لەو بێهۆشییەی داگیرکەران له شەڕی ئەفیوندا له جەستەی ووڵات و گەلی چینییان چاندبوو (بەیان-٧-١٠-١٩٩٩) . شەڕی ئەفیون و ئیستعمار و گەندەڵی سەرچاوەی هۆی دواکەوتنی چین بوون له کاروانی شارستانییەت که بۆ ماوەی هەزاران ساڵ چین له پێشەوەیدا بوو.

هەمان گۆڕەپان له ساڵی ١٩٨٩ بووه ناوەندی ڕاپەڕین و یەکلاکردنەوەی داهاتووی چین و ڕەوتی چاکسازییەکان لەو ووڵاته . مەیدانی تینامین له ساڵی ١٩٨٩دا زیاتر له ٥٠٠٠ کەسی تێدا کوژرا و هەزارانی کەشی تێدا بریندار بوو ، لەو خۆپیشاندانەدا که ١ ملوێن مرۆڤ بەشدارییان تێدا کرد ، خۆپیشاندان زۆربەی زانکۆکانی چینی گرتەوه به پانایی و درێژی ووڵات . هەرچەنده قوتابییان به سرودی ئەنتەرناسیۆنال دەستیان پێکرد ، بەڵام به گولەی سوپای گەل پارێزەرانی ئەنتەرناسیۆنالیزم وەڵام درانەوه ، نارەزایی ئەوان زیاتر دژ به گەندەڵی و گرانی بوو نەک سستەمی سیاسی و ئابوری سۆسیالستی (بەیان ٢١-٩-٢٠٠٤) . لەو گۆڕەپانه سرودی ئەنتەرناسیۆنالیزم و دەنگی تانک تێکەڵ بوون ، سەرکوتکەرانی خۆپیشاندانه خوێناوییەکەی تیان مین هەمان ئەندازیارانی ئەو چاکسازییه بوون که کاک بەختار به نەرم ڕەو ناوییان دەبات (دینغ ئەندازیاری بیری یەک وڵات و دوو سیستەم و چاکسازییه له چین ، له هەمان کاتدا هەر دینغ بۆ خۆی ئەندازیاری لێدانی خۆپیشاندەرانیشه له پەکین) (شەرق ئەوسەت ٢٢-٨-٢٠٠٤).

نەک هەر بەرامبەر خۆپیشاندەران بەو شێوه زەبرو زەنگاوییه مامەڵه کرا له ووڵاتی چینی چاکسازی و نەرم ڕەوی ، بەڵکه کەسی دووەمی ووڵات تەنها لەبەر ئەوەی هەڵوێستی ئاشتیانەی وەرگرت و دەیەویست بێ خوێن ڕشتن کێشەکه چارەسەر بکرێت ، پێش لێدانییان داوای له قوتابییان کرد بڕۆنەوه بۆ ماڵەوه ، لەسەر کار لابراو تا مردنی خرایه ژێر چاودێرییەوه ، کەچی یەڵسن له سۆڤییەت به پێچەوانەوه له چالاکی سیاسی ئازاد بوو تا سۆڤییەتی بەرەو هەڵوەشاندنەوه برد ، به ئاشکرا چالاکی بۆ هەرەسی ئەو ووڵاته ئەنجامەدا بەرامبەریشی هیچ نەکرا.

زەهاو سینغ له ساڵی ١٩٨٩ ەوه له ژێر چاودێری توندابوو تا سەری نایەوه ، بەهۆی مامەڵەی نەرمی لەگەڵ قوتابیان که دژ به گەندەڵی و بەرزبونەوەی جیاوازی داهاتی نێوان هاوڵاتییان و بەرینکردنەوەی دیموکراسییەت ڕاپەڕین ، هەرچەنده پێشبینی وابوو ناوبراو له ژیانی سیاسی چیندا جێگەی دینگ شیاو پینگ بگرێتەوه و ببێته کەسی یەکەم (جەزیره نێت - بی بی سی-سی ئێن ئێن - بەیان ١٧-١-٢٠٠٥) .

((زەهاو سینغ له ساڵی ١٩١٩ له دایک بووه ، له خێزانێکی مەلاکی گەورەی زەوی ، له ساڵی ١٩٤٩ ئەندازیاری چاکسازییه کشت وکاڵییەکان بوو له هەرێمی قواندۆغ ، ساڵی ١٩٦٧ پاش شۆڕشی فەرهەنگی وازی له کارەکەی هێنا ، ساڵی ١٩٧١ دەست بەکار بوەوه ، ساڵی١٩٧٩ بوو به ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست ، ساڵی ١٩٨٠ دینغ به سەرۆک وەزیرانی چینی دیارییکرد ، ساڵی ١٩٨٨ بوو به ئەمینداری گشتی پارت و لەبەرواری ٢٤-٦-١٩٨٩ پاش ڕوداوه خوێناوییەکەی تیان مینەوه له ماڵەکەی دەست بەسەر بوو ، تا له ٢٠٠٥سەری نایەوه(حیات ١٨-١-٢٠٠٥ عدد ١٥٢٦٨))) . چین پاش مردنی زەهاو سینغ ڕای گەیاند شێوەی مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ تیان مین ڕاست بوو. واته پەشیمان نیین لەو خوێنەی لەو کارەساتەدا ڕژا ، چینییەکان پێیان وایه بەو شێوەیه مامەڵەیان نەکردایه ئەوا یەکپارچەیی خاک و خەڵکی چین دەکەوته مەترسیەوه و له بری ئەو گەشه

ئابوریەی ئێستا ئەگەری هەژاری و دواکەوتوویی دەکرا ، وەک وڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆرهەڵات و ئاسییای ناوەڕاست.

هەقیقەت وایه ئەو سەرکوت کردنه توندە نەبوایه ئێستا چین له بارودۆخێکدا بوو کاک بەختیار ئەمڕۆ حەسودی پێ نابرد ، وەک چۆن ئەمڕۆ هەموو جیهان حەسودی پێ دەخوازێت ، چین بەو ئامارەوه بەرەو لێکترازان هەڵوەشاندنەوه و نائارامی سیاسی بڕۆیشتایه ، ڕێکخستنەوەی سانا نەبوو ، کارەساتی گەورەی بۆ مرۆڤایەتیی دروست دەکرد.

کەواته هەر لێرەوه خوێن بەرچاوی ڕەوتی چاکسازییەکانی چینی گرت ، ئەزموونه نوێکانی هەردوو وڵات سەبارەت به هەڵوێستییان بەرامبەر به چاکسازی تەواو دژ به بۆچونەکان کاک بەختیاره .

چین تەنها بەرامبەر خۆپیشاندەرانی تیان مین بەم شێوەیه مامەڵەی نەکرد ، بەڵکه بەرامبەر موسڵمانه یاخییەکان لەوه خراپتر جوڵایەوه ، له ساڵی ١٩٩٠ەوه زیاتر له ٣٠٠٠ ئیغۆری موسڵمان له جەنگەکان بەدەست پۆلیسه چینییەکان کوژران (بیان -٢٦-٩-٢٠٤).

شۆڕشی چین تا سەرکەوت به خوێن مێژووی نوسرایەوه ، له قەتل و عامی کۆمۆنیستەکانەوه چەخماخەی دا (له ساڵی ١٩٢٧ دا ٣٨٠٠٠ کۆمۆنیستی سقێل لەقواندۆغ قەڵاچۆکران ، لێرەوه خەباتی چەکداری دەستی پێکرد (ببیر روسیه -بەشی سێیەم ١٨-١-٢٠٠٥ ١٠٧٩ - حوار تمدن) . لەو کاتەی قەڵاچۆکران له لایەن کۆمۆنیستەکانەوه خەباتی چەکداری ڕانەگەیەنرابوو ، بەبێبەزەیترین شێوه ئەوکرێکارانه خەڵتانی خوێن کران . زەبرو زەنگی چینه دەسەڵاتدارەکان زەبرو زەنگی بەرامبەری بەرهەم هێنا ، ئەوان کۆمۆنیستەکانییان ناچار کرد ڕێگەی زەبروزەنگ بگرنه بەر له دژییان و خەباتی چەکداری ڕابگەیەنن.

کۆمۆنیسته چینییەکانیش له دوای سەرکەوتنییان لەگەڵ نەیارانی چینایەتی خۆیان نەرمییان نەنواند ، به شێوەی توند مامەڵەیان کرد (

٣ ملیۆن کۆلاکی چینی له نێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٢ تیا چوون).(پاشکۆی هەواڵ-ژماره ١٠-عومەر خدر ڕەسوڵ)
.

ئێستا چین یەکێکه لەو وڵاتانەی حوکمی هەڵواسینی هێشتا تێدا پەیره و دەکرێت ، له پێشەوەی پەیرەوکەرانی هەڵواسینه له جیهاندا (چین ٧٢٦-ئێران ١٠٨- وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ٦٥- ڤێتنام ٦٤) ، له جیهاندا له کۆی ١٩٥ ووڵات ، حوکمی هەڵواسین تەنها له ١١٧ووڵات ماوه (بەیان ٨-٤-٢٠٠٤).

با بگەڕێینەوه بۆ دواوەوه وکەمێک مێشکمان بگوشین ئەو زانیارییانه بهێنینه پێشەوه که سەردەمانێک مارکسیزم مۆدەی سیاسی بوو بەردەوام دەمان ووتەوەو شتمان لەسەری دەخوێندەوه ، به کورتی و قولتر چاوێک به مێژووی چاکسازییدا بخشێنین له سۆڤییەت ، بزانیین دەتوانیین بۆشاییەک بۆ سەلماندنی بۆچونەکان کاک بەختیار بدۆزینەوه ، ئەوەی کەمێک له مێژوی کۆمۆنیزم سەری دەرچێت وله ئەلف و بێی ئەو بزووتنەوەیه ئاگادار بێت ئاگاداری سیاسەتی نیپه ، سەرکردەکانی شورەیی به ڕابەرایەتی لینین له کۆنگرەی ١٠ ی پارتی کۆمۆنیستی شورەیی له ساڵی ١٩٢١ دا پەسەندییان کرد و بڕیارییان

لەسەردا . به گوێرەی ئەم سیاسەته ئابورییه نوێیه ، پڕۆژەی ئابوری ووڵات له دەست بەسەرا گرتنی زیاده له پێداویستییەوه هاته سەر سەپاندنی باج بەسەر زیادەی بەرهەمدا ، واته دەست بەسەردا گرتن به بەرژەوەندی باج وەرگرتن گۆڕا ، ئەمەش سەرەتای ڕیفۆرمی ئابورییه له بیرو ئابوری سۆسیالستی . بەهۆی سیاسەتی نیپەوه جوتیاران دەیان توانی زیادەی بەرهەمەکەیان له بازاردا بفرۆشنەوه ، له هەمان کاتدا بازرگانانیش بۆیان هەبوو زێده بەرهەمەکانییان لێ بکڕنەوه و له بازاڕدا

بیفرۆشنەوه، بەمەش مامەڵەو بازاڕ جوڵەیان تێکەوت ، هەروەها بڕیاری دامەزراندنی کۆمپانییای هاوبەش له نێوان دەوڵەتی شورەوی و سەرمایەدارانی ناوخۆو دەرەوه درا ، وەک هەنگاوێک بۆ پشتگیری کردن له سەرمایەگوزاری ناوخۆو دەرەوه . ترۆتسکییەکان لەو کاتەدا ئەمەیان به پاشگەزبوونەوه له سۆسیالیزم و به گەڕانەوه بۆ سەرمایەداری ناو زەد کرد و ڕەخنەی توندییان لێی گرت و به تەسلیم بوون به سەرمایەدای ناویان برد ، بەڵام باڵی بوخارین پێشوازی گەرمییان لەم چاکسازییانه کرد و داوایان کرد پڕۆژه گەورەکانیش بسپێردرێني به سەرمایەداران (من وحي كتاب فهد- ممارسة لينين الاقتصادية الجديدة-نيب-حسقيل قوجمان-حوار تمدن عدد ٨١٤-٢٤-٢-٢٠٠٤).

پەیرەو کردنی سیاسەتی نیپ له ئەنجامی ئەو هەلومەرجه خراپەیا بوو که ئابوری سۆڤییەت و هاوپەیمانییەتی کرێکاران و جوتیاران پێیدا تێپەڕی . ساڵی ١٩٢١ کۆی بەرهەمی پیشەسازی سۆڤییەت تەنها ٣١٪ ی ساڵی (١٩١٣)ه بوو ، بەرهەمی کشت وکاڵ تەنها ٦٠٪ وگواستنەوه به شەمەندەفەر ٢٥٪ ....، زۆربەی کارگەو کارخانەکان به تەواوی له کار ڕاوەستابوون ، ژمارەی چینی کرێکار دابەزی بۆ نیوه (خەڵک لەبەر برسێتی سەریان هەڵگرت) ، کرێکاران کارخانەکانییان بەجێ هێشت. هاوکات جوتیارانیش نارازی بوون به سیاسەتی کۆمۆنیستی جەنگی و دژ به دەست بەسەراگرتنی به زۆری خۆراک وەستانەوه (صناعة الدولة في الاتحاد السوفيتي في المرحلة الانتقالية -افداكوف، بورودين - دارالتقدم ١٩٧٧-ص١٢٨-١٢٩).

ساڵی ١٩٢٠ پیشەسازی ٦بۆ٧ جار کەمتر بوو له پێش جەنگ (جان ایلنشتاین-ترجمه د.مجید راچی- ڤاهره ستالین-دار المدی -١٩٩٦ ل٥٤) ، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر ترسناکه له بواری ئابوریدا ، ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوه ئەوا کارەساتی مرۆیی به دوادا دەهات .

سۆسیالیزم ئەگەر کاری بووه دابەشکردنی هەژاری بەسەر هاوڵاتییاندا ، ئەوکات دەکەوێته بەر نارەزایەتی جەماوەر ، به زەبرو زەنگ نەبێت ناتوانێت خۆی بپارێزێت لەو نارەزایەتییانه ، کۆرییای باشور نموونەی ئەم سیاسەتەیه .

لینین له کۆنگرەی ٧ ی بەلشەفیکەکان ووتی- سانایه دەسەڵات بەدەستەوه بگریت ، بەڵام دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالیستی گرانه . هەروەها لینیین له وەسیەتنامەکەیدا به پوختی باس ئەوه دەکات له ڕۆژئاواوه فێر بن ، سەرمایەداری دەوڵەتی بەکار بهێنن ، دژ به بیروکراسییەت بن ، هانی بەرهەم هێنان بدەن .... هەموو ئەمانه ژێر خانی سۆسیالیزم دیاری دەکەن ، ئەمەش ١٠-٢٠ ساڵی پێویسته بۆ گەیشتن پێی.

له سەردەمی نیپدا ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری به دوو ئەندازەی گەشەکردنی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوسای وەک فەرەنسا بوو ، جوتیاران به گشتی ژیانییان باش بووەوه ، زۆر کۆمپانیای بچوک دامەزرا ، جیاوازی کرێ گەیشته ١ بۆ ١٢ .

بوخارین یەکێک بوو لەوانەی به سەختی داکۆکی له سیاسەتی نیب و چاکسازییه ئابورییەکان دەکرد ، دواجاریش بووه قوربانی داکۆکی لەم بۆچونانەی ، تەنانەت مەکتەبی سیاسی بەلشەفی و کۆلاک و جوتیارانی ناوەنجی و پیاوانی نیب (بازرگان ، دەلال ي، پیشەسازییەکان- ناونرابوون به پیاوانی نیب) هەموو پێکەوه بوونه قوربانی سیاسەته ئابورییه نوێکانی پاش ساڵی ١٩٢٨ ، له کۆی ٢٦ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١١ ه هەمین ، ١٧ ەیان هەڵواسران یاخود زیندانیکران یان شوێنبزرکران (ل١٤١-١٤٢ جان ایلنشتاین-ترجمه د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی-١٩٩٦).

بوخارین پێش شۆڕش به ناڵه خۆشەویستەکەی حیزب ناو دەبرا (جان ایلنشتاین-ترجمه د.مجید راچي- ڤاهره ستالین-دار المدی-١٩٩٦ ١٤٩). لینین نەک به بیرمەندی گرنگی ناو پارت ناوی دەبرد ، بەڵکه به خۆشەویستی ناو پارتیشی دەزانی (جان ایلنشتاین-ترجمه د.مجید راضي- ظاهره ستالین-دار المدی-١٩٩٦ -ل ١٤٨).

بوخارین له نوسیەکانی ساڵانی ١٩٢٨-١٩٢٩ ی خۆیدا باسی لەوه دەکرد دامەزراندی سستەمی سۆسیالیستی پێویستی به چەندین دەیەیه ، ئەم بۆچونەشی پشت ئەستور بوو به بۆچونەکانی لینین(ل٧٧ جان ایلنشتاین- ترجمه د.مجید راضي- ظاهرة ستالین-دار المدی - ١٩٩٦).

له سەردەمی نیپدا له ئەنجامی ئەو چاکسازییانه بەرهەمی کشتوکاڵ زیادیکرد ، بەهەمان شێوه پیشەسازیش پەرەی سەند و چووه سەر(ل٤٦ جان ایلنشتاین-ترجمه د.مجید راچي- ڤاهره ستالین-دار المدی-١٩٩٦).

کەواته لەم چەند ڕستەیەوه گەیشتیینه ئەو باوەڕەی ڕیفۆرم و چاکسازیی له سۆڤییەت پێش چینی میللی و تەنانەت پێش دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی چینی پەیره و کراوه و مشت و مڕی گەورەی لەسەر بووه و قوربانی گران بەهای بۆ دراوه .

ماوتسی تۆنگ باوەڕی وابوو چین دەتوانێت له ماوەی ١٠ ساڵدا له سەرمایەدارییەوه هەنگاو بنێت بۆ کۆمۆنیزم (بول سمیندی-الاستعداد للقرن واحد والعشرین-ترجمه محمد عبدالقادر -١٩٩٣-ص٢١٨) . هەرچەنده ئاستی پێشکەوتنی چین زۆر له دواوه بوو ، وڵاتێکی دواکەوتوو، ڕێژەی بەشداری پیشەسازی له بەرهەم هێنانی نەتەوەیی ووڵات زۆر له خوار بوو ، ئەم بۆچونه له چاو تێڕوانینەکانی لینیین بۆ دامەزراندن سۆسیالیزم به تەواوی پێچەوانه بوو .

له کاتێکدا خرۆشۆف باسی لەسەر نەکەوتنی ئەزمونی کێڵگه به کۆمەڵەکان (کۆلخۆزات) دەکرد له ولاتی سۆڤییەت ، لەوکاتەدا ماو بڕیاری دا زەوی هەموو بگەڕێنێتەوه بۆ کۆمەڵ - دارالفکر العربی-ظاهرة-جولة فی الصین-کارل اسکلوند-ترجمة عمر الاسکندري-ص ٩٠).

(ئەو زەوییانەی دران به جوتیاران هەموو لێیان سەنرایەوەو کران به موڵکی دەوڵەت) (دارالفکر العربي- ظاهره-جولة فی الصین- کارل اسکلوند-ترجمة عمر الاسکندري-ل ٩١).

له دوای مەرگی ستالین سۆڤییەتییەکان ئیدانەی سیاسەتەکان ستالینییان کرد. کۆنگرەی بیستی حیزبی شیوعی سۆڤییەتی که ئیدانەی پەرستنی تاکەکەسی کرد (دەروازەیەک بۆ هزرنامەی لویس ئەلتۆسێر -برتراند ئوجیلفی ل٨- کتێبی گیرفان -سەردەم -وەرگێڕانی- سابیر ڕەشید).

به هەمان شێوه له سەرەتادا ماو له ستالین توندڕەو تر بوو بەرامبەر سیاسەته جیهانییەکان ، زۆرمان ئەم ڕسته بەناوبانگەمان بیستووه که هەرایەکی گەورەی نایەوەو بوه یەکێک له خاڵەکانی دابڕانی هەردوو وڵات (ئیمپریالیزم پڵنگی سەر کاغەزه) ، له بەرامبەردا ستالین باوەڕی وابوو ڕاسته ئەمپریالیزم پڵنگی سەر کاغەزه ، بەڵام هاوکات ددانەکانی ئەتۆمییه.

چاکسازییەکانی سەردەمی بیرۆسترۆیکا له سۆڤییەت به سیاسەت دەستی پێکرد ، پاشان لەسەرخۆ چووه ناو ئابورییەوه و به دزی و تاڵان گەیشت و هەژاری لێکەوتەوه ، به پڕۆژه چووه ناوسیاسەتەوه ڕما بەسەر ئابوریدا . بەڵام چاکسازییەکان له چین له سیاسەتدا به خوێن دەستی پێکرد و له ئابورییدا به نەخشه دەستی پێکرد و به سەرکەوتوویی گەرەوەکەی بردەوه. غۆرباتشۆف به لیبراڵیکردنی سیاسەت دەستی پێکرد بەڵام ئابوری وێرانکرد ، بەڵام دینگ به لیبراڵی کردنی ئابوری دەستی پێکرد ، هەوڵی چاکسازی سیاسی له تیان مین خەڵتانی خوێن کرد .

ئەگەر بەڵای کاک مەلا بەختیارەوه چینییەکان نەرم ڕەو بوونەو تا ئێستا ئەوکەمه نمونەیەی من نەیتوانیبێت ڕاستی بۆچونەکەم بسەلمێنێت ، با چاوێک به پەرتوکی کۆمۆنیزمی ڕەش بخشێنیین ، بزانیین قەڵەم بەدەستانی دژ به کۆمۆنیزم هەڵوێستییان چییه لەسەر ئەم نەرم ڕەوییەی چین و چۆن ئەم جۆره بۆچونه هەڵ دەسەنگێنن.

ئەوان زیانه مرۆییەکانی کۆمۆنیزم له جیهاندا ئاوا سەر ژمێری دەکەن.

٢٠ ملوێن له یەکێتی سۆڤییەت ، ٢ ملوێن له کەمبۆدیا ، ٢ ملوێن له کۆریا ، ١ی٧ ئەزمونەکانی کۆمۆنیزم له ئەفریقیا ، ١یه ملیۆن له ئەوروپای ڕۆژهەڵات ، ١ ملیۆن له ڤێتنام ، ١٥٠٠٠ له کوبا ، ژمارەی قوربانییانی کۆمۆنیزمییان له چین به ٦٠ ملوێن دیاری کرد ، ئەم ئامارەش دوو ئەوەندەی قوربانییانی کۆمۆنیزمه له هەموو جیهان . واته قوربانییانی دەست کۆمۆنیزمه نەرم ڕەوەکەی کاک بەختیار دوو ئەوەندەی هەموو قوربانییانی کۆمۆنیزمه توندڕەوەکانه له هەموو جیهان و سێ ئەوەندەی سۆڤییەته ، که بەشێک زۆر له قوربانییەکانی سۆڤییەت هی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمه ، قەڵەم به دەستانی بۆرژوازی قوربانییانی جەنگه ڕزگاریخوازانەکانیش به قوربانییانی دەست کۆمۆنیوم دەزانن (ابواب-عدد ١٨-کتاب الشیوعیه الاسود-تقدیم جورج طرابیشي-دار الساقي).

نووسەرانی ئەو پەرتوکه هەموو له و کۆمۆنیسته فەرەنسیانەن له دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوه گێڕییان گۆڕییەوه .

پارتی کۆمۆنستی چینی وەک پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی پێش سەرکەوتنی شۆڕش له باڵی سیاسی جیا جیا پێک دەهات . له پارتدا دینگ باڵی ڕاست بوو ماویش باڵی چەپی ناوەند .(بعض قضایا للمستقبل-تاملات حول تحدیات العالم المعاصر-بیروت ، دار الفارابی-١٩٩٠- ص٥١). بوونی باڵی جیاجیا له ڕیزی هەر پارتێکدا ، شانسی ڕیفۆرم له کاتی پێویست دەدات بەو ڕێکخستنه.

دوای مردنی ستالین له کۆنگرەی ٢٠ دا ڕەخنەی توندی لێگیرا . له چینیش ژنەکەی ماو خرایه زیندانەوه ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیه پەرستنی سەرکرده نەبووه له چین . (بیان ٦-٣-٢٠٠٤ محمد فراج ابو النور-معجزة الاقتصادیة الصینیة). که پەرستنی سەرکرده نەبێت ئەوا دەرگای گۆڕانکاری والایه.■

laparakan.qxd 3/28/2005 6:05 AM Page 11

شانۆگەری (ئۆتەیل - Othello) شەکسپیر.. لەتەرازوی لێکۆڵینەوەو رەخنەدا..

هەڵگورد عارف مەحمود

بەشی یەکەم

□ زۆر بۆچونی جیاواز هەیە لەرەخنەو لێکۆڵینەوە دەربارەی شانۆگەری ئوتەیلی شەکسپیر.. ئەم شانۆگەریە بەو کۆتاییە خەمۆک و دڵتەزێنەی یەکێکە لەشانۆگەریە ناودارەکانی کەهەموو ساڵێک چەند جارێک لەسەر تەختەی چەند شانۆیەکی ناوداری جیهان نمایش ئەکرێت..

لەمێژووی سینەماشدا چوار جار دەرهێنراوەو کراوە بەفیلمی سینەما..

یەکەم جار/ لەساڵی ١٩٥١ لەلایەن کۆمپانیای (میرکوری فیلم - Mercury Film) کە بەرهەمێکی ئەمریکیوفەرەنسی هاوبەش بولەدەرهێنان و نواندنی هونەرمەندی سینەمای بەتوانا (ئورسون ویلز - Orson Welles) و بە بەشداری هەریەک لە (مایکل ماکلیامویر - Maichael Macliammoir) و (فای کومپتون - Fay Compton)

دووەم جار/ لەساڵی ١٩٦٥ دا لەلایەن کۆمپانیای سینەمای (ب. ئیچ. ئی - BHE) ی بەریتانی و لەدەرهێنانی (ستوارت بورج - stuart Burge) و لەنواندنی ئەکتەری شانۆیی ئینگلیزی (لورنس ئولیفیە - Laurence Olivier) کە ناوبانگە بەئەکتەری نواندنی رۆڵەکانی شانۆگەری و کارەکانی نوسەری ئینگلیزی ناودار (ولیام شەکسپیر - William Shakespear)

سێیەم جار/ لەساڵی ١٩٨٦ لەلایەن کۆمپانیای (کانون رای - Cannon Rai) کە بەرهەمێکی ئەمریکی و ئیتالی هاوبەشە لەدەرهێنانی دەرهێنەری ئیتالی ناودار: (فرانکو زفریلی - Franco Zeffirelli)و لەنواندنی (پلاسیدو دومینگو - placido Domingo) و ژنە ئەکتەر (کاتیا ریسیاریلی - Katia Riccarelli) و (جوستینودیاز - Justino Diaz)

چوارەم جار لەساڵی ١٩٩٥ لەلایەن کۆمپانیای (رایل ستار - R. Star) لەدەرهێنانی (ئولیفر بارکر parker Oliver) و لەنواندنی (لورانس فیشبورن - Fishburne Laurence) و (ئارین جاکوپ - Irene Jacobe) و (کینیپ برانان - Kenneth Branan)

(تێبینی/ فیلمی چوارەم بەکاسێتێکی ئورجینال و بەتەرجمەی عەرەبیەوە لای من هەیەو لەدەرفەتێکدا لەیەکێک لەکەناڵە تەلەفزیۆنە ناوخۆیەکان پیشانی بینەرانی خۆشەویستی ئەدەین).

ئەم شانۆگەریە پێویستی بەوردبینی و زانیاری قوڵ هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتیەکانی و وەک هەموو کارەکانی تری شەکسپیر پڕە لەکەسایەتیەکان و روداوی چڕوپڕ..

زۆر لەرەخنەگران وای بۆ دەچن کەدانانی ناوی (ئوتەیل) بەنازناوی شانۆگەریەکە شێوەیەک لەلایەنگیرێتی تیادایە لەلایەن شەکسپێرەوە بۆ ئوتەیل.. ئایا ئەو لایەنگیریتیە لەبەرئەوەیە ئوتەیل رەشپێستە.. یان خەڵکی ئەفریقایەو ئەم بابەتە خزمەتی دەقەکەی ئەکات؟.. بەڕای ئەوان (یاجو) پاڵەوانی سەرەکی ئەم شانۆگەرییەیەو هەر ئەمیش هەموو روداووەکان ئەبزوێنیت و ئەیان تەقینیتەوەو ئوتەیل تەنها ئامێیرێکی سەرلێشێواوە لەمستی یاجودا کەهەمووکارو رووداوەکان جێبەجێدەکات.. گەریاجو نەبوایە نە کارەسات و نە ئەو هەموو رووداوە دڵتەزینو خەمۆکیانە رویان نەئەدا لەم شانۆگەرییەی کەدەتوانین بیرو ناوەڕۆکەکەی لەم خاڵانەدا


شەکسپیر

کۆبکەینەوە:

١)ئوتەیل لەبنەڕەتدا خەڵکی مراکشە (مغرب) کەوڵاتێکی عەرەبیەو دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای کیشوەری ئەفریقاو مرۆڤێکی رەش پێستەو هاتوەتە شاری بندقیەی ئیتالی (فینیسیا) و لەسوپاکەیدا کاری کردوەو لەبەرلێهاتویی و ژیریتی بوە بەسەرکردەی ئەو سوپایەو لەدواییدا کچە شۆخێکی ئەو شارە بەناوی (دزدمونە) بووەتە هاوسەری لەگەڵ باوکی دزدمونە کەپلەو پایەی (دوق) ی هەیە رەزامەند بێت.

٢)حکومەتی بندقیە ئوتەیل دەنێرێت بۆ دورگەی (قوبرس) بەسەرکردایەتی سوپای ئەو شارە بۆ بەرەنگاربونەوەی سوپای عوسمانیەکان کەبەژمارەیەکی زۆر لەکەشتیەکان بەنیاز بوون ئەو دورگەیە داگیر بکەن و بیکەن بە بەشێک لەئمپراتۆریەتی عوسمانی.

٣)ئوتەیلی سەرکردەی سوپا پوستی (یاوەری) داوەتە (کاسیو) و پوستی هەڵگری (ئاڵا) شی داوەتە (یاجو).

ئەم کارو بڕیارەش لەگەڵ (ئەطماعی) یاجو ناگونجێت و پێی رازی نیەو بگرە بەمە نیگەرانە.

٤)یاجو دەستی کردوە بەژەهر بڵاوکردنەوەو رشتن و دووبەرەکی نانەوەو رێگای چەوت و نابەجێی گرتوەتە بەر بۆ هێنانەدی ئامانجە گڵاوەکانی.. لەئەنجامداو لەیەکەم هێنانەدی ئەو مەرامانەی بێ باوەڕی و دڵ کرمیی لەدەرونی ئوتەیل دا چاندو وای لەئوتەیل کرد (کاسیو) لەسەر پۆستی یاوەڕی لابدات.

٥)(یاجو) توانی دەستەسڕەکەی (دزدمونە)ی دەستکەوێت کەبەهاترین دیاری (ئوتەیل)ە بۆ (دزدمونە).. ئەو دەستە سڕەی فڕێدایەماڵی (کاسیو) بەشێوەیەکی نهێنی.

٦)جارێکیتر (یاجو) گەمەی ژەهراوی درێژەپێدا بە بەکارهێنانی دەستەسڕەکە بۆ کەمێک ساردکردنەوەی گڕو تینی ئاگری رقو کینەی دەرون ناخی، بەوەی ئاگاداری (ئوتەیل)ی کرد کە (دزدمونە) دەستەسڕەکەی بەدیاری داوە بە (کاسیو).

٧)ئوتەیل بەشێوەیەک تورەو نارەزا دەبێت بەم بابەتی دیاریکردنی دەستەسڕە لەسەر گوتەو پلانی گڵاوی (یاجو) کەبەرچاوی تاریک دەبێت و چرای ئەقڵی دەکوژێتەوەو ئارامی لەدەست ئەدات و دەست بەجێ (دزدمونە) ی بێ تاوان دەخنکێنی.. و لەدوایشدا خۆی ئەکوژێت و (یاجو)ش دەستگیر دەکرێت لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا ئەویش بەحەقی خۆی ئەگات و دەکوژرێ.

شانۆگەری ئوتەیل کۆمەڵێک کەسایەتی سەرەکی دیارو بەکرداری لەخۆگرتووە کەهەر لەیەک خاڵدا کۆبوەتەوە کەخاڵێکی دانسقەیە لەبزواتیا یەکدەگرنەوە ئەویش دەستەسڕەکەی (دزدمونە)یە کەبزوێنەری سەرەکی رووداوەکانە بەدەست (یاجو) وە..

ئەم دەستەسڕە رۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەر دەبینیت..

بزوێنەری سەرەکی ئەو مەرامەیە کەهەموو گەرەکیانەو خاڵی یەکگرتنەو خوێن بەر بۆ وزەی بزوێنەری هێڵە رون و ئاشکراکان کەبەپلەی یەکەم خۆی لەکەسایەتی (ئوتەیل) و (دزدمونە) و (کاسیو) و (ئیمیلیا)دا دەبینیتەوە.

بەهۆی ئەم دەستەسڕەوە (یاجو) توانی ئایندەو دوارۆژی (ئوتەیل) بڕمێنێت.. دوارۆژی پیاوێکی خاوەن ویژدان و دڵو دەرون پاک کە لەباکوری ئەفریقاوە هاتوەتە شاری بندقیەو لەسوپاکەیدا کاری کردووەو بەهۆی ئازایەتی.. ژێریتی.. چالاکی و پتەوی لەشولاری پێشکەوتووە تا گەیشتوەتە پلەی سەرکردەی یەکەمی ئەو سوپایە.

ئوتەیل، دزدمونە دەکاتە هاوسەری خۆی لەگەڵ ئەوەشدا کەباوکی دزدمونە (دوق برابنسیو) رەزامەند نیە.. بەڵام لەوکاتەدا لەبەر پێویستی زۆری حکومەتی بندقیە بەخزمەتی ئوتەیل وەک سەرکردەی سوپاو دەرچوونی بڕیار لەئەنجومەنی باڵای شارەوە کەبەرزترین دەسەڵاتە بەناردنی ئوتەیل و سوپا بۆ دورگەی قوبرس بۆ بەرەنگاربونەوەو وەستانی پەلاماری سوپای عوسمانیەکان ئەو نارەزایی و نائارامیەی باوکی دزدمونەی رەواندەوە.

بابەتی هاوسەرێتی (ئوتەیل) و (دزدمونە) لەڕاستیدا بابەتێکە بەپلەی دووەم دێت گەر بەراوردی بکەی لەگەڵ هەڕەشەی سوپای عوسمانیەکان بۆ سەر دورگەی قوبرس.. گەر ئەو روداوو هەڕەشەیە نەبوایە ئەوا ئەم بابەتی هاوسەرێتیە دەبو بەبابەتێکی ئاڵۆزو مایەی سەریەشەیەکی گەورە بۆ ئوتەیل.. ئەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێت کەباوکی دزدمونە خاوەن کەسایەتی و دەسەڵات بو وەیەکێک بو لەئەندامانی لیژنەی باڵای شار.. رەزامەند نەبوونی کێشەی گەورەی بەدواوە دەبو..

کاندیدکردنی ئوتەیل بۆ قورسترین کارو فەرمانی سەربازی کەچ بەهایەکی گەورەی هەبوە لای حکومەتی شاری بندقیە لەبەر ژیری و لێهاتویی و ئازایەتی و دلێری وکۆبونەوەی هەردوو لایەنی ئەقل و هێز لەم تاکە کەسایەتیەدا.. بەڵام سەرکەوتنی هەڵگری ئاڵا (یاجو) لەچاندنی بیروکەی خیانەت لەناخی ئوتەیل دا بەئاسانی و بێ گرفت و بێ لێکدانەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەبەڕاستی ئوتەیل وەک بەرخولەیەکی بچووکە بەدەست (یاجو) وە.

ئوتەیل دزدمونەی خۆشەویست لەکاتێکدا کەمرۆڤێکی خاوەن بیرو هۆشەو تەمەنی لەچل ساڵ تێپەڕیوە.. تاڵی و شیرینی لەژیاندا چێشتووە لەقۆناغە قورس و گران و ئاسانەکاندا.

هەموو کۆسپێکی بڕیوە چەندە سەختیش بوبێت.. هەموو رووداوە گەورە و بچوکەکانی تاقی کردوەتەوە.. بەڵام ئێمە بەپێچەوانەی ئەم هەموو نموونانەوە رەچاوی دەکەین چونکە لەیەک گرفت و کێشەداو کاتێک یاجو بوختان و درۆ هەڵدەبەستێ دژ بەدزدمونە دەبێتە کەسایەتیەکی تر.. کەسایەتیەکی تورە و هەڵچو کە هەموو ئارامیەک لەدەست ئەدات و ناتوانێت کۆنترۆڵی مێشک و ئەقڵ و رەفتاری خۆی بکات و خەوو خۆراکی لێهەراسان دەبێت.. وەک منداڵێکی لێدێت هاوارو گریانی دەگاتە ئاسمان کاتێک ئەو بوکە شوشەیەی بەدەستیوەیەتی بەزۆر لێیبسەنیت..

لێرەدا دەپرسین ئایا تا چەند سنوری خۆشەویستی و دڵپیسی لای ئوتەیل بەرامبەر هاوسەرەکەی دزدمونە درێژ بۆتەوە؟..

بێگومان لەهەمان کاتدا لێکدانەوەو ئەقڵ و هۆش هەیە.. پرسیارو وەڵام و لێپرسینەوە هەیە.. ئایا سەیرو سەمەرە نیە کەسایەتیەک وەک ئوتەیل بەم ئاستە لەژێریتی و لێهاتویی و بەئەزموون.. لەناکاو بگاتە ئەم ئاستە لەساکاری و بێهۆشی و نەفامی.. کە ئەبوایە دروستکراوی وا لوژیکی لەم شانۆگەریەدا بەم شێوە ساکارە نەبوایە.. شەکەسپیر نەدەبو دوو کەسایەتی لێکجیاوازی دور لەیەکی لەیەک کەسایەتیدا کۆبکردایەتەوەو ناوی لێبنایە (ئوتەیل) و پەتی مبالغە بەم شێوەیە درێژ بکاتەوە کەبەساکاری و بەئاسانی بەبی لوژیک دەڕوات تاساتی کوشتنی دزدمونە بەدەستی ئوتەیل..

ئەو گیرەشیوێنیەی (یاجو) لەیەکەم ئاهەنگی سوپای بندقیە بەرپای کرد کەبەبۆنەی سەرکەوتن و تێشکاندنی هێزی دەریایی عوسمانیەکانەوە لەقوبرس سازکراو بەئاسانی بۆی چوە سەر.. ■

مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

وولف، هۆجۆ

(١٨٦٠-١٩٠٣)

ئا: باران

□ دانەرێکی نەمساوییە، لە سیانزەی ئازاری ساڵی ١٨٦٠ لە فیند شجراز لەدایک دەبێت. باوکی رۆڵکی سەرەکی دەبێت لە چۆنیەتی لێدانی کەمانچەو پیانۆ، بەڵام خوێندنی بەشێوەیەکی گشتی، نارێکوپێکی پێوە دیارە، هەر بۆ نمونە، لەسێ خوێندنگەی جیاجیا، دەردەکرێت.

باوکی بەناچاری ساڵی ١٨٧٥ دەینێرێتە لای باپیرەی لە ڤییەنا، لەوێندەرێش لە کۆنسرفاتوار دەست بەخوێندن دەکات، بەڵام دوای دوو ساڵ لێرەش دەردەکرێت، لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ بەرێوەبەری کۆنسرفاتوار، نێوانیان تێک دەچێت. هەندێ لە هاورێکانی، کەیەکێکیان دەبۆریۆ، کەیەکێک بووە لە یاریدەدەرانی فرۆید، هەروەها چاودێری باری تەندروستی فرۆیدیشی کردووە. کاری مامۆستایی فێرکردنی موزیک بۆ وولف دەدۆزێتەوە. لەم کارەیشیدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بۆیە هەرزوو دەستی لێ هەڵدەگرێت.

ساڵی ١٨٨٠ دەبێت بەسەرۆکی ئۆرکسترای دووەم لە شانۆی سالزبورگ. لێرەشەوە، لەگەڵ بەرێوەبەری شانۆکە، نێوانی تێک دەچێت و ناچار واز لەم کارەش دەهێنێت.

ساڵی ١٨٨٧، کاتێک باوکی وولف کۆچی دوایی دەکات، باری دارایی روو لەخراپی دەکات. کەسیش نایگرێتە خۆی لەبەر هەڵسوکەوتە ناخۆش و پڕ لەتوندو تیژیەکەی. بۆیە تەنیا کارێک کە زیاتر لە سێ ساڵ تیایدا ماوەتەوە، لە گۆڤاری wiener salonblatt بۆتە رەخنەگر. هەر لێرەشەوە، بەهۆی ئەو زنجیرە وتارە رەخنەییانەی کە بەشێوەی توند هێرشی کردە سەر براهمز. سەرنجی زۆری بۆلای خۆی راکێشا. بەتایبەتیش دوژمنی لایەنگرانی مامۆستای خوێندنگەی کلاسیکی، بەڵام نەیتوانی لایەنگرانی فاگنەر رازی بکات، سەرەرای ئەوەش وولف، زۆر لەژێر کاریگەری فاگنەردا بووە.

خاڵێکی وەرچەرخانی تر لەژیانی وولف، رووەو دنیای ئاواز دانانە، ئەمیش لەساڵی ١٨٨٨ تەنها بۆ ماوەی سێ مانگ، چل و سێ ئاواز، بۆگۆرانی ئەڵمانی دادەنێت، ئەمانیش لەشیعری شاعیران، موریکە، گۆتە، ئەمجارەیان بەرەو نوسینی ئۆپێرا دەچێت، یەکەم بەرهەمیش بریتی دەبێت لە Der Gorregidor کە تەنها لەماوەی سێ مانگدا، لەدانانی دەبێتەوە. بەڵام شانۆکانی ڤییەناو براگ و بەرلین، نایەڵن تیایدا پێشکەش بکات، لەکۆتاییدا تەنها شانۆی مانهاین رازی دەبێت تیایدا پێشکەش بکرێت. سەرەتا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەڵام دوای دابرانێکی زۆر لە پێشکەش کردندا، وولف، توشی بێ هیواییەکی زۆر دەبێت، ئەمەش دەبێتە مایەی هیلاک بوونێکی سایکۆلۆژی زۆر بۆی، بۆیە سەرەتاکانی شیزۆفرینیای لێ دەردەکەوێت، ساڵی ١٨٩٧ بۆ ماوەی چوار مانگ لەنەخۆشخانەی تایبەت بەنەخۆشیەکانی شیزۆفرینیا دەمێنێتەوە. دوای ساڵێک هەوڵێکی خۆکوشتن دەدات، لەرووباری دانوی، بەڵام ئەم هەڵەی سەرکەوتوو نابێت، بۆیە هەر لەسەر داوای خۆی دەچێتەوە بۆ نەخۆشخانە، لێرەشەوە چوار ساڵی تیادا دەمێنێتەوە، ساڵێک بەر لەمردنی تووشی شەلەل دەبێت، بۆیە لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٠٣ کۆچی دوایی دەکات، هەر لەسەر پێشنیاری خۆی لەتەنیشت بتهۆڤن و شوبرت دەینێژن. ■

پەیامی ڕۆژی جیهانی شانۆ

٢٧مارس ٢٠٠٥

ئاریان منوشکین

ن/ ئاریان منوشکین

و/ کۆڕی شانۆی با

فریامکەوە!
شانۆ، وەرە بەهانامەوە
من نوستوم، خەبەرم بکەرەوە
من لەم تاریکییەدا وێڵم، رێ نیشاندەرم بە، هیچ نەبێت بەرەو مۆمێک
من تەمەڵم، شەرمەزارم بکە
من ماندووم، هەڵم بسێنەوە
من بێباکم، بەئاگام بێنەوە
من هەر بێباکم، لێمبە
من ترسنۆکم، هانمبە
من نەزانم، فێرم بکە
من درندەم، بمکە بە ئینسان
من حەزم لەخۆ دەرخستنە، لەپێکەنیندا بمکوژە
من رەشبینم، ورەم بەرێ
من گێلم، بمگۆرە
من بەدم، سزام بە
من زاڵو ناچیزم، لەگەڵم بەشەر بێ
من چەنەبازم، گاڵتەم پێبکە
من بەرەڵام، راستم بکەرەوە
من لاڵم، زمانم بەربدە
من چیدی خەون نابینم، وەک ترسنۆکو دەبەنگ مامەڵەم بکە
من بیرم نەماوە، یادەوەریم بدەرەوە
من پیرو پەککەوتەم، بۆ منداڵیم بمبەرەوە
من قورسم، موزیکم بەرێ
من غەمبارم، خۆشیم بۆ بێنە
من کەڕم، کارێک بکە ئازار وەک زریان بزریکێنێ
من بێ ئۆقرەم، کارێک بکە دانایی لەناخما دەرکەوێ
من بێ بڕستم، هاورێیەتی داگیرسێنە
من نابینام، هەموو رووناکیەکان بانگ بکە
من دزێوی باڵی بەسەردا کێشاوم، دەرگا واڵا بکە با جوانی داگیرکەر بێت
من کینە کۆتیکردوم، گشت هێزەکانی خۆشەویستی ئازاد بکە

KORÎ ŞANOY BA
THEATER OF WIND

تۆپی دەستی شاری سلێمانی سەرسوڕهێنەرە!

حەمە بچکۆڵ

□ لەچوارباخ دا.. لەم گەڕەکە میللییەی شاری سلێمانیدا، کەتائێستا بەپایەختی وەرزشی شاری سلێمانی دائەنرێ بەهۆی ئەوەی کەیاریگای سەرەکی شار لەم گەڕەکەدایە، تیپ و وەرزشکاری زۆر بەهرەمەندو بەتوانای تیادا کۆبۆتەوە، لەو تیپانە.. تیپەکانی تۆپی دەستی یانەکانی شاری سلێمانییە، بەتایبەتی یانەکانی "سلێمانی، سیروانی نوێ، پێشمەرگە، ئەزمڕ) کەزۆربەی هەرەزۆری یاریکەرەکانیان خەڵکی گەڕەکی چوارباخن، بەتیپی هەڵبژارەی پەروەردەی سلێمانیشەوە، ئەم تیپ و یاریکەرانەی تۆپی دەستی شاری سلێمانی دنیایەکی سەیرو سەمەرەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە لەدنیای تیپ و یاریکەرەکانی هەموو یارییەکانی تری شاری سلێمانی جیاوازە، جیاوازن بەرەوشتیان، بەنەریتیان، بەهەڵسوکەوتیان، بەخەم خولیایان بۆ ئارەزووە وەرزشییەکەیان، جیاوازن بەئاست و جۆری هاوڕێیەتییان، بەپەیوەندییەکانیان بەیەکتری و بەراهێنەرەکانیانەوە، بەهەڵچوون و داچوونیانەوە، بەدڵسافی و بێ کینەییانەوە،.. بەو گۆڵمەزانەیانەوە کەلەپڕو زۆر بەخێرایی ئەینێنەوە و بەڵام خێراتریش دائەمرکێنەوە، ئەم یاریکەرانەی تۆپی دەستی شاری سلێمانی کۆمەڵێ لاوی تەمەن جیاجیان بەڕاست و ڕەوانی ئاشقی تۆپی دەستن، هەمیشە لەسەر پێن بۆ مەشق و یاری،.. خوای ئەکرد لەسەعات دووی شەودا بێت، تەنیا ڕاهێنەرەکەیان بڵێ ئامادەبن،.. یەکسەر بێ سێ و دوو ئامادە ئەبن بەوپەڕی دڵخۆشییەوە، گەر پێیان بڵێین یارییەکەتان لەحەوت قولەی قافە، بێ دوو دڵی هەموویان بەکەیف و خۆشییەوە ئامادە و سازن.

ئەگەر پێیان بڵێین لەگەڵ یەکەمین تیپی ئاسایدا یاریتان هەیە هەموویان بەقریوە لێدانەوە کۆئەبنەوە و وا دێنە پێش چاو کە لەگەڵ تیپێک دا یاری ئەکەن کەلەئاستی خۆیان دایە..

لەهەموو ئەم شتانە سەیرتر ئەوەیە کاتێ ئەم یانانە لەناو خۆیان دا بەرامبەر یەکتر یاری ئەکەن، ئەوە ئەبێ بەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تیادا کوژراوە، گەرچی یارییەکە خول و قارەمانێتیش نەبێت، یاری دۆستانە بێت!، ئەمانە ئەوە نازانن!، بەوپەڕی کەف و کوڵ و توندوتیژییەوە یاری ئەکەن!، ئەڵێی تیپی فەلەستین و ئیسرائیلە و لەکۆتایی جامی جیهانی تۆپی دەست دا بەرامبەر یەکتر یاری ئەکەن، زرم و کوت، فاوڵ لەسەر فاوڵ، دەرکردنی دوو دەقیقەیی، کارتی زەرد، دوورخستنەوەی تەواوەتی، شەڕە قسە و توانج و پلار، بێگومان هەر ئەم داوەرە کۆڵنەدەرو بەئارامانەی سلێمانین کەبەرگەیان ئەگرن و هەر ئەمانیشن کەلەزمانیان ئەزانن و ئەشزانن کەی لێیان توڕە ئەبن و کەی خاو ئەبنەوە و لەکوێدا سزای یاساییان ئەدەن، بەڕاستی داوەرەکانی تۆپی دەست جێگەی ئەوپەڕی ڕێزن، زۆربەی هەرەزۆری داوەرەکانیشمان مامۆستان "جەعفەر ئەحمەد، ڕزگار عەلی، فەرەیدون مەحمود، جەزا غەریب، ڕەئوف عومەر حەمەخان، سیروان بەکر) و ئەوانیتر، بەڕاستی حەوت پەراسوویان لەخەڵکی ئاسایی زیاترە..

خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی ڕاهێنەرەکان، ئەوە جێگەی ئەوپەڕی سەرسوڕمانن، لەدەقیقەیەک دا حەوت جار قوشقی ئەبن، خاو ئەبنەوە، بەسەر یاریکەرەکانیان دا ئەقیژێنن، ڕەخنە لەداوەر ئەگرن، پەلاماری کاتگر "الموقت" ئەدەن، ئێخەی تۆمارکەر "المجسل" ئەگرن، .. ئیتر تا کاتی یاری زیاتر بڕوا بۆ پێشەوە پلەی توندوتیژی یاریکەرو ڕاهێنەرو داوەران و جەماوەریش بڵندتر ئەبێتەوە، هەندێ جار هەندێ لەسەیرکەرانیش تێوە ئەگلێن، بەڵام ئەوەی باشە ناوبژیکەرو کوڕی باش زۆرن، بەگورجی فریای بارودۆخەکە ئەکەون، ئاو ئەکەنەوە بەئاگرەکەدا..

ئیتر بارودۆخەکە بەم شێوەیە ئەگوزەرێ و داوەری دڵ گەورە و سنگ فراوان بەهەر فەلاکەتێ بێ کەشتی ئەم یارییە گرگرتووانە ئەگەیێنێتە کەناری دەریای دڵنیایی و کۆتایی، هەر لەگەڵ تەواوبوونی یاریش دا یاریکەران و ڕاهێنەران و داوەران هەموو باوەشی خۆشەویستی و برایەتی ئەکەن بەیەک دا "محەمەد عەبدوڕەحمان و کامەران حەسەن و ئاوات ئەحمەد فەقێ و سەلاح" و ئەوانیتر ئەکەونە ماچ و موچ و لەمەیش سەیرتر هەر هەموو یاریکەرەکان و ڕاهێنەرانی هەردوو تیپەکە و داوەرەکان و جەماوەر، پۆل پۆل بەقسەی خۆش و گاڵە و گەپ و شەڕە دەنوک و یەکتری تووڕەکردن بەیەکەوە ئەڕۆنەوە و هەروەکو هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، خۆئەگەر یاریکەرێکیش بریندار بووبێ، ئەوا هەندێ لەیاریکەرەکانی تیپی بەرامبەریشی لەگەڵ دائەچێ بۆ خەستەخانە، ئیتر لەوە و لاش هاوڕێیەتی و پەیوەندی و دۆستایەتی شەڕە چەپۆک و دەستبازی و گاڵتەجاڕی هەر بەردەوام ئەبێ!!.

بەڕاستی یاریکەرەکانی تۆپی دەستی ئەم شارە سەرسوڕهێنەرن، یاریگا قیربێ، تارتان بێ، کەش و هەوا گەرم بێ، یاخود باران بێ، ئەمان هەر ئەو ماڵەن، دەروێش و ئاشقی تۆپی دەستن، بەبادەی تۆپی دەست مەستن، شایانی باسیشە تۆپی دەست لەکۆتایی شەستەکان هاتە سلێمانییەوە و لەکۆتایی حەفتاکان و تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجامی زۆر گەورەیان لەسەر ئاستی خولی یانە نایابەکانی عێراق بەدەست هێناوە بەتایبەتی تیپی تۆپی دەستی یانەی سلێمانی.

ئێستاش گەر بێت و لەشاری سلێمانیدا هۆڵێکی تایبەت بەتۆپی دەست بکرێتەوە لەو بڕوایەدام کەپاش ماوەیەکی کورت بتوانین بچینەوە ڕیزی تیپە هەرە پێشکەوتووەکانی عێراق، .. ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەبەڕێز "هەڵگورد عارف" بۆ یەکەمین جار لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان دا یاری تۆپی دەستی هێنایە شاری سلێمانییەوە، بەڕێز "خەلیل ئیسماعیل" یش ڕۆڵێکی گەورەی بینی وەک ڕاهێنەر لەگەشەکردنی ئەم یارییەدا، هەروەها بەدرێژایی مێژووی ئەم یارییە چەندین یاریکەری یانەکانی سلێمانی یارییان بۆ تۆپی لاوان و پێشکەوتووانی هەڵبژاردەی عێراق کردووە..■



جەعفەر ئەحمەد
داوەری تۆپی دەست

ڕەئوف عومەر حەمەخان
داوەری تۆپی دەست

سیروان بەکر
داوەری تۆپی دەست

فەرەیدون مەحمود
داوەری تۆپی دەست و ڕاهێنەر

زریان جەمال
یاریزانی یانەی سیروانی نوێ

عەزیز رەشید ماڵئاوایی لیکردین

محەمەد عەلی سەعید

□ سەرلەبەیانی ٥شەممە ٢٠٠٤/٣/١٧ لەکاتی چونە فەرمانگە لەنزیک ماڵی خۆیان لەگەڕەکی کانێسکان مامۆستای وەرزشکار "عەزیز ڕەشید" کتوپڕ بەوەستانی دڵ گیانی لەدەست دا، مامۆستا عەزیز سەرپەرشتیاری پەروەردەیی وەرزش بوو لەچالاکی وەرزش و دیدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، ئەندامی یەکێتی ناوەندی جومناستیکی عێراق بوو، چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتی لەڕاهێنەرو داوەری جومناستیک دا بەدەست هێنابوو، ماوەیەکی زۆریش سەرۆکی یەکێتی ناوەندی جومناستیکی کوردستان بوو، جگە لەمە شارەزاییەکی زۆری لەبواری یاری گۆڕەپان و مەیدان دا هەبوو، مرۆڤێکی دڵپاک و بێ وەی و خۆشەویست بوو، نیشتیمانپەروەر بوو، ئەگەر دڵیشیان زویر بکردایە، ئەم هەرگیز دڵی کەسی زویر نەئەکرد، هەمیشە ڕووبەڕوو ڕاشکاوانە قسەی خۆی ئەکرد، دڵ و دەروونێکی بەرزو کەم هاوتای هەبوو، دەست و چاو پاک بوو، پەروەردەکەر بوو، چەندین ساڵ ڕاهێنەری تیپی جومناستیکی هەڵبژاردەی سلێمانی و یانەی وەرزشی بووە، چەندین یاریکەری جومناستیکی لەشاری سلێمانیدا پێگەیاندووە.

مامۆستا عەزیز لەساڵی ١٩٦٨ -١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە، لەقوتابخانەکانی چوارقوڕنە لەساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار بەمامۆستا دامەزراوە، پاش ماوەیەک گواستراوەتەوە بۆ ناو قوتابخانەکانی سلێمانی، لەکۆتایی حەفتاکانیش دا لەبەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی گیرساوەتەوە و تا دوا هەناسەی ژیانی بەدڵسۆزی خزمەتی وەرزش و قوتابیانی کردووە، با لەدنیا دەرچوونی ئەم مامۆستا مەزنە، وەرزشی کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی کادیرێکی بەتوانای وەرزشی لەدەس دا، .. هەزاران هەزار چەپکە گوڵ و سڵاو لەگیانی پاکی کاکە عەزیز بێت.■

خولی فوتبۆڵی بێچووە شێران کۆتایی هات

□ بەسەرپەرشتی یەکێتی فوتبۆڵی کوردستان پاش نیوەڕۆی ٣ شەممە ٢٠٠٥/٣/٢٢ لەیاریگای کۆمەڵگەی وەرزشی ئازادی سەر بەکۆمپانیای بەڕێز خولی فوتبۆڵی بێچووە شێرانی یانەکانی سلێمانی بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، ئەم خولەکەشەش تیپ بەشداری تیادا کردبوو، ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو:

تیپی یانەی سیروانی نوێی A یەکەم بوو.
تیپی یانەی سلێمانی دووەم بوو.
تیپی یانەی ئەزمەڕ سێیەم بوو.
تیپی یانەی پێشمەرگەی A چوارەم بوو.
تیپی یانەی سیروانی نوێی B پێنجەم بوو.
تیپی پێشمەرگەی B شەشەم بوو.

لەکۆتاییشدا سەرۆک و ئەندامانی یەکێتی فوتبۆڵی کوردستان خەڵاتیان بەسەر هەموو تیپە بەشداربووەکاندا دابەش کرد..

ئەم خولە لەگەڵ ئەوەش دا هەندێ لەتیپەکان یاریکەری بەتەمەنتریان هێنابوو لەو قۆناغە تەمەنییەی کەبڕیاریان لەسەردا بوو، ئەویش لەدایک بووانی ساڵی ١٩٩٢ بوون بەڵام ئامانجە پەروەردەیی و هونەرییەکانی خۆی پێکاو چەندین منداڵی زۆر بەهرەمەندو بەتواناو تەکنیک بڵند لەتیپە بەشداربووەکان دا دەرکەوتن، گەر بێت و زەمینەیان بۆ خۆش بکرێ ئایندەیەکی گەش لەدنیای فوتبۆڵ چاوەڕوانیان ئەکات.

دەست خۆشی لەیەکێتی فوتبۆڵێنی کوردستان ئەکەین، هیوادارین بەردەوام لەم جۆرە خولانە بۆ قۆناغە تەمەنییە جیاجیاکان بکاتەوە، تاکو بناغەیەکی تۆکمە و پتەو بۆ فوتبۆڵی کوردستان دابڕێژین.■

فوتبۆڵی سلێمانی و سیروانی نوێ کامیان مەنزڵ ئەبڕێ؟

گۆیژە

□ لەچوارچێوەی خولی فوتبۆڵی یانە نایابەکانی عێراق دا پاش نیوەڕۆی ٥ شەممە ٢٠٠٥/٣/٢٤ دوو یاری کرا، لەسلێمانی هەردوو یانەی سلێمانی و زاخۆ بە یەک گۆڵ بەرامبەر بوون، دوای ئەوەی زیاتر لەتایمێک تیپی زاخۆ بەدە یاریکەرەوە یاری یان کرد، لەبەرئەوەی یاریکەرێکیان لەنزیکی کۆتایی تایمی یەکەم کارتی سووری وەرگرت، بەمەیش سلێمانی بوو بە ١١ خاڵ و زاخۆش بووبە ٢١ خاڵ، لەهەمان ڕۆژدا و لەیاریگای هەولێر یانەی موسڵ بەسێ گۆڵ بەرامبەر بەیەک گۆڵ لەیانەی سیروانی نوێی بردەوە بەمەیش یانەی سیروانی نوێ وەک خۆی بە ١٣ خاڵ مایەوە، ئەمەیش زەنگی خەتەرە بۆ هەردوو یانەی سیروانی نوێ و سلێمانی، کەئێستا لەخواری خوارەوەی لیستی یانە پلە نایابەکان دان لەکۆمەڵەی خۆیان دا و لەم چەند یارییە کەمەی کەماویانە گەر بێت و ئەنجامی خۆیان چاک نەکەن ئەوا وەرزی ئایندە لەڕیزی یانە پلە نایابەکانەوە ئەکەونە خوارەوە بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی عێراق، کەئەمە لەئاستی حەزو ئارەزووی جەماوەری شاری سلێمانی و ئەو پشتگیرییە مادییە نییە کەهەردوو یانەی ناوبراو بۆ تیپەکەیانی ئەکەن.

هیوادارین لەم چەند یارییانەی کەماویانە ڕیزبەندی خۆیان چاک بکەن و دڵی جەماوەری شاری سلێمانی خۆش بکەن بەمانەوەیان لەڕیزی یانە پلە نایابەکانی عێراق دا. ئەمەیش کارێکی مەحاڵ نییە.■

خۆشحاڵی ئینگلتەراییەکان بەتۆمارکردنی گۆڵ لە ئێرلەندا

دۆڕاندنێکی دیکەی هەڵبژاردەی عێراق بەرامبەر ئوستورالیا ١- ٢

بەرازیلیەکان لەکاتێ مەشقدا